# تــيرۆری نێودەوڵەتــــی

# ( ســەرەتا و پەرەسەندن )

ساڵح عوسمان

٢٠٢١

ناوی کتێب: تیرۆری نێودەوڵەتی (سەرەتاو پەرەسەندن)
نوسینی: ساڵح عوسمان
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی بەرگ: پەروەر کەرکوکی
دیزاین: جەلیل حسێن
تایپ: لوقمان عەلی – ئیبراهیم حسێن
چاپی سێیەم: ٢٠٢١
چاپخانەی: بینایی
تیراژ: ٣٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە ( **٢٦٦٦** ) ساڵی ٢٠١٩ی دراوەتێ.

تیرۆری نێودەوڵەتی

(سەرەتاو پەرەسەندن)

**ساڵح عوسمان**

# ناوەڕۆك

پێشەکی چاپی سێیەم.......................................۷

**بەشی یەکەم:**

**واتای تیرۆر لە ڕووی چەمك و یاسایی و مێژووییەوە**..................۱٥

باسی یەکەم: واتا و پێناسەی تیرۆر ..............................۱٦

باسی دووەم: تیرۆر لە یاسای وڵاتاندا..............................۳۲

باسی سێیەم: مێژووی تیرۆر..................................٤۳

**بەشی دووەم:**

**هۆكارو پاڵنەرەکانی تیرۆر و جۆر و شێوەی تیرۆر**.....................٥۹

باسی یەکەم: هۆكارو پاڵنەرەکانی تیرۆر..............................٦۰

باسی دووەم: بڵاوبونەوەی تیرۆر..................................۷۷

باسی سێیەم: جۆرەکانی تیرۆر..................................۸٤

باسی چوارەم: شێوەکانی تیرۆر..................................۱۰٦

**بەشی سێیەم:**

**مەترسیەکانی تیرۆر و روبەڕوبوونەوەی**..............................۱۲۱

باسی یەکەم: مەترسی پەرەسەندنی تیرۆر..............................۱۲۲

باسی دووەم: ئەگەرەکانی ئایندەی تیرۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی.......١٤٢
باسی سێیەم: ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر......................١٤٧

**بەشی چوارەم:**

جینۆسایدی ئێزیدیەکان وەك گەورەترین تاوانی تیرۆرستان...............١٨٧
باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی جینۆساید...............................١٨٩
باسی دووەم: جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن داعشەوە...................١٩٥

**بەشی پێنجەم:**

**لێکەوتە و داهاتووی تیرۆر**...........................................١٩٩
باسی یەکەم: لێکەوتەکانی تیرۆر.........................................٢٠٠
باسی دووەم: داهاتووی گروپە تیرۆرسیتەکان............................٢٠٩
ڕێنماییەکان.............................................................٢١٦
کۆتایی و دەرئەنجام....................................................٢١٩
سەرچاوەکان.............................................................٢٢٥
نوسەر لە چەند دێرێکدا.................................................٢٣٢

# پێشەکی چاپی سێیەم

تیرۆر چەمکێکە بۆ هەر کارێکی توندوتیژی بەکاردێت، کە لەلایەن ڕێکخراوێك یان کەسێك یان گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئامانجی تێکدانی ئەمنی وڵاتێك یان گەیشتن بە ئامانجە سیاسیی و تایبەتیەکان بێت، یان بە مەبەستی گۆڕینی حوکمی وڵاتێك پەنا بۆ ئەو کارە دەبرێت.

مرۆڤایەتی بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان، بە شێوەیەك لەشێوەکان تیرۆری بەخۆیەوە بنییوە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە وەك چەمك، مێژوونوسان پێیان وایە تیرۆر لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵداوە، ئەو کاتەی ئەوروپا بە گشتی و فەرەنسا بەتایبەتی بە بارێکی قورسی سیاسیدا تێدەپەڕین و حکومەتەکانیش دژی هاوڵاتیان ترس و تۆقاندنیان بەکاردەهێنا، ئەو کات چەمکەکە بە (government by intimidation – حکومەت ترساندنی) ناوزەند دەکرا، بەڵام تیرۆر بە کردار مێژوویەکی درێژی هەیە و ناتوانرێت کاتێکی بۆ دیاری بکرێت، هەروەها بەهۆی ئەو مێژووە درێژاییەوە ئێستا تیرۆر پانتایەکی فراوانی لە سەرانسەری جیهاندا

داگیرکردووه، هەموو جۆرەکانی بەپێی مەبەست و بەرژەوەندی بەکاردەهێنرێت.

ئەوەی ئێستا مرۆڤایەتی روبەڕوی بۆتەوە، کەوتۆتە سەروو هەموو پێشبینیەکانەوە، تیرۆر شپرزەیی و راڕایی هێناوەتە کایەوە، لەهەموو کات و شوێنێکدا مرۆڤ دەخاتە نیگەرانییەوە، لەوانەیە ئەو مرۆڤەش بگرێتەوە کە لەبنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتانەوە نەبێت، کە تیرۆریستان هەوڵی بۆ دەدەن، وەکچۆن ئەو کەسە دەگرێتەوە کە تیرۆریستان باوەڕیان وایە کە پەیوەندی پتەوی بەو ئامانجانەوە هەیە کە ئەوان هەوڵی بۆ دەدەن، هەروەها هەر بە هۆی تیرۆرەوە هەندێك لەدەوڵەتانیش کەوتونەتە دۆخێکی نەخوازراوەوە، وەك عیراق و سوریا و یەمەن و چەندین وڵاتی دیکە، چونکە روبەڕووی دوژمنکارییەك دەبنەوە کە سەرچاوەکەی نەزانراوە، بۆیە لەهەر کات و شوێنێکیشدا بێت، دەشێت تیرۆر دەستی خۆی بوەشێنێت، بە ئاراستەی هەر مرۆڤێك کە مەبەستی بێت، ئەمەش بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن و هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراوی تیرۆرستانە.

تیرۆرستان بەگشتی بەتۆقاندنی جەماوەر زەمینەسازیی بۆ کارەکەیان دەکەن، یاخود ترس دەخانە ناو دڵی هەندێك کەس دوای

ئەوەی پەیامەکەیان پێ دەگات، تیرۆر لەرابردودا تەنها غافڵکوژیی (اغتیال) یاخود بریندارکردنی هەندێك کەسایەتی گشتی یان دیپلۆماتکارەکانی دەگرتەوە، بەڵام لەئێستادا شێوەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە، وەك رفاندنی فڕۆکە، گرتنی بارمتە، پەکخستن و تەقاندنەوەی رێگاکانی هاتوچۆ و هۆکارەکانی جوڵە، تەقاندنەوەی باڵەخانەو سەنتەرە بازرگانیەکان، کاری خۆکوژی، تاڵانکردنی جبەخانەی چەك، داگیرکردنی باڵیۆزخانەکان‌و هێرشکردنە سەر بارەگاکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان‌و شوێنی کۆبونەوەکان و جنۆسایدی بە کۆمەڵ.

ئەم قۆناغەی ئێستا کە جیهان بەگشتی‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەتایبەتی پێیدا تێدەپەڕێت، بابەتی تیرۆری کردۆتە یەکەمین کێشە لەنێوان سەرجەم ئەو کێشانەی کە هەلومەرجە جیهانیەکانی ئەمڕۆیان پێ وەسف دەکرێت، تیرۆر بەدزێوترین تاوانەکانی سەردەم و دڕندەترینیان دادەنرێت، چونکە کار بۆ لەناوبردنی موڵك‌و سامانە گشتی‌و تایبەتیەکان دەکات، دەیەوێت دەستکەوتە ژیاریەکانی زۆرێك لەوڵاتانی جیهان لەناو بەرێت، هەروەها گوێ بەمافەکانی مرۆڤ نادات، ئەو بەهایانەش کە ئاینە ئاسمانیەکان خەڵکی بۆ هاندەدەن لەلای تیرۆرستان بەهای نیە، بەتایبەت ئاینی ئیسلام کە لەسەر لێبوردەیی‌و

وازهێنان لەتوندوتیژی و دورکەوتنەوە لە خوێنڕشتنو وێرانکاری و تۆقاندن بەندە.

ئێستا تیرۆر هەڕەشە لەئاشتی جیهانیش دەکات، ئاسایشی هەرێمی نەتەوەکان و بەرژەوەندییە زیندووەکانیان دەخاتە مەترسیەوە، کە ئەمەش لێکدانەوەی خۆی لای هەموو دەوڵەتێك یاخود کۆمەڵگەیەك هەیە.

دەشێت تیرۆری ئەمڕۆ گۆڕابێت و جیاواز بێت لە هی دوێنێ، لە داهاتووشدا گۆڕانکاری دیکە ڕووبدات، بۆیە بەردەوامیی هێرشو کارە تیرۆریستیەکان کارێکی چاوەڕوانکراوە، وەکچۆن زیادبوون و پەرەسەندنی تیرۆریش لەڕووی هۆکارو پاڵنەرەکانیەوە هەر بەردەوامە، هەروەها لەڕووی شێوازو ئامرازەکانیشیەوە جیاوازە، جا ئەوە تیرۆری دەوڵەت یاخود تیرۆری تاك یان گروپەکان بێت.

داهێنانە تیرۆرستیەکان لەڕووی جۆرێتی ئەو کارانەوە کە ئەنجامی دەدەنو چۆنێتی ئەنجامدانەکانیشی، شێواز و ئامرازەکانی ئەو جێبەجێکردنە بۆتە ئەمرێکی واقیعی.

لێکۆڵەرەوانی بواری تیرۆر وایدەبینن، کە چارەسەری ئەمنیی بۆ روبەڕوبونەوەی دیاردەی تیرۆر بە تەنها بەس نیە، بەتایبەتیش کە کێشەیەکی ئاوێتەو ئاڵۆزەو خاوەن رەهەندی زۆرە، لەبەرئەوە زاڵبون

بەسەر تیرۆر و تیرۆریستاندا بەئەنجام ناگات تەنیا لەمیانی چارەسەرکردنی هۆکارە راستەقینەکانیەوە نەبێت.

لەبەرئەوە دەوڵەتان بەپێی توانا خودیی و پێگە و بازنەی گرنگیپێدانیان لەبنبڕکردنی تیرۆردا چالاك بوون، بەڵام سەرەڕای ئەو هەولانەش، هێشتا روبەرێکی فراوان لەکارکردن لەئارادایە بۆ لەناوبردنی ئەم بەڵا گەورەیە و هەڵکێشانی لەڕەگ و ریشەوە.

ئەم پەرتوکە لە بنەڕەتدا تێزی نامەی ماستەرە، کە لە ساڵی (٢٠٠٦ز) بە زمانی عەرەبی پێشکەش بە کۆلێژی ئەرکان/ زانکۆی بەرگری نیشتیمانی لە بەغداد کراوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەبواری ئاسایش و بەرگریدا، دوای وەرگرتنی نامەکە وەك خۆی بە پلەی زۆرباشە، بە پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی و بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد، بۆ ئەوەی چەمك و واتای تیرۆر و باکگراوندی مێژوویی تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی بۆ خوێنەران شی بکەمەوە.

پەرتوکەکە بە گشتی باس لە سەرەتای تیرۆر و ئەو پەرەسەندنانە دەکات کە لەماوەی سەردەمی ئێستاماندا هاتۆتە دی، لەگەڵ ئاماژەدان بە چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی لەسەر ئاستی ئەمنی

و كلتوری و ڕۆشنبیری و بەرپرسیارێتی، هەروەها ڕوونکردنەوەی دەرەنجامو ڕێنماییو پێشنیارەکان بەشێکی دیکەی پێکدەهێنێت.

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین گۆڕانکاری لە ڕێگاکانی ئەنجامدانی تیرۆر و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆرستیەکان و ڕووبەڕوونەوەیان ڕوویداوە، بۆیە لە چاپی یەکەم و دووەمدا بەشێکم بۆ زیاد کرد کە باس لە داهاتووی تیرۆر دەکات، کە بۆ شی کردنەوەی داهاتووی ئەم بەڵا جیهانیە پشت بە چەندین بنەما و گریمانە بەسراوە.

هەروەها بۆ ئەوەی پەرتوکەکە هاوتا بێت لە گەڵ گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکان و کردەوە تیرۆستیەکان، لە چاپی سێیەمدا باسم لە جینۆسایدی ئێزیدییەکان کردووە، کە لەلایەن گروپی تیرۆستی داعشەوە لە (٣ئابی ٢٠١٤)دا لە دژیان ئەنجامدرا، بەهۆیەوە دەیان هەزاریان شەهید کرا و ژمارەیەکی زۆریشیان ئاوارە بوون و ژن و کچەکانیشیان لەلایەن چەکدارانی گروپەکەوە ڕفێنران، باس کردنیشی بۆ ئەوەیە کە ئەم تاوانە گەورەیە بە دۆکۆمێنت بکرێت، پاشان وەك پەرەسەندنێکی کردەوە تیرۆرستیەکان دابنرێت، کاتێك کە تیرۆستان بەهێز دەبن و پانتاییەکی زۆر داگیر دەکەن، دەشێت واز لە کوشتنی غافڵگیری تاك بهێنن و کۆمەڵکوژی ئەنجام بدەن.

هیوادارم بە بڵاو کردنەوەی ئەم پەرتوکە، توانیبێتم خزمەتێك بە کتێبخانەی کوردی بکەم لەم بوارەدا، هەروەها خوێنەرانی کوردیش بە ڕەهەندە جیاوازەکانی تیرۆر وەك سەرەتا و پەرەسەندن ئاشنا بکەم، هیواخوازیشم جینۆسایدی ئێزیدیەکان دواین کردەوەی تیرۆرستان بێت و چیتر کوردستان و جیهان ڕووداوی تیرۆرستی هاوشێوەی بەخۆیەوە نەبینێت، هەمووان بە ئاشتی و پێکەوە ژیان و قبوڵ کردنی یەکتری، ژیانێکی دوور لە تیرۆر و توندڕەوی بەسەر ببەین.

**نوسەر**

# بەشی یەکەم

## واتای تیرۆر لە ڕووی چەمك و یاسایی و مێژوویيەوە

## باسی یەکەم:
## واتا و پێناسەی تیرۆر:

### یەکەم/ چەمك و واتای تیرۆر

وشەی تیرۆر و تۆقاندن (الأرهاب) چەندین واتای جیاوازی هەیە، لەوانە: ترس (الخشية)، خوای گەورە دەفەرموێت: (يا بني اسرائيل اذكروا نعمتي التي انعمت عليكم واوفوا بعهدي اوف بعهدكم واياىى فارهبون)[1]،

واتە (ئەی رۆڵەکانی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتەی من بکەنەوە کە رژاندومە بەسەرتاندا، وەفا بەپەیمانەکەم بکەن، منیش وەفا بەپەیمانەکەتان دەکەم، تەنیا لەمن بترسن).

هەروەها تیرۆر بە واتای تۆقاندن و ترس دێت (تۆقاندنو ترس: الرعب والخوف): خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت"قال القوا، فلما القوا، سحروا اعين الناس واسترهبوهم وجاءوا بسحر عظيم"[2]، واتە: "وتی فرێیبدەن، کاتێك (گوریسەکانیان) فرێدا جادویان لەچاوی خەڵکی کرد (واتە گوریسەکانیان بوون بەمار)،

---

١- سورەتی (البقرە)، ئایەتی ژمارە ٤٠.

٢- سورەتی (الاعراف)، ئایەتی ژمارە ١١٦.

تۆقاندنیان، جادویەکی مەزنیان ئەنجامدا"، هەروەها خوای گەورە دەفەرمویێت: "ترهبون به عَدُوَّ اللّه وعدوکم"٣، واتە "دوژمنی خوداو خۆتانی پیٚ دەتۆقیێنن".

## لە فەرهەنگەکانی زمانیشدا چەندین واتای هەیە:

أ/ لە زمانی عەرەبیدا:

لەفەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیشدا، بابەت و مانای هاوبەش سەبارەت بەداتاشراوەکانی (مشتقات) وشەی "الرهب"، (الخوف والتخویف) واتە (ترس‌و تۆقاندن) و (الرعب او الارهاب)، واتە (تۆقین‌و تۆقاندنە)، چاوگەکەشی (رهب)یە، کە بریتیە لە (الارهاب): واتە الاخافة والتخویف والفزع.

وشەی (الارهاب) لەزمانی عەرەبیدا چاوگی کرداری (ارهب)ەیە، کە بەواتای (اخاف) یاخود (ارعب) دیٚت، گەر سەیری فەرهەنگە عەرەبیە کۆنەکان بکەین، دەبینین وشەی (ارهاب)لەناویاندا بوونی نیە، بەڵکو تەنیا وشەکانی (رهبە)یان (یرهب) دەناسیێنن[٤].

---

٣- سورەتی (الانفال)، ئایەتی ژمارە ٦٠.

٤- الرازي: مختار الصحاح، دار الکتاب العربی، بیروت ١٩٨١، ل ٢٥٩.

هەندێك وایدەبینن كە (الرهبه) لەزمانی عەرەبیدا بەزۆری بۆ گوزارشتكردن لەترسی تێكەڵ (ترس – الخشیه) بەكاردەهێنرێت، كە تەواو جیاوازە لە مانای (الارهاب) Terrorی باو، كە لەزمانی ئێستای عەرەبیدا بە مانای ترسو تۆقین دێت، لەبەرئەوە ئەمانە وایدەبینن، كە وەرگێڕانی دروستی وشەی Terror هەر(تیرۆر)ە[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا بەكارهێنانی ئێستای وشەی (ارهاب) بووە بەباو، هەروەها لەلایەن پسپۆڕانی زمانی عەرەبیەوە دانیپێدانراوە، لەفەرهەنگی (المعجم الوسیط)دا باس لەوە كراوە كە (الارهابی) وەسفێكە بۆ ئەو كەسانە بەكاردەهێنرێت، كە بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیەكانیان، رێگای توندوتیژیو تۆقاندن دەگرنەبەر[٦].

ب/ زمانە لاتینیەكاندا:

وشەی Terrorisms لەزۆربەی زمانە خاوەن ریشە لاتینیەكاندا بەكارهێنراوە، بەڵام بەشێوە نوێیەكەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری فەرمانڕەوایی (رۆپسپێر) سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیەكان لەساڵی (١٧٨٩)دا[٧].

---

٥– المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، بيروت، ط ٢٧، ١٩٨٦، ل ٢٨٢.

٦– د. عصام عبدالفتاح عبد السميع مطر: ل ٣٧.

٧– د. محمود مؤنس محب الدين: سەرچاوەی پێشون ل ٧٧.

بەڵام ڕیشەی زمانەوانی Terror لەزمانە ئەوروپیەکاندا، هێندەی زمانەکان خۆیان کۆنە، چونکە ئەم وشەیە Terror مانای ترس یان تۆقین دەگەیەنێت و لەزمانی سەنسکریتیدا بەشێوەی Tras بەدی دەکەین، لەکاتێکدا لەزمانی لاتینیدا، بەزۆرینەی زمانە ئەوروپیەکان دەژمێردرێت وەك (فەڕەنسی–ئینگلیزی–ئەڵمانی...)، بەڵام دواتر وشەکە بۆ Ters یاخود Tres گۆڕدرا، بۆیە دەبینین ئەم وشەیە لەزۆربەی زمانە هیند–ئەوروپیەکاندا هاوشێوەیە، هەروەها لەزمانی کوردیشدا بەشێوەی (Tirs– ترس) دێت.

**ج/ زمانی فارسیدا**

لەزمانی فارسیدا بەشێوەی Tersidan دەیبینین[٨]، کە دیسان مانای ترسە.

**د/ زمانی ئینگلیزی:**

لەزمانی ئینگلیزیشدا (الارهاب) بەشێوەی Terror گۆ دەکرێت، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (Oxford)یش تیرۆری پێناسە کردووە بەوەی برتییە لە: (بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ مەبەستە سیاسیەکان یاخود

٨– محمود مؤنس محب الدين: سەرچاوەی پێشو، ل ٧٧.

هەستانی حکومەت بەکارێك کە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ترس لەنێو خەڵکیدا)[٩].

**ﻫ/ زمانی فەرەنسی:**

لەفەڕەنسیدا وشەی Terrorisme بەکاردەهێنرێت[١٠].

وشەی Terreur لەزمانی فەڕەنسیدا بۆ یەکەمجار هاتە ئاراوە، ئەو کاتەی قەشە Borchoris ی راهیبی بندکینی لەساڵی (١٣٥٥ز)دا بەکاریهێنا، ئەو کاتەی مێژووی رۆمانیەکانی بۆ فەڕەنسی وەرگێڕا[١١]، دوای ئەم بەرواره بەکارهێنانەکانی ئەم وشە لەزمانی فەڕەنسیدا بەدوای یەکتردا هاتنو بەردەوام بون.

وشەی Terrorی فەڕەنسی بۆ یەکەمین جار لە فەرهەنگی ئەکادیمی فەڕەنسیدا لەساڵی ١٦٩٤ دا دانرا[١٢]، کە ئەم وشەیە – بەگوێرەی فەرهەنگەکە– دوو رەگەزی لەخۆگرتبوو، یەکەم دەرونی

---

٩– Oxford advanced ierner, dictionary, 1997, p 1233.

١٠– د. عبدالله محمد النوايسة: الجرائم الواقعة، على امن الدولة في التشريع الاردنين دار وائل للشنر، عمان، ٢٠٠٥، ل ٢٥٤.

١١– د. محمد مؤنس محب الدين، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٨.

١٢– هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

بەمانای ترسو تۆقینی زۆر، رەگەزی دووەمیش ماددی، واتە بەکارهێنانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیمەنی دەرەکی جەستەدا.

هەروەها وشەی Terror لەفەرهەنگی کۆکەرەوەی نوێدا لەساڵی (١٧٠١) دا دووبارە بەکارهێنرایەوە، هەروەها جارێکی دیکەش لە ساڵی (١٧١٩) لە فەرهەنگە نوێیەکانی فەرەنسیدا بەکارهێنرایەوە[١٣].

## دووەم/ پێناسەی تیرۆر:

پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ تیرۆر بوونی نیە، کە لەنێوان پسپۆڕاندا لەڕووی چەمك و مەفهومەوە لەسەری رێککەوتبێتن، چونکە ئەوانەی لەم بابەتە دواون لەبۆچونو ئاراستەکانی نێوانیان جیاوازبوون، هەروەها جیاوازی هەڵوێستی دەوڵەتانیش لەلایەکی دیکەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە پێناسەیەکی دیاری کراوی بۆ دادەنرێت، چونکە ئەوەی هەندێك بەتیرۆری دادەنێن، هەندێکی دیکە وەك کارێکی رەوا بۆی دەروانن.

پێناسەی تیرۆر لە واتادا دەچێتە ناو هەندێك لەو چەمکانەی دیکەوە کە نزیکن لێوەی، وەك چەمکی توندوتیژی سیاسی، تاوانی سیاسی، یان تاوانی رێکخراو، لەپاڵ ئەوەشدا چەمکی تیرۆر کاتێك

---

١٣– هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

بڕیارێك دەوروژێنێت، كە ئەو بابەتە پەیوەست بێت بەتوێژینەوەیەكی ئەكادیمیەوە، لەم كاتەدا پێویستە سیفەتی هەموویەتی (العمومیە) و بێلایەنی لەتوێژینەوەكەدا هەبێت.

چەمكی تیرۆریش چەمكێكی گۆڕاوە، وێنەو شێوەو تەرزو پاڵنەرەكانیشی بەگوێرەی كاتو شوێن جیاواز دەبن، وەكچۆن كەلتوری ئامادەیی كۆمەڵگەكانیش جیاوازن.

پێناسە گەلێكی زۆر بۆ تیرۆر هاتووە، كە هەندێكیان دەڵێن (بریتیە لەكوشتنو غافڵكوژی، وێرانكاری، كاولكاری، بڵاوكردنەوەی واتەوات، هەڕەشە و جۆرەكانی زۆركاری، دوژمنكاری، هەر جۆرێك كە ئامانجی خزمەتكردنی مەبەستە سیاسیو ستراتیژیەكان بێت، یاخود هەر چالاكیەكی دیكە، كە ئامانجی بڵاوكردنەوەی كەشی نائارامیو، فشاری هەمەجۆر بێت).

یەكێك لەتوێژەران تیرۆر بەم شێوەیە پێناسە دەكات:

(تیرۆر بریتیە لەبەكارهێنانی توندوتیژی یاخود هەڕەشە، بەمەبەستی بڵاوكردنەوەی ترس و تۆقاندن، ئەمیش بەبەكارهێنانی ئەو هۆكارانەی لەنێوان غافڵكوژیو تەقاندنەوەی بۆمب لەشوێنە گشتیەكاندا دەگیرێتە بەر، وەك هێرشی چەكدارانە بۆ سەر دامەزراوەو تاكەكان، یان موڵكو ماڵ و رفاندنی خەڵكی، یان

بەکارهێنانی چەتەگەریی ئاسمانی، گرتنی بارمتە، ئاگر خستنەوە، کاری دیکەی لەوانەی زیان بەبەرژەوەندی دەوڵەتە بیانیەکان دەگەیەنن، کە ناکۆکی نێودەوڵەتیو دەستێوەردانی سەربازیی لێدەکەوێتەوە[١٤].

سەرەڕای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەستاوە بەوەسفکردنو هەژماری کارە تیرۆریستیەکان، بەڵام وا دیارە پێناسەی تاوانی تیرۆر لەڕووی یاساییەوە زۆر گرنگ و پێویست بێت، چونکە تاوان تەنها لەو کاتەدا دەتوانرێت سزایەکی بۆ دابنرێت کە سیماو چوارچێویەکی یاسایی دیاری کراوی هەبێت، چونکە نەناساندنی دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو راڤەو لێکدانەوەی هەڵە بۆ کارە تیرۆریستیەکان، هەروەها تێکەڵیش بەکارەکانی دیکە د کرێت، کە ناچنە ناو بازنەی تیرۆرەوە.

پێناسەی تیرۆر لەنێوان پسپۆڕان یاساناسەکاندا جیاوازەوە، پێناسەکان لەتەشریعێکەوە بۆ یەکێکی دیکەش جیاواز دەبن، لەکۆنگرە نێودەولەتیەکاندا، چەمك و وشە و تاوانی تیرۆر Terror نوێیە بەگوێرەی نوێیەتی هاتنە ئارای ئەم چەمکەوەیە، گەرچی ریشەکانی ئەم وشەیە لەزۆربەی زمانە ئەوروپیەکانیشدا هەیە، بەڵام

١٤- اسماعيل الصبري مقلد: العلاقات الدولية، اصولها، مكتبة عين الشمس، القاهرة، بلا تاريخ النشر، ل ٣٢٣.

بەکارهێنانی بەمشێوەیەی ئێستا نەهاتوەو بڵاونەبۆتەوە، تەنیا دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی نەبێت لەساڵی ١٧٨٩ [١٥]دا.

بەهەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لەتەموزی ١٧٨٩ دا، کە بە سەرەتای سەردەمی شۆڕشگێڕی ناودەبرێت، وشەی Terrourی فەرەنسیی هاتە مەیدانی کایەی سیاسییەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بەزاراوەیەکی باو، هەروەها لە ماوەی فەرمانڕەوایی یەعقوبیەکانیشدا لە(٢ی حوزەیرانی ١٧٩٢ تا ٧ی حوزەیرانی ١٧٩٤)دا بەسەرکردایەتی رۆپسپێر، ئەم زاراوەیە بڕگەی (isme)ی چووە سەرو وشەکە بوو بە Terrorisms، بڕگە زیادکراوەکە لاتینیە و خاوەن ریشەیەکی یۆنانیە، لەزمانە نوێیەکانیشدا ئەم زاراوەیە بۆ گوزارشتکردن لەسیستمێکی زەینی بەکاردەهێنرێت بەتایبەتیش مەزهەبو ئایدیۆلۆژیا.

دروستبونی ئەم زاراوەیە لەسەردەمی رۆپسپێردا هەماهەنگ بوو لەگەڵ ئەو ماوەیەدا کە فەرەنسا تێیدا دەژیا، رۆپسپێر و شوێنکەوتوانی دروشمی ترسو تۆقینیان بۆ تۆقاندنی ئەوانەی ناوی دوژمنانی شۆڕشیان لێنابوون هەڵگرتبوو، کە زاراوەی

---

١٥– د. فرغلي علي تسن: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

Terrorisms لەو کاتەدا گوزارشتێکی ورد(دقیق) بوو بۆ دۆخی باو و زاڵی سیاسی.

سەرەڕای ئەوەی توێژەرە یاساییەکانی لەپێناسەکردنی تیرۆردا بەشێوە یاساییەکەی توشی چەندین کێشەو لەمپەر بوونەتەوە، لەجیاکردنەوەی پێناسە سیاسیو ئایدیۆلۆژیانەکەی کە هەندێك هەوڵی سەپاندنی بەسەر پسپۆڕانی یاسادا دەدەن، بەڵام ئەوان هەوڵیانداوە – بەپێی توانا– پێناسەی تاوانی تیرۆریستی بکەن، چونکە ئەم پێناسەیە گرنگیەکی زۆری لە دیاریکردنی ئەو کارانەدا هەیە، کە دەچنە ناو بازنەی ئەم تاوانەوە.

توێژەرە یاساییەکان سەبارەت بەیەك پێناسەی کۆکەرەوەی ماناو مەبەست بۆ تیرۆر بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەوەیە جیاوازیان بەهۆی جیاوازیی تێڕوانینە فیکرییو جیاکاریو لەیەکنەچوونی بۆچونە سیاسیەکانیانەوە بێت، کە لەژێر کاریگەریی ئەم جیاوازیو ناکۆکیانەوە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەوڵی پسپۆڕانی یاسایی بۆ دانانی پێناسەیەکی کۆکەرەوەو دیاریکراو بۆ تیرۆر بەردەوام بوو.

(جينا نوفيچ)ی پسپۆڕ، تیرۆری پێناسه کردووه بەو (کارانەی کە سروشتیان وایه، ترس بەهەر شێوەیەك بێت، لای کەسێك دەوروژێنن و دێننه ئاراوه)[١٦].

(جۆنز برج)ی زاناش وا بۆ تیرۆر دەڕوانێت کە (بەکارهێنانی ئەنقەستی ئەو هۆکارو ئامرازانەیە کە توانای دروستکردنی مەترسیەکی گشتییان هەیە، کە هەڕەشه لەژیان‌و سەلامەتیی جەستەیی یاخود تەندروستی یان داراییه گشتیەکان دەکەن)[١٧].

(تۆمی جال ئور)ش بەم شێوەیه دەیناسێنێت کە (رێگایەکی توندوتیژ و شێوازێکی توندوتیژی نەیاریی سیاسییه –ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی–، کە لە توندوتیژی یاخود هەڕەشه پێکدێت، رەنگە هەڕەشه یان توندوتیژی راستەقینەی جەستەییش بگرێتەوە، سەبارەت بەهەڕەشه یاخود مومارەسەی توندوتیژی دەرونیش، لەوەیه تیرۆر دژی بێتاوان پەیڕەو بکرێت، یاخود دژی ئامانجگەلێك کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەو کەیسەوە هەبێت کە تیرۆریستان لەپێناویدا کاردەکەن)[١٨].

---

١٦– د. عبدالنواب معوض الشوريجی: تعريف الجريمة الارهابية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٣، ل ٧٩.

١٧– عبدالناصر حريز: الاراب السياسي، مكتبة قدبولي، القاهرة، ١٩٩٦، ل ٢٦–٢٧.

١٨– هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

مامۆستا (جیلبرت جویلام)یش پێناسەی دەکات بەوەی (هەموو رەفتارێکە کە هەوڵی دروستکردنی تۆقاندنو مەترسی بدات و لە ئەنجامدا توندوتیژی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان لێبکەوێتەوە، کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە هەندێك لە تاکەکانو ماڵ و سامانەکانیان)[١٩].

(جۆینزبێرگ)ی شارەزاش پێناسەی کردووە بەوەی (بەکارهێنانی سەرجەم ئەو هۆکارانەیە کە توانای دروستکردنی مەترسی گشتییان هەیە، کە هەڕەشە لەژیان یاخود سەلامەتیی جەستەیی یان تەندروستی و ماڵو سامانی گشتی دەکەن)[٢٠].

(بولوك)یش وایدەبینێت کە تیرۆر بریتیە لە (هەموو توندوتیژییەك دەگرێتەوە کە دژی کەسەکان یاخود ماڵو سامانەکان یان دەزگاکان ئەنجام بدرێت، کە خاوەن سروشتێکی سیاسی بێت، ئامانجی دەستکەوتنی سەربەخۆیی هەرێمێك یاخود سەرەونگونکردنی سیستمێکی فەرمانڕەوایی بێت، یان گوزارشتکردن لەڕەخنەگرتن لەهەندێك لەدیاردە سیاسیەکانی دەوڵەت بێت)[٢١].

---

١٩- د. محمد مؤنس محب الدين: سەرچاوەی پێشو، ل ٧٣.

٢٠- عبدنواب معوض الشوريجي: سەرچاوەی پێشو، ل ٣٣.

٢١- د. عصام عبدالفتاح عبدالسميع مطر: هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

ڤیگنا Vignaی پسپۆڕی ئیتاڵی بۆ ئەو پێناسەیە دەچێت کە بریتیە لە (بەکارهێنانی توندوتیژی وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئامانجێکی سیاسی)[٢٢].

مامۆستا شەریف بسیونی پێی وایە کە تیرۆر بریتیە لە (ستراتیژیەتێکی توندوتیژی قەدەغەکراو لەڕووی نێودەوڵەتیەوە، کە چەند پاڵنەرێکی عەقائیدی ئایدیۆلۆژیی دەبنە هۆکاری ئەنجامدانی، کەمەبەستیان هێنانە ئارای توندوتیژییەکی تۆقێنەرە لەناو توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بۆ گەیشتن بەدەسەڵات یاخود هەستان بەریکلامێك بۆ خواستێك یان رێکخراوێك، بەچاوپۆشین لەوەی کە ئەنجامدەرانی توندوتیژییەکە لەپێناو خۆیاندا کارەکە دەکەن یاخود بەجێگیریی _وەکیل_ دەوڵەتێك لەدەوڵەتەکان)[٢٣].

دکتۆر عەبدولعەزیز سەرحانیش تیرۆری نێودەوڵەتی پێناسە دەکات بەوەی (هەموو دەستدرێژییەکە بۆ سەر گیانو ماڵو سامانی گشتی و تایبەتی، بەلادان لەبڕیارەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەسەرچاوە جیاوازەکانیەوە، بۆیە دەتوانین لەسەر ئەو بناغەیە لێی بڕوانرێت، کە تاوانێکی نێودەوڵەتیە و بناغەکەی لادانە لەیاسای

---

٢٢- هەمان سەرچاوەن ل ٣٨.

٢٣- د. محمد عزیز شکریی: سەرچاوەی پێشو، ل ٤٨.

نێودەوڵەتی، کردارەکەش بەتیرۆرێکی نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، دواتریش بەتاوانێکی نێودەوڵەتی، ئیدی تاکێك پێی هەستابێت یاخود کۆمەڵێك یان دەوڵەتێك، هەروەها تیرۆر کارەکانی جیاکاریی رەگەزپەرستانەش دەگرێتەوە کە هەندێك لەدەوڵەتان پەیڕەوی دەکەن)[٢٤].

توێژەری یاسایی (فاسیورسیکی) وایدەبینێت، کە تیرۆری سیاسی بریتیە لە (میتۆدێکی کاری تاوانگەری کە بکەرەکە لەرێگەی تۆقاندنی کۆمەڵگە یاخود دەوڵەت دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لەپەیوەندی گەلێکی گشتی و کۆمەڵایەتی یاخود لەپێناو گۆڕینی یان بۆلەناوبردنی ئەنجامی دەدات)[٢٥].

(عەبدولناسر حەریز)یش تیرۆر دەیناسێنێت بەوەی هەموو بەکارهێنانێکی توندوتیژی یان هەڕەشە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی زۆرکارانەو ناڕەوا بۆ دروستکردنی دۆخێك لەدۆخەکانی ترس‌و تۆقاندن ئەنجام بدرێت، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کەسێك یاخود کۆمەڵێك یان بەسەر دەوڵەتدا[٢٦].

---

٢٤- عبدالناصر حریز: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٢٨.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

٢٦- د. محمد مؤنس محب الدین: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٧٨.

(سالدانا)ی زانای ئیسپانیش تیرۆری بەوە پێناسە کردووە کە (هەموو کارێکی تاوانکاریە کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی هاوڵاتیانە، بۆ ئەمەش چەند ئامرازو ڕێگایەك دەگرنە بەر کە بە سروشتی خۆی تۆقین و ترس بڵاو دەکاتەوە، کە بۆ سەپاندنی فیکرێك یاخود مەزهەبێکی دیاریکراو ئەو کارە دەکەن)[٢٧].

(جۆرج لیفاسیر) پێناسەی دەکات بەوەی (بەکارهێنانێکی ئەنقەستی ئامراز گەلێکی دیاریکراوە بەرێگایەکی رێکخراو و ورد، کە سروشتیان دروستکردنی ترس یان تۆقاندنی گروپێکی دیاریکراوە یاخود بۆ ترساندنی گشتیە، کە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجگەلێکی دیاریکراو پەیڕەوی دەکەن)[٢٨].

هەروەها (ویلکنسون) پێی وایە تیرۆر بریتیە لە(بەکارهێنانی کاری توندوتیژیی بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی یاخود مەزهەبی، کە ئەنجامدەری تاوانەکە لەپێناوی هێنانەدی ئەو مەبەستیدا، قوربانی بەسەرجەم بیروباوەڕە مرۆییو ئەخلاقیەکان دەدات)[٢٩].

---

٢٧- د. محمد عبدالمنعم عبدالخالق: المنظور الديني والقانوني لجرائم الارهاب، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٨٩.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.

٢٩- هەمان سەرچاوە، ل١٨٩.

(دیفید) پێناسەی تیرۆر دەکات بەوەی کە (هەموو کارێکی توندوتیژی چەکدارانەیە، کە بۆ مەبەستێکی سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی یان فەلسەفی یا ئایدیۆلۆژی یاخود ئاینی ئەو کارە دەکرێت، بۆ ئەمەش ئەو پرنسیپە جێگیرانەی یاسای مرۆیی پێشێلدەکرێت کە بەکارهێنانی ئامرازە توندوتیژیەکان یاخود وێرانکارییەکان قەدەغە دەکەن، یاخود تیرۆر هێرشە بۆ سەر ئامانجگەلێکی بێتاوان، بەبێ ئەوەی پێویستیەکی سەربازی بۆ ئەوە کارە لەئارادا بێت)[٣٠].

٣٠- د. عصام عبدالفتاح عبدالسمیع مطر: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٣٩.

## باسی دووەم:
## تیرۆر لە یاسای وڵاتاندا:

### ١. عیراق:

یاسای عیراقی لەناوبردنی تیرۆری ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٥ لەمادەی یەکەمیدا پێناسە کردووە بەوەی (هەموو کارێکی تاوانکارانەیە، کە تاکێك یاخود کۆمەڵێکی رێکخراو ئەنجامی دەدات و تاکێك یاخود کۆمەڵایەك یان دەزگایەکی فەرمیی یان نافەرمیی دەکاتە ئامانج، هەوڵی زیانگەیاندن بەموڵك و ماڵی گشتی یان تایبەتی دەدات، بەمەبەستی زیانگەیاندن بەبارودۆخی ئاسایش و ئارامی و یەکێتی نیشتمانی، بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقاندن لەنێوان خەڵکیدا، بەرپاکردنی ئاژاوەو پشێوی بۆهێنانەدی ئامانجگەلێکی تیرۆریستانە)[٣١].

هەروەها یاسای عیراقی هەستاوە بەزیادکردنی ئەو کارانەی دەچنە بواری کار تیرۆریستیەکانەوە، بەتایبەتیش لەمادەی دووەمیدا (بەهەشت بڕگە) ئەو کارانەی بۆ نمونە هەژمار کردووە کە دەچنە بازنەی تاوانەکانی تیرۆرەوە.

---

٣١– الوقائع العراقية، العدد، ٤٠٠٩، السنة السابعة والاربعون، الصادرة في تشرين الثاني، ٢٠٠٥.

## ٢. كوردستان:

یاسای لەناوبردنی تیرۆری کوردستانی ژمارە( ٣ی ساڵی ٢٠٠٦)، کە لەکۆمەڵەی نیشتمانی کوردستانییەوە دەرچووە، لەماددەی یەکەمیدا تیرۆر پێناسە دەکات بەوەی (کاری تیرۆریستی بریتیە لەکارێکی ڕێکخراوەیی توندوتیژی یاخود هەڕەشەپێکردن پێی یان هاندان بۆی یان بەرز ڕاگرتنی تیرۆر، کە تاوانکار پەنای بۆدەبات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاکە کەسی یاخود بەکۆمەڵ، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تاکێك یان کۆمەڵە کەسێك دەکاتە ئامانج، ، ئامانجیشی دروستکردنی تۆقاندن و ئاژاوەو پشێوییە لەنێو خەڵکیدا، بە مەبەستی زیانگەیاندن بەسیستەمی گشتی یاخود زیانگەیاندن بەئاسایش و سەلامەتیی کۆمەڵگەو هەرێم، یاخود ژیانی تاکەکان و ئازادیەکانیان دەخاتە مەترسیەوە، یان ئاسایش و ژینگە و یەکێك لەداهاتە سروشتیەکان یاخود شوێن یان سامانە گشتی و تایبەتیەکانیان دەخاتە مەترسیەوە، هەموو ئەم کارانەش لەپێناو هێنانەدی مەبەستێکی سیاسی یان فیکری یان ئاینی یاخود مەزهەبی یان ڕەگەزیی دەکات)[٣٢].

---

٣٢- بڕوانە دەقی یاسایی کوردستان لەناوبردنی تیرۆر، ژمارە ٣ ی ساڵێ ٢٠٠٦، کە لەبڵاوکراوەی پەیوەندییە مەرکەزیەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی رۆژی ٢٠٠٦/٧/٩.

### ٣. ئوردن:

یاسای ئوردنی پێناسەی تیرۆری کردووە، بەگوێرەی یاسای کاتی ژمارە (٥٤)ی ساڵی ٢٠٠١، کە جێگای دەقی ماددەکانی (١٤٧و ١٤٨و ١٤٩) ی لەیاسای سزادانی ئوردنیی گرتۆتەوە، کە دەڵێت: (بەکارهێنانی توندوتیژی یاخود هەڕەشەکردنە، ئیدی پاڵنەر و مەبەستەکانی هەرچیەك بێت، وەك جێبەجێکردنی کارێکی تاکە کەسی یان کۆمەڵ، کە ئامانجی زیانگەیاندنە بەسیستمی گشتی یان دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگە، هەروەها زیان گەیاندن بە ژینگە و شوێن و سامانە گشتیو تایبەتیەکان، یان شوێنە نێودەوڵەتی و نێردراوە دیپلۆماسیەکان، بەداگیرکردنی هەر یەکێکیان یاخود دەستبەسەرداگرتنیان، یان خستنە مەترسی داهاتی نیشتمانی، یان پەکخستنی پراکتیککردنی بڕیارەکانی دەستورو یاساکان، هەموو ئەم کارانەش دەچنە پاڵ کرداری تیرۆرستیەوە)[٣٣]، هەروەها یاسای ئوردنیی ئەو کارە بانگییە ناوخۆییانەشی بە تیرۆر داناوە، کە دەبنە هۆی پەرە پێدانی کارە تیرۆریستیەکان، وەك تاوانێکی تیرۆریستیو لەناو تاوانە تیرۆریستیەکانی دیکەدا باسی کردووە[٣٤].

---

٣٣– عزت غيث، قانون العقوبات الاردني، دار قنديل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٦٢.

٣٤– هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

٤. **میسر:**

یاسای میسریی تاوانی تیرۆری پێناسە کردووە، لەیاسای ژمارە ٩٧ی ساڵی ١٩٩٢ دا، کە دەقی ماددەی ٨٦ی لەیاسای سزادانی میسری هەموار کراوەتەوە، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە (مەبەست لەتیرۆر هەموو بەکارهێنانێکی هێز یان توندوتیژی یاخود هەڕەشە یان ترساندن دەگرێتەوە، کە کەسی تاوانبار لەپێناو پیادەکردنی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاکەکەسیی یان بەکۆمەڵ پەنای بۆدەبات، کە ئامانجی زیانگەیاندنە بەسیستەمی گشتی، یاخود دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی خەڵکی، ئەگەر ببێتە مایەی زیانگەیاندن بەکەسەکان یاخود ترساندنیان یاخود دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیان وئازادیەکانیی خەڵکی، هەروەها زیانگەیاندن بەژینگە و هۆیەکانی گواستنەوەو باڵەخانە گشتی و تایبەتیەکانیش دەچنە قاڵبی کارە تیرۆرستیەکانەوە، ئەمە جگە لەوەی لەمپەر دروستکردن لە ڕایی کردنی دەسەڵاتە گشتیەکانو شوێنەکانی خواپەرستی و پەیمانگای زانستەکان، یاخود پەکخستنی پیادەکردنی دەستور یان یاساکان و بەرنامەکانیش بەهەمان شێوە بە کاری تیرۆرستی دادەنرێت)[٣٥].

---

٣٥– اسامة احمد شتات: قانون العقوبات المصري، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٤، ص٥٣.

### ٥. فەرەنسا:

فەرەنسا بەم شێوەیە، تیرۆری لەیاسای ژمارە( ١٠٢٩٨٦)ی ساڵی ١٩٨٦ دا پێناسە کردووە بەوەی (تیرۆر پێشێلکردنی یاسایە، کە تاکێك لەتاکەکان یاخود رێکخستنێکی بەکۆمەڵ بەئامانجی دروستکردنی پشێوییەکی ترسناك لەسیستمی گشتیدا لەرێگەی هەڕەشەکردن و تۆقاندنەوە ئەنجامی دەدات، )[٣٦].

### ٦. لوبنان:

یاسای سزادانی لوبنانیش لەماددەی (٣١٤)یدا بەمشێوەیە پێناسەی کردووە: (مەبەست لەکارە تیرۆریستیەکان سەرجەم ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە مەبەستیان هێنانەکایەی دۆخێکی تۆقاندنە، کە لەرێگەی چەند هۆکارێکەوە ئەنجام دەدرێن، وەك : تەقینەوە، ماددەی گڕگرتوو، بەرهەمهێنراوە ژەهراوی وسوتێنەرەکان، فاکتەرەکانی بڵاوکردنەوەی نەخۆشی یان بەکتریایی، کە مەترسیەکی گشتی دروست بکات)[٣٧].

---

٣٦- د. محمد عزيز شكري، سەرچاوەیەکی پێشو، ل٥١.

٣٧- نزية نعيم شلالا: الارهاب الدولي والعدل الجنائية، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان، ٢٠٠٣، ص١٧.

٧. **بەریتانیا:**

یاسای بەریتانی تیرۆر پێناسە دەکات بەوەی:

(١) هەموو کارێك دەگرێتەوە کە بە هەڕەشەکردن ئەنجام دەدرێت، کە لەبڕگەی (٢)دا ئاماژەیان پیٚ کراوە.

(ب) ئەنجامدانی کارێك کە کاریگەریی بۆ سەر حکومەت یاخود ترساندنی خەڵکی بە گشتی یان توێژێکی دیاریکراو دروست بکات .

(ج) ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بەپاڵنەری هێنانەدی ئامانجێکی سیاسی یان ئایینی یاخود ئایدیۆلۆژی ئەنجامدەدرێن، کە لە بڕگەی(٢) خاڵی (أ) دا ئاژەیان پێکراوە، وەك : (أ) توندوتیژییەکی گەورە کە دژی یەکێك لەکەسەکان ئەنجام درابێت.

(ب) زیانێکی گەورە بەخاوەندارێتی بگەیەنێت.

(ج) هەڕەشە لەژیانی کەسێك بکات، کە جیاوازیش بێت لەو کەسەی کردارەکەی کردووە یاخود هەڕەشەی ئەنجامدانی مەترسیەکەی کردووە.

(٢) هەڕەشەیەکی گەورە بۆ تەندروستیو ئاسایشی گشتی لەخۆ بگرێت، یاخود بۆ بەرژەوەندی توێژێکی دیاریکراو لەخەڵکی یان ئاسایشیان یاخود مەبەست پێی زیانگەیاندنە بەسەلامەتیی سیستمی

ئەلکترۆنی یاخود بوون بەهۆکار بۆ پەکخستنی ئەنجام بدرێت[٣٨]، هەروەها ئەو کارانەی لەبڕەگەی (٢) دا ئاماژەیان پێکراوە بەتاوانی تیرۆریستی دادەنرێن، بەبێ مەرجی هاتنەدی مەبەستی ئاماژە بۆکراو لەبڕگەی (أ) و(ب) دا، هەروەها ئەو کارانە بەهۆی چەکەوە بەئاکام بگەن یان ئەم کردارانە لەرێگەی چەك یان ماددە تەقێنەرەکانەوەبێنەدی، بەهەمان شێوە بە کاری تیرۆرستی هەژمار دەکرێن)[٣٩].

## ٨. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

یاسای سزای ئەمریکی تیرۆری نێودەوڵەتی پێناسە دەکات بەوەی (ئەو کارانەیە کە: (أ) توندوتیژی دەگرنە خۆیان، وەك کارێکی ترسناك بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان، کە بەگوێرەی یاساکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەتاوان هەژمار دەکرێن، یاخود هەر دەوڵەتێکی دیکە، (ب) مەبەست لەم کارانەش ئەمانە دەبێت:

١- ترساندنی کەسانی مەدەنی یاخود ناچارکردنیان بەکارێکی دیاریکراو.

---

٣٨- احمد حسین سویدات: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٥٣-٥٤.

٣٩- هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

٢- کاریگەری بۆ سەر سیاسەتی حکومەتێکی دیاریکراو بەترساندنی یاخود بەزۆرلێکردن.

٢- کاریگەری بۆ سەر رەفتاری حکومەتێکی دیاریکراو بەکاولکارییەکی گەورە یاخود ئەنجامدانی کاری رفاندنو تیرۆر)[٤٠].

سەبارەت بەکۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) یش، کەلەکۆنگرەی ژنێفدا لەساڵی (١٩٣٧)دا بەستراوە، پێناسەی کارە تیرۆریستیەکانی کردووە بەوەی ئەو (کارانەیە کە دۆخێکی ترسو تۆقاندن لەدڵی تاکەکان یاخود کۆمەڵەکان یان رای گشتیدا دروست دەکەن)[٤١].

دەربارەی نەتەوە یەکگرتوەکان و بەشدارییەکانی لەم بوارەدا، ئەوا سەرەڕای ئەو رێککەوتنە زۆرانەی سەبارەت بەتیرۆر ئەنجامیداون، کە گەیشتونەتە (١٢) رێککەوتنو پەیماننامەی نێودەوڵەتی، بەڵام تاکو ئێستا لە دانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ تیرۆر شکستی هێناوە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێت پێناسەیەك بۆ تیرۆر دابنێت، ئەوە بوو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی هەمیشەیی تایبەت بەتیرۆری دەرکرد،

---

٤٠- سمير الجسر: الارهاب والمقاومة بين الشريعة والقانون، مجلة الدراسات القانونية الصادرة من جامعة بيروت العربية، العدد الاول، سنة ٢٠٠٣، ص١٣.

٤١- د. سامي عباد عبدالرحمن واصل: ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، الناشر منشأة المعارف، مصر، ٢٠٠٣، ص٦١.

که له٣٥ کەس پێکهاتبوون، سێ لقی لێ بووەوە کە یەکێکیان تایبەت بوو بەدانانی پێناسەیەك بۆ تیرۆر[٤٢].

لەساڵی ١٩٨٥ دا لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان پرۆژەیەکی تایبەتی بەتاوانەکانی دژی ئاشتی و ئاسایش‌و مرۆڤایەتی پێشکەشکرد، کە پێناسەیەك بۆکارە تیرۆریستیەکانیشی لەخۆ دەگرت، لەو پرۆژەیەدا تیرۆر بەم شێوەیە پێناسە کراوە کە (مەبەست لەکارە تیرۆریستیەکان، ئەو کارە تاوانکاریانە دەگرێتەوە کە ئاراستەی دەوڵەتێکی دیکە دەکرێن، بەشێوەیەك دۆخێك لەترس لای سەرکردەو فەرمانڕەواکانیان، یاخود لای کۆمەڵە کەسانێك، یان هاولاتیان بەگشتی دروست دەکەن)[٤٣].

هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە (له١٧ی شوباتی ١٩٩٥دا ) بڕیاری ژمارە( ٤٩ / ٦٠)ی خۆی لەژێر ناوی (ئەو تەگبیرانەی ئامانجیان زاڵبونە بەسەر تیرۆری نێودەوڵەتیدا) دەرکرد، لەماددەی (یەکەم) بڕگەی (٢)یدا پێناسەی کارە تیرۆریستیەکان بەمشێوەیە هاتووە (ئەو کارە تاوانکاریانە دەگرێتەوە، کە مەبەستی

---

٤٢- هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

٤٣- سایتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەسەر ئینتەرنێت (www.un.arabic.org)، بڕیاری ٦٠/٤٨ی ڕێکەوتی ١٩٩٥/٢/٢٧ لەماوەی خولی چلونۆهەم (A/٤٩/٧٤٣).

بڵاوكردنەوەی تۆقاندن بۆ ئامانجێكی سیاسی لەنێوان جەماوەردا یاخود كۆمەڵێكی دیاریكراودا لەكەسەكان ئەنجام دەدرێن).

لەكۆتاییدا دەبینین تیرۆر بریتیە لە هەموو كارە تاوانكاریانەی لەلایەن كەسانێك یاخود كۆمەڵەیەكی رێكخراوەوە یان دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێن، كە بە مەبەستی ترس و تۆقاندنی كۆمەڵە كەسانێك یاخود تەواوی تاكەكانی كۆمەڵگە بەبێ جیاكاری ئەنجام دەدرێت، هەروەها بەئامانجی دروستكردنی مەترسیەكی گشتی یاخود زیانێكی گەورە وەك هۆكارێك بۆ گەیشتن بەئامانجی ئایدیۆلۆژی یان سیاسی یاخود ئایینی یان رەگەزیی دیاریكراو پەیرەو دەكرێت.

یاساناسەكان سەبارەت بەپێناسەی تاوانی تیرۆر و رونكردنەوەی وردەكاریەكانی، بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە هەندێك لەدەوڵەتان یاسای تایبەتیان بەتیرۆر دەركردووە، فراوانكارییان لەپێناسە و شێوە و ئەو بەرپرسیاریەتیەش كردووە، كە دەكەوێتە سەریان، هەروەها چەندین دەوڵەتی دیكەش یاسای ماددە گەلێكی تایبەت بەخۆیان لەیاسای سزاداندا دەركردووە، لەكاتێكدا كە هەندێك لەیاساكان (التشريعات) باسی وشەی تیرۆر یاخود پێناسەكەیان نەكردووە، بەڵكو وازیان لێهێناوە و چارەسەری هەندێك لەلایەنەكانی دیكەیان لەناو مادده گەلی دیكەی هاوشێوەدا كردووە.

تیرۆر دیاردەیەکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتیە، تاوانێکی ترسناکی دژی گەل و حکومەتەکانیشە، پایەکانی ئاسایش‌و ئارامی دادەڕمێنێت، گەشەپێدان و بوژانەوە پەکدەخات، دەبێتە هۆکار بۆ چەندین زیانی گەورە لەهەمو ئاستەکاندا.

## باسی سێیەم:
## مێژووی تیرۆر

مرۆڤایەتی لەکۆنەوە توندوتیژی بەهەموو بەشێوازە جیاوازەکانیەوە ناسیوە و پیادەی کردووە، بۆیە مێژوی گەل و نەتەوەکان لێوان لێوە لەململانێی هەمیشەیی نێوان تاکەکانی یەك خێزان، یەك خێڵ، یەك گەل، کە مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر مرۆڤە نەیارەکانیدا، بۆ ئەوەی ناچار و بۆ ملکەچیان بکات، هۆکارو ئامڕازی دزێو و زۆر دڵڕەقانەی بەکارهێناوە، لەبەرئەوە مێژووی پیادەکردنی توندوتیژی لەلایەن مرۆڤەوە لەمێژووی مرۆڤ جیاناکرێتەوە[٤٤].

وەك زانراویشە تیرۆر وشە و چەمکێکی نوێیە، بەڵام وەك کردار لەگەڵ بوونی مرۆڤدا بوونی هەبووە، بۆیە هۆکار و شێوەیەکی دیکەیە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی لەلایەن مرۆڤەوە، لەبەرئەوە هەر لەسەرەتاوە هاوڕێی مرۆڤایەتی بوو، هەروەها بووە بەیەکێك لەشێوازە ناسراوەکان، بەتایبەتیش لەململانێ خوێناویەکانی نێوان ئەو هۆزانەدا، کە دووربوون لەشارستانێتیەوە، هەروەها بەشێوەیەکی

٤٤- نعمة علي حسين: مشكلة الارهاب الدولي، دار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ص ١١.

بەرچاویش لەیەکلاکردنەوەی حسابی نێوان کاراکتەرە سیاسیەکاندا بەدرێژایی سەردەمەکان بەکارهێنراوە.

تیرۆر هەر لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پێشکەوتنیدا بەمرۆڤەوە گرێدراوە، چونکە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی کارێکی کۆنی سروشتیە، لەبەرئەوە پشتگیری ئەو کەسە دەکەین کە پێی وایە "بیرۆکەی تیرۆر و توندوتیژی لەناخی مرۆڤدا حەشاردراون‌و بەپەرەسەندنی مرۆڤ و ژینگەکەی پەرەیسەندووە، هەروەها لەژینگەو ناوەندی تاکە کەسییەوە بۆ لایەنی گشتگیرانەی کۆمەڵگە گۆڕدراوە)[٤٥].

بەکارهێنانی توندوتیژی وەك ئامرازێکی سیاسیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، تەکنیکی تیرۆر و رێبازەکەی لەسەدان ساڵاوە زانراو و بوونی هەبووە، بۆیە دیاردەی توندوتیژی بەڕادەی کۆنیی بوونی یەکە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی لەسەر زەوی کۆنە، هەر لەوکاتەوە کە قابیل هابیلی برای کوشت، لەو کاتەوە خەڵکی بەشێوە گەلێك بە توندوتیژی ئاشنابوون کەپەیوەست نەبوون بەنەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام دەکرێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو لەناو پێوەر گەلێکی بابەتیی ئەبستراکتدا بەهاوڕێی کۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەکان

٤٥– نقلا عن د. محمد مؤنس محب الدين: الارهاب، مكتبة الانجلو المصرية، بلا تأريخ النشر، ص ٧.

وێنابكرێت، دواتریش ئێمه پراكتیككەلێكی دیاردەی توندوتیژی لەكۆمەڵگەكانی پێش مێژوو دواتریشداو تا سەردەمی ئێستاكەش بەدی بكەین[٤٦].

لەسایەی دەوڵەتی رۆمانیدا و لەسەردەمی كۆمارییدا هەندێك لەسەرەتاكانی تیرۆر دەركەوتن، ئەو كاتەی كۆمەڵێك لەجەنگاوەران چەند كلێگەیەكی دیاریكراویان سوتاند، كە ئاگرێكی گەورەی لێكەوتەوە و سەدان میلی لەخاكە چێنراوەكان گرتەوە، لەوەش زیاتر كوشتنی دەیان جوتیاریشی بەدواداهات، كە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت بۆ ئاسایی كردنەوەی دۆخەكە دەستوەردان بكات، چونكە كاریگەریەكی دەرونی خراپی لە ترسو تۆقین لەناو دڵی هاولاتیان لێكەوتبوەوە[٤٧].

بەمشێوەیە شێوەكانی تیرۆر بەدروستبوونی دەوڵەتی بەهێز زەقبونەوە، بەڵام بەر لەوە دەبێت ئاماژە بۆ ئەو كۆمەڵگە مرۆییانەش بكەین، كە لەسەر دژایەتی نێوان كۆمەڵە بەرهەمهێنەرەكان دەوەستن، بەم پێیەش پەیوەندیەكانی

---

٤٦- د. احمد حسين سويدات: الارهاب الدولي في ظل المتغيرات الدولية، منشورات الحقوقية، بيروت ٢٠٠٥، ص ١٢.

٤٧- ثامر ابراهيم الجمهاني: مفهوم الارهاب في القانون الدولي، دار حوران للطباعة والنشر، دمشق، بلا تاريخ نشر، ص ٢٢.

بەرهەمهێنان کاریگەریی هەبووە بۆ دەرکەوتنی یاساکانی خستنەگەڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانو هێزی بەرهەمهێن.

سەرەڕای ئەوەی کردەی تیرۆرستی لەسەردەمە جیاوازەکاندا شێوازی جۆراو جۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ناوەڕۆکی کردەوەی تیرۆرستی هەریەکە، کە بریتیە لەبەکارهێنانی توندوتیژی بۆ مەبەستی سیاسی یاخود ترسخستنە ناو دڵی بەرامبەر لەپێناو ئیرادەی خۆیدا.

شێوازەکانی تیرۆر لەسەردەمە کۆنەکاندا تێکەڵ بەشێوازەکانی جەنگو شەڕکردن دەبوون، کە جەنگاوەر یاخود شەڕکەر، جیا لەوەی لەئێستادا هەیە، سەرجەم شێوازەکانی لەپێناو شکاندنی ئیرادەی دوژمن بەکاردەهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ رێگرێکی یاسایی یاخود ئەخلاقیی و ویژدانی هەبێت، بەتایبەتیش پەنا بردن بۆ هۆکار و ئامڕازێکی سامناك لەجەنگەکاندا، کە تەنها مەبەستی ئەوە بوو ترس بخاتە دڵی دوژمنەوە، ئەم شێوازانەش لەهەڵمەتە سەربازییە کۆنەکاندا هاوڕێی جەنگەکان بوون[٤٨].

لەکۆندا مرۆڤەکان هۆکاری توندوتیژیان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردەهێنا، بۆ نموونە مێژووی فیرعەونەکانی میسر ململانێی نێوان

٤٨– معمة علي حسين، مرجع سابق، ص ١٢.

سەرجەم ئایدیا ئاینو ئایدۆلۆژیەکانی بەخۆیەوە بینیوە، کە هەردوولا دژی یەك توندوتیژیان بەکارهێناوە، لەوانەش کردەوەی تیرۆریستی بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمنەکانیاندا، وا دیارە کردە تیرۆریستیەکانی سەردەمی فیرعەونەکان لەشێوەی غافڵکوژیی سیاسییدا خۆیان نواندووە، لەوانەش غافڵکوژیی (ئوزوریس)ی فیرعەون، کە لەلایەن برا میرەکەیەوە کە ناوی (ست) بووە لەپێناو تەماعی کورسیەکەیدا ئەنجامدراوە[٤٩].

هەروەها پیاوانی ئاینی (ئامون)یان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ فیرعەون (حور)دا بۆ روخاندنی شاری ئەخناتون بەکارهێنا، کە دواتریش کردیە پایتەخت و مەڵبەندێك بۆ بیروباوەڕە نوێیەکەی[٥٠].

هەندێك لەسەرچاوە مێژووییەکانیش باس لەوە دەکەن، کە شارە یۆنانیە کۆنەکانیش بەتیرۆر ئاشنابوون، بەتایبەتی لەکاتی ململانێی نێوان ئولکارشین و دیموکراسیخوازەکاندا لەشاری کورسیکادا[٥١].

هەروەها کەسانێکی دیکەش وایدەبینن کە تیرۆری تاکە کەسی لەدەوڵەتی ڕۆمانیدا هاتبێتە ئاراوە، بەدیاریکراویش لەساڵی (٤٤

---

٤٩– د. احمد محمد عبدالوهاب، الجريمة السياسية من نطاق التجديد القانوني الى مجال التطبيق العملي، مركز الحضارة العربية، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٣.

٥٠– د. امام حسانين عطا الله، الارهاب البنيان القانوني للجريمة، دار المطبوعات الجامعية، مصر، ٢٠٠٤، ص٤.

٥١– نعمة علي حسين: مرجع سابق، ص ١٣.

پ.ز) دا، که چەند کەسێك هەستان بەغافڵکوژیکردنی یولیوس قەیسەری ئیمپراتۆری رۆمانی، که ئەم نموونەیە لەڕووداوە کۆنەکانی ئیغتیالکردنی (غافڵکوژیی) سەرۆکی دەوڵەتەوە سەری هەڵداوە[٥٢].

خۆرهەڵات نیشتمانی کۆنە تیرۆریستیە سەرەتاییەکان بووە، کە تیرۆری ئەنقەستو تۆقاندنو بەفیڕۆدانی سامانی گشتییان کردبوو بەهۆکارێك بۆ گەیشتن بەئامانجی سیاسیو ئایدیۆلۆژی، کە ناوچەکە لەو کاتەدا دوو کۆمەڵی ناودارانی خەڵکی بوونیان هەبوو، کە بریتی بوون لەسیکاری جولەکەو (الحشاشین)ی ئیسلامیی.

یەکەمین رێکخراوی تیرۆریستیش کە مێژوو ناسبێتی بریتی بووە لەڕێکخراوی (سیکاری) کە هەندێك لەپەڕگیرانی جولەکە لەفەلەستیندا دروستیانکرد، ئەوانەی لەکۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زاییندا دوای ئەوەی بابلیەکان لەساڵی ٥٨٦ پ.ز دا پەرتەوازەیان کردن و هاتبونە ناو وڵاتەکەوە، فەلەستین لەو کاتەدا بەشێك بووە لەئیمپراتۆریەتی رۆمانی، ئامانجی جولەکە هاتووەکانیش بنیادنانەوەی ئەو باڵەخانەیە بوو، کە بە پەرستگەی دووەم ناوزەد دەکرا، بەڵام ئەم رێکخراوە هەڵمەتێکی پێکەوە بەستراوی لەغافڵکوژیو سوتاندن و کاولکاری دژی رۆمانو دەوڵەمەندانی دانیشتوانی شار ئەنجام دا، کارەکەش

٥٢– محمد وجدي بكر الدباغ: الايديولوجية الصهيونية واسرائيل، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٨٩، ص ٣٦.

بەڕوخاندنی باڵەخانەکە لەساڵی ٧٠ی زایینیدا کۆتاییهات، دواتر رۆمان دەریکردن کە (بەدیارسبورا) دەناسرێن[٥٣].

سەدەکانی ناوەڕاستیش کۆمەڵ و رێباز گەلێکی ئاینی زۆری بەخۆیەوە بینی، کە پەنایان بردە بەر کوشتنی سیاسی، هەروەها شێوازە تیرۆریستیەکانیشیان بۆ چاندنی ترسو تۆقین لەدڵی دوژمنانیدا بەکارهێنا.

مێژووی ئیسلامیش بەکۆمەڵی (الحشاشین) ئاشنا بوو، کە خۆیان ناونابوو (الموفون بالعهد) (واتە: وەفاکەران بەپەیمان)[٥٤]، ئەم کۆمەڵەیە شێواز گەلی تیرۆریستانەیان دژی نەیارانیان بەکارهێنا، بەتایبەتیش غافڵکوژییەکان (الاغتیالات).

(حشاشون) لەسەدەی یانزەداو لەماوەی فەرمانڕەوایی سەلجوقیەکانی جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوتن، هەروەها (حشاشون) لەڕووی بیروباوەڕەوە سەر بەڕێبازێکی (باطنیة) بوون کە بە(الاسماعلیة) ناودەهێنران، کە چیاکانی ئەڵەموتیان لەئێراندا کردە

---

٥٣- د. عزيز شكري: الارهاب الدولي، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١، ص٢٢.

٥٤- د. امام حسانين عطا الله، مرجع سابق، ص ٨-٩.

بنکەی خۆیان، هەروەها دامەزرێنەکەشیان شێخ عەلائوددین بوو، دواى ئەوەش حەسەن ئەلسەباح فەرمانڕەوایی کردن[٥٥].

وشەی تیرۆر (الارهاب Teroressim )تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسیی لەساڵی ١٧٨٩دا مانا سیاسی و یاساییەکەی بەدەستنەهێنا، بەکارهێنانیشی بەشێوەیەکی فراوان بەڕێوە نەچوو، هەرچەندە چەند کارێکی تیرۆریستی لەسەدەکانی پانزەهەمو شانزەهەمو حەڤدەهەمدا بوونیان هەبوو، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بەکاری جەردەیی دەریاییەوە، کە هەندێك لەجەردەکانی دەریا ئەنجامیان دەدا[٥٦].

بۆیە مێژووی راستەقینەی چەمکی تیرۆر بەدەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسی بەدیاریکراویش دوای وەرگرتنی کورسی دەسەڵات لەفەڕەنسا لەلایەن یەعقوبیەکانەوە لەنێوان (١٧٨٢-١٧٩٤ن)دا دەستی پێکرد[٥٧].

فەرماندەی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی (رۆپسێر) لەیەکەمین بانگەشەکارانی بەکارهێنانی تیرۆر بوو، کە وەك هۆکارێك بۆ دەسەڵات

---

٥٥- فرهاد دفتري، خرافات الحشاشين واساطير الاسماعيليين، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص ٢١١.

٥٦- نعمة علي حسين: مرجع سابق، ص ١٤.

٥٧- د. امام حسانين عطا الله، مرجع سابق، ص ١١.

بەكاریدەهێنا، بە هاتنی رۆپسێر سەردەمی تیرۆر لەفەرەنسادا دەستیپێكرد، چونكە فەرمانێكی دەركرد كە بەفەرمانی(٢٨ی ئابی ١٩٧٨) دەناسرێت، -بەگوێرەی ئەم فەرمانە- رێگای بەدەسەڵاتە شۆرشگێرییەكان دا هەڵبكوتانە سەرماڵەكان و بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتێكی پێشوەختە لەلایەن دەسەڵاتە یاساییەكان بەبیانوی راوەدونانی دوژمنانی شۆرش بیانپشكنن، بەڵام ئەم سەردەمە ناوبانگەكەی لەوەوە وەرگرت كە لەمێژوودا بەقەسەبخانەكانی ١٢ی ئەیلول ناوزەد دەكرێت، كاتێك كۆمەڵانی خەڵك و تاكەكانی پاسەوانی نیشتمانی دەستیان كرد بە هێرشكردنە سەر بەندیخانەكان، ئەمەش وەك بەدەنگەوەچوونی بانگەوازی یەكێك لەفەرماندەكانی شۆرشی فەرەنسی بوو، هێرشبەران كەوتنە كوشتنی سەرجەم زیندانیەكان، هۆكارەكەش بۆ ئەو گومانە دەگەرایەوە، كە زیندانیەكان هاوكاری هێزە بیانیەكان دوژمنانی شۆرشەیان كردووە[٥٨].

كارە تیرۆریستیەكانی حكومەت بەدوای یەكتردا هاتن، لەناوەراستی ساڵی ١٧٩٣دا رۆپسپێر داوای لەئەندامانی حكومەت كرد كە "تیرۆر بخەنە ئەجێنداكانیانەوە"[٥٩]، هەروەها لە (٢٥ی

---

٥٨- د. محمد مؤنس محبد الدین، مرجع سابق، ص ٢٢.

٥٩- د. محمد مؤنس محب الدین، مرجع سابق، ص ٢١١.

کانونی یەکەمی ١٧٩٣)شدا لەوتارێکیدا گوتی "پێویست نیە ترس بخەینە دڵی نیشتمانپەروەران، بەڵکو پێویستە بیخەینە حەشارگەکانی تاوانبارانەوە، کە خوێنی گەلی فەرەنسی دەخۆنەوە"[٦٠].

بەمشێوەیە حکومەتی یەعقوبی تیرۆری وەك شێوازێکی نموونەیی بۆ چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا پەیرەو کرد و بەشێوەیەکی فراوانیش هانی خەڵکیدا بۆ ئەنجامدانی دەدا، ئامارەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە لەشەش هەفتەی کۆتایی فەرمانڕەوایی یەعقوبیەکاندا، بە تەنیا لە پاریس (١٣٦٦) هاوڵاتی فەرەنسیی لەسێدارە دراون[٦١].

کەوتنی رۆپسێر لە (٢٧ی تەموزی ١٧٩٤دا) و لەسێدارەدانی لە ٢٨ی تەموزی ١٧٩٤ دا، بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی یەعقوبیەکان، شوێنەوارێکی ئاشکرای هەبوو لەبەکارهێنانی زاراوەی تیرۆردا، چونکە یەعقوبیەکان زاراوەی تۆقاندن Terour یان بەسەر خۆیاندا بەکاردەهێنا، هەروەها نەیارەکانیشیان لەپێشەوەی ئەوانەبوون کە

---

٦٠– نقلا عن د. اوندنیس العکرة: الارهاب السیاسي، دار الطلیعة، ط ٣، بیروت ١٩٩٣، ص ٣٧.

٦١– د. امجد جلال: الارهاب والعنق السیاسي، دار الحریة للصحافة والطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٦، ل ٨٩.

ڕۆپسپێر و ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەیان بەتۆقاندنو تیرۆر تۆمەتبار دەکرد.

دەرکردنی بڕیارێك بەسەر ڕۆپسێردا وەك تیرۆریستێك Terrorisme بەئاکام گەیشت، ئیدی ئەمە یەکەمین بەکارهێنانی وشەکە بوو، ڕۆپسێریش بوو بە یەکەمین کەس کە بڕیاری ئەم سیفەتەی بەسەردا درا[٦٢].

سەدەی نۆزدەیەم دەرکەوتنی بزوتنەوە گەلێکی بەخۆیەوە بینی، کە کاری تیرۆریستیان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجامدەدا، بۆ نموونە لەولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕەگەزپەرستە سپی پێستەکان ڕێکخراوێکیان بەناوی (کوکلاس کلان) لەویلایەتەکانی باشور دژی ڕەشپێستەکانو مافە مەدەنیەکانیان دامەزراند، کە ڕێکخراوە لەسێدارەدان (Lgnch)ی وەك یاسایەك بۆ خۆی پیادە دەکرد[٦٣].

کارە تیرۆریستیە گەورەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەئەوروپادا دەرکەوتن، بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی بزوتنەوە ئانارشیستەکان، تیرۆر بوو بە ڕەنگدانەوەی ئەو کارانەی لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا پەیڕەو دەکران، کە فەرمانڕەواکان

---

٦٢- د. ادونيس العكرة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

٦٣- نعمة علي حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

کارەکانیان دەگواستەوە بۆ دەستی شۆڕشگێڕان یاخود بڕیار بەسەر دراوەکان[٦٤].

ئانارشیستەکان (ئاژاوەچیەکان) شەپۆلێکی کاری تیرۆرستیان لەئەوروپادا دەست پێکرد، بەتایبەت لەڕوسیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا وبەریتانیادا، شێوازی کاری ئانارشیستەکان جەختی لەسەر تیرۆرکردنی رەمزەکانی دەسەڵات دەکردەوە، وەك هۆكارێك بۆ تیرۆر و وازهێنانی فەرمانڕەوەکان لەپێناو گۆڕینی سیستمی سیاسیدا، لەدەرەنجامەکانی تیرۆری ئاژاوەچیانەش ئەوە بوو، کە رێکخراوی ئیرادەی گەلی روسیی (نارودنایا فواریا) کردی، کە لەساڵی ١٨٨١ دا هەستا بە تیرۆر کردنی قەیسەری روسیا، هەروەها هەریەکە لە(کارنۆت)ی سەرۆکی فەڕەنسی لەساڵی ١٨٩٤دا، وەزیری یەکەمی ئیسپانیا کانوڤا Canova لەساڵی ١٨٩٧ دا، ئەلیزابیسی ژنە ئیمپراتۆری نەمسا لە ١٨٩٨دا بوون بەقوربانی کارە ئاژاوەچیەکان و تیرۆر کران[٦٥].

هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگی یەکەمی جیهانی پەیوەست بوو بەبابەتی تیرۆرکردنی جێنشینی سەرۆکی نەمسا – مەجەڕ

٦٤– د. محمد مؤنس محب الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

٦٥– د. فرغلي علي تسن: تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، جامعة العلاقات الدولية، بلا تاريخ نشر، ل ٩٣.

"ئەرشیدوق فەردیناندگ لەشاری سیرایڤۆی پایتەختی بۆسنەدا، کە لە(٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤)دا، لەسەر دەستی یەکێك لەئەندامانی رێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراو بە "دەستە ڕەشەکە — لەپەدەستە رەشەکە"[٦٦] تیرۆر کرا.

لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەساڵی ١٩١٤دا، کارە تیرۆریستیەکان لەئەوروپادا کەمبونەوە، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگەکەو دابەشکردنی دەوڵەتانی جیهان و دەرکەوتنی ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالیستیانەی بانگەشەی رزگارییان دەکرد، جیهان شەپۆلێکی دیکەی لەبزوتنەوە تیرۆریستیەکان بەخۆوە بینی، کە بەتیرۆری شیوعیەتی پرۆلیتاری، یاخود تیرۆری سور ناوزەند دەکران.

لە(ساڵی١٩٣٤)دا ئەلیکساندەری یەکەمی پاشای یوگوسلاڤیا و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لەو وڵاتەدا لەلایەن رێکخراوێکی کرواتییەوە تیرۆرکران، لەمیانی لێکۆڵینەوەشدا تێوەگلانی چوار دەوڵەت لەڕوداوەکە ئاشکرا بوو، ئەمەش وای لە فەڕەنسا کرد کە کەیسەکە بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بەرز بکاتەوە.

---

٦٦– د. عبدالوهاب القیسی: تأریخ العالم الحدیث، چاپی یەکەم، جامعة الموصل، ١٩٨٣، ل ١٣.

مۆرکردنی دوو ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیش سەبارەت بەتیرۆر کەوتە دوای ئەو ڕووداوەوە، کە لە(١٦ی تشرینی دووەمی١٩٣٧)دا مۆرکران، یەکەمیان تایبەت بوو بەڕێگرتن لەتیرۆر و لەناوبردنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دووەمیشیان تایبەت بوو بەدامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تاوان بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی کارە تیرۆریستیەکا ن[٦٧] ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێکەوتنامەکە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەی گەلانەوە پەسەند نەکرا و دواتریش جەنگی دووەمی جیهانی دووەم سەری هەڵدا، جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە لەبیرکرا.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی١٩٤٥دا، جیهان بەدرێژایی ماوەی ساڵانی پەنجاکان‌و شەستەکان کاری گەورەی تیرۆریستی بەخۆیەوە نەبینی، جگە لەو تیرۆرە سیستماتیکانە نەبێت، کە ستەمکارەکان دژی گەلەکانیان پیادەیان دەکرد، .

بەڵام شەپۆلێکی نوێی تیرۆر لەدوای (ساڵی١٩٧٢)ەوە جیهانی راماڵی، ئەویش ئەو کاتە دەستی پێکرد، کە ئیسرائیل لەکاتی ئەنجامدانی پێشبڕکێی یارییە ئۆڵەمپیەکاندا هەستا بە کوشتنی

---

٦٧- د. بارعة القدسي: المحكمة الجنائية الدولية، طبيعتها واختصاصاتها، مجلة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد ٢، العدد الثاني، ٢٠٠٤، ل ١١٨.

کۆمەڵێك فەلەستنینی وەرزشوانانی ئیسرائیلی لەمیۆنیخ، ئەو تیرۆرە بە تیرۆری نێودەوڵەتی ناوزەند کرا.

هەروەها سالآنی حەفتاکانو هەشتاکانیش جۆرە تیرۆرێکی بەخۆیەوە بینی کە بە "تیرۆری چەپ" ناوزەند دەکرا، وەك ئەو کارانەی رێکخراوی سوری (الاولیە) لەئیتالیا و هەردوو رێکخراوی سوپای سور و شانە شۆڕشگێڕەکان لەئەڵمانیادا، رێکخراوی ئیتا لەئیسپانیا، سوپای کۆماریی نهێنی ئیرلەندی لەبەریتانیا ئەنجامیان دەدا[٦٨]، هەروەها تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتی سەرۆکی کۆماری میسر لەساڵی ١٩٨١دا چووە قالبی هەمان تیرۆرەوە[٦٩].

لەکۆتایی نەوەدەکانیشدا جیهان سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی لەڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بەخۆیەوە بینی، کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان ئاینیان کردە بیانوو، ئەم ڕێکخراوانەش بە رێکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەند کران، لەنموونەی کۆمەڵەکانی تەکفیرو هیجرەت لەمیسر، ئەنسارولئیسلام لەکوردستانی عیراق، قاعیدە لەپاکستان، تالیبان لەئەفغانستان و دەوڵەتانی دیکەشدا.

---

٦٨- د. عصام عبدالفتاح عبدالسمیع مطر: الجريمة الارهابية، دار الجامعة الجديدة للنشر، مصر، ٢٠٠٥، ل ٧٠.

٦٩- هەمان سەرچاوە، ل ١١.

تاکەکانی ئەم گروپانە هەستان بەکاری بەدی تیرۆریستی وەك کوشتنی (سیاح) لەمیسر، هەروەها قاعیدە کاری فراوانی تیرۆریستی لەکینیاو یەمەن‌و سعودیەدا ئەنجامدا، لەپاشاندا لە (١١ی ئەیلولی ٢٠٠١دا) هێرشی کردە سەر باڵەخانەی بازرگانیی جیهانی لەئەمریکا، کە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان لەپێناو بنبڕکردنی کارە تیرۆریستیەکاندا هەوڵی مەزن بدەن، کە ئێستا وایانلێهاتووە مۆرکی نێودەوڵەتیان وەرگرتووە.

# بەشی دووەم:

# هۆکارو پاڵنەرەکانی تیرۆر
# و
# جۆر و شێوەی تیرۆر

## باسی یەکەم:
## هۆکارو پاڵنەرەکانی تیرۆر

هەندێك لەدەوڵەتان لەهێنانەدی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و هەڵوەشاندنی کۆمەڵگە پاشکۆیەکان دەستوەستان بوون، وەك شوێنەوارەکانی کۆلۆنیالیزم، قەرزو یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان، پێدانی دروشمو بەڵێنە ناواقیعیەکان بەگەلان، دەستدرێژیکردنە سەر موڵکدارێتی تایبەتی، دەستبەرسەرداگرتنی، ستەمکاری، لوتبەرزی و رەگەزپەرستیە مێژوییەکان، رقو کینە کۆمەڵایەتیەکان، ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر ناوچەکانی دەسەڵات، جەنگە ناوخۆییەکان بەمەبەستی بەفیڕۆدانی داهاتە ماددیو مرۆییەکان، جیاکاریی رەگەزیی، توندوتیژی دەسەڵاتگەرانە، کۆتاکان، شۆڕشەکان، توندوتیژیو پەڕگیری، رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن، سوکایەتی و گاڵتەپێکردنو سەرشۆڕکردنی مرۆڤ، پەروەردەی ناواقیعیی[٧٠].

٧٠- د. علي بن فايز الجحني: الارهاب، الفهم المفروض، الارهاب المفروض، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ٢٠٠٠، ص٢١.

تیرۆر له کردەوەکانیدا شێوازی هەمەجۆر بەکاردەهێنێت، وەك شێوازەکانی رفاندن، غافڵکوژی، رفاندنی فڕۆکەو رووتکردنەوە، کاولکاریو سەربڕین، تەقاندنەوە، چاندنی تەقەمەنی، ئاگرتێبەردان، دزینی چەكو هەڵکوتانە سەربانو گەنجینەکان، ڕێباز و شێوازی دیکەش.

کردەوەی تیرۆرستی چەند پاڵنەرێکی هەیە لەوانە پاڵنەرە ئەمنیو ئابوریو سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتیو میدیاییو دەرونیەکان... هتد.

بەڵام ئەو هۆکارانەی پێویستە لێیان بکۆڵرێتەوە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر دیاریکردنێکی واقیعیانە و تەواوی هۆکارەکانی تیرۆر، بریتین لە:

## یەکەم: ئامانجی تیرۆرستان لە ئەنجامدانی کارەکانیان:

هۆکارە ئەمینەکان: ئامانجی راستەوخۆی تیرۆر تێکدانی ئارامیی وڵاتە، کە بەهۆیەوە زیان بەئاسایشو سەلامەتیەکەی دەگەیەنێت، چونکە سەرجەم کارە تیرۆریستیەکان کار بۆ خوڵقاندنی دۆخێك لەنەبوونی ئاسایشو ئارامی دەکەن، هەروەها هەتا کۆمەڵگەش نائارامو نائاسایش بێت، ئەرکی پیادەکردنی کارە تیرۆریستیەکان

تێیدا ئاسانتر دەبێت، تیرۆرستانیش لەو کاتەدا دەتوانن زۆر بە ئاسانی و بەبیٚ هیچ لەمپەر و ترس و تۆقاندنێك لە نێوان خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە.

لەمیانی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی تیرۆر دەردەکەوێت، کە هۆگارگەلێکی ئەمنیی زۆر لەئارادان، کە دەبنە هۆی زیادبوونی لەقکردنی فەزای گشتی ئەمنی، هەروەها لەفراوانکردنی کەموکورتییەکانی ناو لەکۆمەڵگەشدا بەشدار دەبن، لەمبارەیەوە دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژە پێبدەین کە ئەمانەن:

١/ کادیرەکانی ئاسایشی دەوڵەت لە پێشبینی کردنی کاری تیرۆریستی لێهاتوو نین، کە ئەمە دەبێتە فاکتەرێك بۆ پەرەسەندنی کارە تیرۆریستیەکان، چونکە کاری ئەمنی بریتی یە لەبنبڕکردنی تیرۆر، بۆیە پێویستی بە توانای پێشبینی رووداوەکان هەیە پێش ئەوەی ڕوبدەن، ئەوەش لەرێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەیان ئەنجام دەدرێت، هەروەها وازهێنانی کادیرەکانی ئاسایش بەچارەسەری شوێنەوارەکانی پرۆسە تیرۆریستیەکان دوای رودانیان، بەشێوەیەکی مسۆگەر دەبێتە هۆی زیادکردنی قەبارەی بازنەی ئەو پرۆسانە[٧١].

٧١- د. ادونيس العكرة: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٤٢.

٢/ بێ متمانەیی هاوڵاتیان بەدەزگا ئەمنیەکان: نەبوونی متمانەی هاوڵاتیان بەدەزگای پۆلیس یاخود بنەبڕکردنی تیرۆر، دەبێتە هۆی زیادبوونی کارە تیرۆریستیەکان لەلایەن ئەو گروپە تیرۆرستیەکانەوە، لەبەر ئەوە رەفتاری دەزگاکانی ئاسایش لەبەرامبەر تاکی کۆمەڵگەدا و هەستانیان بەو رەفتارانەی زیانیان پێ دەگەیەنێت، پاڵ بەهاوڵاتیانەوە دەنێت کە زانیاری بەدەزگاکانی پۆلیس نەدەن، لە بەرامبەریشدا بوونی کەناڵەکانی پەیوەندی راستەوخۆی نێوان دەزگاکانی ئاسایشو هاوڵاتیان و زیادبوونی متمانەی تاکەکانی کۆمەڵەگە بەدەزگاکانی ئەمنیی، قەبارەی کارە تیرۆریستیەکان کەم دەکاتەوە، ئەم سیاسەتە خوازیاری بەرزکردنەوەی ئاست و ئەدای دەزگا ئەمنیەکانو چاککردنی رەفتاریانە لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا[٧٢].

٣/ بڵاوبونەوەی بازرگانیی چەك: کۆنترۆڵ نەکردنی بازاڕی بازرگانیی بە چەك و بێتوانایی دەوڵەت لەدانانی سیستمێك کە ڕێگریی لەو کارە بکات، دەبێتە هۆی رەخساندنی هەلومەرجێکی گونجاو بۆکردەوە تیرۆریستیەکان، چونکە کۆمەڵە تیرۆریستیەکان بەزۆریی گیرۆدەی کێشەی دەستنەکەوتنی چەکن، بۆیە دەستەوستان بوونی دەوڵەتو دەزگاکانی ئاسایش لەکۆنترۆڵکردنی بازرگانیی چەك،

٧٢– د. محمد مؤنس محب الدين: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٢١٢.

بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یاریدەی ئەو کۆمەڵانە دەدات تاوەکو چەكو کەلوپەل وەدەستبخەن[٧٣].

لەمەوە بۆمان دەرکەویت، کە هۆکارە ئەمنیەکان (تاکەکانو دەزگاکان) لەخودی خۆیاندا هۆکار نین بۆکاری تیرۆریستی، بەڵکو لەقۆناغەکانی دواتری دەرکەوتنیدا، بەشداردەبن لەفراوانکردنی دیاردەی تیرۆر و هاندان بۆ بەردەوامبون لەکارە تیرۆریستیەکانیدا.

## دووەم/ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر:

### ١/ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:

یەکەم: ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی دەبنە مایەی تیرۆر، پەیوەستن بەدۆخی فرەیی‌و پێکەوە گونجانی کەلتوریی لە کۆمەڵگەدا، کاتێك پلەیەکی باڵا لەتوانەوەی کەلتوری‌و ژیاری لەئارادا بێت، پلەی مەیلە تیرۆریستیەکان کەمدەبنەوە، ئەوەش بەهۆی سەروەریی و شوناسی گشتیەوە، کەلتورو، کەسایەتی گشتی کۆمەڵگەوە، کە بەهاو دابونەریتەکان دەنوێنین، ئیدی شوناسی تایبەت‌و شوناسی گشتی لەیەك شوناسی کۆکەرەوەدا یەکدەگرن، پرۆسەی توانەوە لەناو یەکتردا لەم کۆمەڵگایە زاڵ دەبێت، لێرەدا

٧٣- علي بن فائز الجحني: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٢٠٣.

سیستمێکی سیاسی مەرکەزیش دروستدەبێت و گەیشتن بەکۆدەنگیەك سەبارەت بەکەیسە بنەڕەتیەکانیش ئاسان دەبێت[٧٤].

دووەم: ئەم پلەی گونجانە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم کارە تیرۆریستیەکاندا، چونکە مەیلو پرۆسە تیرۆریستیەکان لەدۆخی کۆمەڵگەیەکدا دەردەکەون، کە پرۆسەکانی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتیو رەگەزیی زاڵ بن تیایدا، کۆمەڵگەی فرەیی (المجتمع التعددي) لەچەند کۆمەڵێك پێکدێت، کە دەست بەشوناسی تایبەتی خۆیانەوە دەگرن، بەڵام پێویستە شێوازێك بهێنێتە ئاراوە کە شوناسی تایبەتو شوناسی گشتی پێکەوە بگونجێنێت.

ئەم کۆمەڵگانە ماوە بەماوە بەهۆی دەستێوەردانی دەرەوە یاخود بەهۆی زاڵبونی زۆرینە یان یەکێك لەکەمینەکان بەسەر سەنتەرەکانی هێزو شکۆو دەوڵەمەندیدا، گیرۆدەی قەیرانی ناوخۆیی دەبنەوە[٧٥].

بۆیە گومانی تێدا نیە کە ئەم هۆکارانە پاڵ بەم گروپانەوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت.

---

٧٤- حليم بركات: المجتمع العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩١، ص١٥.

٧٥- د. احمد فلاح العموش: اسباب انتشارات ظاهرة الارهاب، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ١٩٩٩، ص١٥١.

### ٢/ هۆكاره ئابوورییه‌كان

یه‌كه‌م: هۆكاره ئابوورییه‌كان په‌یوه‌ستن به‌دۆخی نایه‌كسانی ئابوری‌و مادده‌گه‌رایی نێوان چین‌و گروپه جیاوازه‌كانی كۆمه‌ڵگه، هه‌روه‌ها دۆخی نایه‌كسانی كۆمه‌لایه‌تیش په‌یوه‌سته به‌دیارده‌ی هه‌ژاری و بێكاری‌و نه‌بونی دادپه‌روه‌ریی له‌دابه‌شكردنی سامانه ئابوریه‌كاندا و قۆرخبونیان له‌ده‌ستی گروپێك یاخود گروپ گه‌لێكی كۆمه‌لایه‌تیدا، كه ئه‌مه‌ش پاڵنه‌ری پرۆسه تیرۆریستیه‌كانن بۆ هێنانه‌دی ئامانجه ئابوریه‌كانیان، كه بۆ پڕكردنه‌وه‌ی پێداویستیه ماددی‌و كۆمه‌لایه‌تی‌و ده‌رونیه‌كانیان ئه‌نجامی ده‌ده‌ن، له‌وانه‌شه هه‌ژاره‌كان پێش هه‌ر كه‌سێكی دیكه له‌لایه‌ن گروپه تیرۆرستیه‌كانه‌وه هه‌وڵی قۆستنه‌وه‌یان بدرێت، به‌شێوه‌یه‌ك كه ده‌كرێن به‌چه‌كدار و ده‌بنه به‌شێك له‌رێكخستنێكی تیرۆریستی له كۆمه‌ڵگه‌دا.[٧٦]

ئه‌وه‌ی له‌ژیانی خۆشگوزه‌رانی و لوتبه‌رزی ده‌وڵه‌مه‌نده‌كان ده‌بیسرێت، له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی گیرۆده‌ی خه‌یاڵه‌كانیانن، ژینگه‌یه‌كی گونجاو بۆكاری رێكخستنه تیرۆریستیه‌كان ده‌هێننه كایه‌وه، به‌شێوه‌یه‌ك كه رێكخستن و به‌چه‌كدار كردنی ئه‌مانه دژی كۆمه‌ڵگه ئاسان ده‌بێت، چونكه ئه‌م جۆره كه‌سانه خاوه‌نی توڕه‌یی كینه‌یه‌كی

٧٦– د. احمد فلاح العموش: سه‌رچاوه‌ی پێشو، ل١٥٢.

زۆری دژی دەوڵەت و سیستمە ئابوریەکەین، لەلایەکی دیکەشەوە کردەوە تیرۆریستیەکان دەبنە خێراترین هۆکار بۆ دەستخستنی پارەی زۆر و گەیشتن بەژیانێکی خۆش و گەشەی کۆمەڵایەتی لای کۆمەڵگە هەژارەکان، بۆیە زۆرێك لەکارە تیرۆریستیەکان پاڵنەرەکەیان تۆڵەسەندنەوە دەبێت لەخاوەن سەرمایەکان، هەروەها دەستخستنی سامانەکانیان وەك فیدیەیەك لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو کەسانەی دەیانرفێنن لەنزیکەکانیان دەبێتە ئامانجێکی دیکەی تیرۆرستان[٧٧].

دووەم: سیاسەتی ئابوری دەوڵەت لەفەرامۆشکردنی هەندێك ناوچەدا و گەشەپێنەدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی راستەقینە تێیاندا، زەمینەیەکی لەبار بۆ کارو جوڵەی کۆمەڵە تیرۆریستیەکان دەڕەخسێنێت، کە وەك کاردانەوەیەك بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتو پشتگوێخستنی ئەنقەستیاندا دەردەکەون، لێرەشدا دەکرێت تێبینی ناوچەکانی (صعید لە میسر) بکرێت، کە لەڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە لەبەشەکانی تری دەوڵەت دواکەوتوترن، بۆیە لەو ناوچەیەدا دەرکەوتنی چڕی کۆمەڵە تیرۆریستیەکان دەبینران، هەروەها دەرکەوتنی رێکخراوە تیرۆریستیە ئیتاڵیەکان لەدورگەی

٧٧- د. عصام عبدالفتاح عبدالسميع مطر: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٢٨.

سەقلیەدا کە لەڕووی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەوە لەناوچە ئیتالّیەکانی تر دواکەوتوو ترە، ئەمانە دەتوانرێت وەك دوو نموونە بۆ پەیوەندی جەوهەری نێوان (تیرۆر) و (پشتگوێ خستنی ناوچەکان) سەیر بکرێن.

### ٣/ هۆکارە سیاسیەکان:

یەکەم: تیرۆر بەشێوەیەکی پتەو پەیوەستە بەسیاسەتەوە، زۆرێك لەوانەی شارەزای بواری تیرۆرن، تایبەتمەندییەکی جێگیریان لەو تاوانەدا بەدیکردووە، کە ئەویش ڕەهەندی سیاسیە، چونکە زۆرینەی کردەوە تیرۆریستیەکان بانگەشەی ئەرك و بەرنامەی سیاسی بۆ خۆیان دەکەن، بۆیە وا دەردەکەوێت کە هۆکارە سیاسیەکان بەگرنگترین فاکتەری بزوێنەری دیاردەی تیرۆر هەژمار بکرێن، هەروەها وادیارە نەتوانرێت تیرۆر و سروشتی سیستمی ئامادەی سیاسی لەدەوڵەتدا لەیەکتر دابڕێنرێن، چونکە سیستمی سیاسی دەوڵەت و سروشتی ئەو شەرعیەتە سیاسەی لەدەسەڵاتەکەیدا بوونیان هەیە، لەگەڵ سەرکەوتن یان شکستهێنان لەدەستبەردارکردنی ئازادییە گشتیەکاندا، پەیوەندیی راستەوخۆیان بەبوون‌و مەودای فراوانیی بازنەی تیرۆر و توندوتیژییەوە هەیە[٧٨].

---

٧٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

دووەم: هەندێك پێیانوایە کە بەردەوامیی دەوڵەت لەسەرکوتکردنی ئازادیی سیاسی و گاڵتەکردن بەمافی هاوڵاتیان و گۆڕانکاری لەناکاوی سیاسی لە دەوڵەتدا، لەهۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی تیرۆرن، چونکە زۆرێك لەو کارە تیرۆریستیانەی لەدەوڵەتە دیکتاتۆریو ستەمکارەکاندا رودەدەن، هۆکارەکەی هەر ئەو حکومەتو دەوڵەتانەن، کە لەزامنکردنی کەناڵی فەرمیی بۆ هاوڵاتیان بۆدەربڕینی بۆچونەکانیان لەسیاسەتی دەوڵەت و رێنماییەکانیدا شکستیان هێناوە، لەبەر ئەوە ئەمە پاڵ بە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە دەنێت پەنا بۆ هۆکارێکی نهێنی بەرن، بۆ ئەوەی گوزارشت لەرەخنە شاراوەکانیان بکەن، کە لەئاکامدا بۆ پشتگیری کردنی کاری تیرۆریستی دژی دەوڵەتو حکومەتەکان سەردەکێشێت[٧٩].

سێیەم: هاوبەشی پێنەکردنی هاوڵاتیان لەبڕیارە سیاسیە چارەنوسسازەکانی دەوڵەتدا، وەك ئازادی حزبەکان و رێکخراوە سیاسیەکان بۆ هاوڵاتیان، بوار دەکاتەوە بۆ دروستبونی ئاراستە گەلێکی سیاسی کە بەناچاری پشتگیریی توندوتیژی بکەن، کە ئەمەش بێگومان خاڵیی نابێت لەکاری تیرۆریستی.

٧٩- نعمە علی حسین: سەرچاوەیەکی پێشو، ل١٩.

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێك پێیانوایە، کە رکابەریی نێودەوڵەتیی و ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان وڵاتانی جیهان، پاڵ بەهەندێك لەدەوڵەتانەوە دەنێت بۆئەوەی پشتگیری لەهەندێك لەرێکخراوە تیرۆریستیەکان بکەن، کە ئەمەش بەئامانجی هێنانەدی بەرژەوەندی سیاسی تایبەت بەخۆیانە[80]، بۆیە کارکردنو پشتگیری دەرەکی بۆ رێکخراوە تیرۆریستیەکان، هێشتا و بەردەوام لەگرنگترین هۆکارە شاراوەکانی پشت تاوانەکانی تیرۆرن.

### ٤/ هۆکارە ئایدیۆلۆژیەکان

یەکەم: ئایدیۆلۆژیا رۆڵی جوڵێنەری لەزۆرێك لەکارو مومارەسە تیرۆریستیەکاندا هەبووە، بەشێوەیەك ئەو ئایدیا و پرنسیپە باڵایانەی ئەوان باوەڕیان پێ هێناوە پاڵی پێوەناون بۆ ئەنجامدانی درێوترین کار لەژێر پاساوی مرۆیی یان نەتەوەیی یاخود ئاینی..هتد بووە، بۆنمونە ناکرێت نکوولێی لەڕۆڵی پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی بکرێت لەبرایەتیو یەکسانیو دادپەورەری، کە دەرکەوتنی شەپۆلێکی توندی ئایدیۆلۆژی (یەعقوبیەکان) لەفەرەنسادا بەدوای

٨٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

خۆیدا هێنا، کە تیرۆریان وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان بەکارهێنا[81].

دووەم: سەرجەم ئایدیۆلۆژیا چەپ و ناسیۆنالیستیە (کە لەسنور دەربچن‌و بین بەڕەگەزپەرست)ی ئاینیەکان، بەوە جیادەکرێنەوە کە دان بەعەقڵ‌و بەهاو پرنسیپ‌و شێوازی ژیانی ئەوانی دیکەدا نانێن، چونکە ئەوان لەبنەڕەتدا ئەو جیاوازیە قبوڵ ناکەن کە لەسروشتی پێکهاتەی مرۆیی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی بونیان هەیە، لەبەر ئەوە دان بەجیهانی دەرەکی‌و دەروبەری خۆیاندا نانێن، ئەوەندەی بۆیان بکرێت هەوڵی گۆڕین‌و وێرانکردنی دەدەن، لێرەشدا هۆکارە تیرۆریستیەکان دەبنە کاری لە پێشینەی ئەو گروپە ئایدۆلۆژیایانە.

### ٥/ هۆکارە سایکۆلۆژیەکان:

یەکەم: سایکۆلۆژیای تاکە کەس لە ئەنجامدانی تاوانە ئاساییەکاندا رۆڵێکی ئاشکرا دەبینێت، ئەگەری ئەوەشی هەیە ئەم فاکتەرە هەمان ڕۆڵ لەتاوانە تیرۆریستیەکاندا بگێڕێت، هەروەها نەخۆشیە دەرونیەکانیش لەنەبوونی توانای تاك لەجیاکاریی نێوان

---

٨١– د. فرغلي علي تسن: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٩٣.

باش‌و خراپدا ئەگەری هەمان کردەوەی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئارەزوی تۆڵەکردنەوە لەکۆمەڵگەو تاکەکانیدا، رۆڵێکی ئاشکرا دەبینن لەهاندانی زۆرێك لەتاکەکان بۆ ئەنجامدانی تیرۆرو توندوتیژی.

دووەم: دەشێت دیاردە دەرونیەکانی وەك ناجێگیریی دەرونی‌و حەزکردن بەدەرکەوتن و هەستکرن بەپەراوێزخستن‌و شکست لەژیانی خێزانیدا یان لەکۆمەڵگەدا، هانی تاك بدەن هەستێت بەکارێکی توندوتیژی و تیرۆریستیانە، کە ئامانج لێی سەلماندنی دەسەڵاتی خۆیەتی وەك تاك، هەروەها لەوانەشە رەشبینی‌و بێزاری‌و خەمۆکی، کەسەکان هانبدەن بۆ ئەنجامدانی چەند کارێك کە بەهۆیانەوە لەواقیعی ئێستای خۆیان هەڵبێن، کە کەناکرێت نکوولێی لەوە بکرێت کە زۆرێك لەکارە خۆکوژیە تیرۆریستیەکان خاوەنی پاڵنەری دەرونی و تایبەتین[٨٢].

سێیەم: فاکتەری دەرونی بە پلەی یەکەم دەبێتە هۆی رەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو بۆکاری رێکخراوە تیرۆریستیەکان، بۆیە لەم کاتەدا پرۆسەی بە چەکداری کردن و بەئەندامکردنی ئەو کەسانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە ئاسان دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ ژینگەکەی خۆیاندا ناگونجێن، پلەی دووەمیش ئەو کەسانە

---

٨٢- د. محمد مؤنس محب الدین: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٧٧.

دەگرێتەوە کە کێشەی دەرونیان هەیە و بۆ ڕاکردن لەو کێشە دەرونیانە و بۆ تۆڵە سەندنەوە لە کۆمەڵگە پەنا بۆ کاری توندوتیژی دەبەن.[٨٣].

### ٦/ هۆکارە کەلتوریەکان (رۆشنبیریەکان):

یەکەم: ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندن و جۆری روناکبیریی باو لە هۆکارە کاریگەرەکانی تیرۆرە، چونکە ئاشکرایە کە کۆمەڵگە و چین‌و توێژە ڕووناکبیرەکان بەکەمیی بەرەو تاوانی تیرۆر دەچن، بۆیە لێکۆڵینەوەکانی تاوان ئەوەیان سەلماندویانە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان (زانین) و (نەزانین)دا هەیە[٨٤].

ئاشکراشە کە نەزانین دەبێتە فاکتەرێکی باش بۆ هەوڵی ئەو کۆمەڵانەی لەناو بازنەی روکەشی هۆشیاری‌و سادەکردنەوەی راستیەکاندا کاردەکەن، لەبەر ئەوەی تاکە نەخوێندەوارەکان بەزۆریی خاوەنی توانای مشتومڕو گفتوگۆو قەناعەتپێهێنان‌و رەخنەگرتن نین، بەوەش دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ کۆمەڵە تیرۆریستی‌و تاوانکارەکان.

---

٨٣- د. عبدالعاطي احمد الصياد: ل١٧٠

٨٤- د. عصام عبدالفتاح عبدالسميع مطر: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٣٢.

دووەم: ڕاگەیاندن، وەك هۆکارێکی روناکبیری، ڕۆڵێکی لەرادەبەدەر لەهاوڕێیەتی دیاردەی تیرۆر دەگێڕێت، وەك والتەر لاکیر-یش دەڵێت: (میدیاکار باشترین هاوەڵی تیرۆریستە)[٨٥]، چونکە زۆرێك لەکارە تیرۆرستیەکان لەبنەڕەتدا لەسەر هەڵبژاردنی ئامانجەکانیان دەوەستن، نەك گرنگی ئامانجە تیرۆرستەکە، چونکە تیرۆرست بەگوێرەی ڕەنگدانەوە چاوەڕوانکراوەکانی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە پشت بە کارەکەی دەبەستێت، کە دەیەوێت بەهۆیەوە ترس بخاتە دڵی دوژمنەکەیەوە، لەبەر ئەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاو لەهێنانەدی ئامانجەکانی تیرۆرستەکەدا بگێڕن.

توانای بەکارهێنانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لەلایەن ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانن زۆرترین ژمارەیان لەجەماوەر دەستبکەوێت، هەروەها لەرێگەی میدیاوە دەکرێت روداوێکی بچووك گەورە و فراوان بکرێت، بەجۆرێکیش لەئامانجو بەرژەوەندیی تیرۆریستەکاندا بێت[٨٦].

---

٨٥- د. محمد عوض الترتوري: علم الارهاب، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠١، ل٢٤٦.

٨٦- محمد سماك: الارهاب و العنف السياسي، دار النفائس للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٢، ص٢٢٠، ٧٣.

هەروەها پێویستە ئەوەش باس بکەین، کە هەندێك جار ڕاگەیاندن بە بێ ویستی خۆی، خزمەت بە تیرۆرستان دەکات، ئەمەش بەهۆی نەشارەزاییان لە پرەنسیپەکانی ڕاگەیاندن و پاراستنی ئەمنیەتی وڵات، یان بۆ خۆ دەرخستن پەنا بۆ ئەو جۆرە کارانە دەبەن.

سێیەم: ئامێرو هۆکارە نوێیەکانی راگەیاندن، وەك سەتەلایتو ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، تاڕادەیەکی زۆر بەشدار بوون لەزیادکردنی توانای گروپە تیرۆریستیەکان، چونکە لەپاڵ بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقێن لەریزی دوژمناندا، دەزگاکانی پەیوەندیو ئاڵوگۆڕی ئەزمونە ئەمنیەکان هانیانداون بۆ بەردەوامبون لەسەر ئەم بەرنامەیە و پەرەپێدانی تواناکانیان[٨٧].

دەکرێت هەڵبژاردنی دەزگاکانی راگەیاندن لەلایەن تیرۆریستانەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە[٨٨]:

أ- لەروی بینینەوە، هۆکارەکانی راگەیاندن لەپەخش و بڵاوکردنەوەی روداوەکان خاوەن توانایەکی زۆر و فراوانن، دەتوانن لە ماوەیەکی خێرادا ڕووداوەکان پەخش بکەن، بۆیە کارایی تیرۆر

---

٨٧- زکریا ابو دامس: اثر التطور التکنولوجیا علی الارهاب، عالم الکتب الحدیث، الاردن، ٢٠٠٥، ص٦٠.

٨٨- د. عصام عبدالفتاح عبدالسمیع مطر: سەرچاوەیەکی پێشو، ل٣٣.

بەشێوەیەکی راستەوانە لەگەڵ توانای هۆکارەکانی راگەیاندا گونجاوە.

ب–ئارەزوی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی روداوی تیرۆریستی، ئاشکرایە کە دەزگاکانی راگەیاندن لەهەڵپەدان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵە سەرنج ڕاکێش و گەرمەکان، هەتا ئەو حەزەش بۆ بڵاوکردنەوە زیاتر بێت، روداوە تیرۆرستیەکانیش گرنگی زیاتریان پێ دەدرێت.

پوختەی ئەم بابەتە، ئەوەیە کە میدیا خاوەنی رۆڵی کارایە لەجوڵاندنو چالاککردنی کۆمەڵە تیرۆریستیەکاندا، هەروەها دەکرێت رۆڵێکی پۆزەتیڤ بگێڕن لەبنبڕکردنی تیرۆردا، چونکە ئەوە سیاسەتی راگەیاندنی دەوڵەتو کەناڵە جیاوازەکانی میدیایە، کە رادەی توانای بەکارهێنانی میدیا دژی تیرۆر یاخود لەبەرژەوەندی تیرۆردا دیاری دەکەن.

## باسی دووەم:
## بڵاوبونەوەی تیرۆر

تیرۆریزم (Terroism – الارهاب)بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و جیهانیی و مێژوویی دادەنرێت، کە کەلتورو ژیارە جیاوازەکان لەسەر دەمە کۆنەکاندا پێی ئاشنا بوون، هەروەها سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوەو شێوازی هەمەرەنگ لەگەڵیدا ژیاوە، هۆکاری ئەمەش بۆ جیاوازی ئامانج و هۆکارو ئایدیۆلۆژیانی پەیوەست بەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە.

تیرۆر لەبەرئەوەی دیاردەیەکی جیهانیی کۆمەڵایەتیەو هەروەهابە بڵاوبونەوەی گشتگیرێتی ناوزەند دەکرێت، چونکە پەیوەستە بەسیستمە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیەکانەوە، کە ئاراستەی جیاواز بۆ راڤەکردنی ئەم دیاردەیەو ڕەهەندەکانیو هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی هاتونەتە ئاراوە[89].

بۆچونو ئاراستەی زۆر و هەمەجۆر بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دیاردەی تیرۆر دەرکەوتون، بەتایبەتیش هۆکارەکانی

٨٩– د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشو، ل١١٢.

تیرۆر لەسەر ئاستی تاکە کەس و لەلایەنە دەرونیەکاندا (سایکۆلۆژیەکاندا)، هەروەها هۆکار گەلێکیش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کە خۆیان لەنایەکسانی کۆمەڵایەتیو ئابوری و زەوتکردن دەبینێتەوە، هۆکارەکانی تیرۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نمایشدەکەن، کە لەلایەن هەندێك لەدەوڵەتانەوە رەچاو دەکرێت[٩٠].

هەرچی دەربارەی هەمەرەنگیی هۆکارە شاراوەو ئاشکراکانی پشت بڵاوبونەوەی دیاردەی تیرۆریشە لەکۆمەڵگەدا، ئەوا هەندێك پێیان وایە کە فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانی وەك هەڵوەشاندنەوەی خێزانو ململانێی نەوەکانو نایەکسانی کۆمەڵایەتی و نەخوێندەواری و ئاستی ڕۆشنبیری، لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەن، بۆچونێکیش هەیە کە پێی وایە تیرۆر بەهۆکاری ئابوریی و هەژاری و بێکارییەوە بەستراوەتەوە، لێرەدا فرەیی بۆچونەکان لەمەڕ هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەدا بەدی دەکەین[٩١].

شیکردنەوەی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە رادەی مەترسی لەسەر کۆمەڵگەو کەلتوری نیشتمانی نیشان دەدەن، هەروەها ئەو حاڵەتی شێواندنەش زەق دەکەنەوە، کە لەم دیاردەیە

---

٩٠- د. عبدالعاطي احمد الصیاد: سەرچاوەی پێشو، ل١٧٠.

٩١- د. احمد فلاح العموش، سەرچاوەی پێشو، ل١١٤

کەوتۆتەوە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کەزۆرێك لەکۆمەڵگەکان (مۆر)ی ئەوەیان لێدراوە کە تیرۆریستن، کەبە شێوەیەکی نەمەتی (صورة نمطیة– stero-type) لەسەریان دەردەکەوێت، ئەوەش بەهۆی بنیادنانی تەرزێکی تیرۆریستیەوە، بەپاڵنەرگەلێکی دیاریکراو کە کاریگەرییەکەی بۆگروپەکانی دیکەی کۆمەڵەگە درێژ دەبێتەوە، لێرەشدا حوکمی پێوەر و بەهاکان (الاحکام المعیاریة والقیمیة)لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە ئەم کەلتورە سەرەڕای سنورداریێتی ڕێکخستن لە ناویاندا هەر کلتورێکی توندوتیژە.

چەمکی تیرۆر پەیوەستکراوە بەکێشەی چەمك‌و واتاوە، چونکە چەمك گەلێکی زۆر بۆ پۆلێن کردنی ئەم دیاردەیە هاتونەتە ئاراوە، بەتایبەتیش توندڕەوی (التطرف: extremisn)و فەندەمێنتالیزم (الاصولیة: fundamentalism)، لەهەمانکاتیشدا ئەم چەمکانە بەئاینداریییەوە گرێدراون، ئایینداری بەمانای پابەندبون بەبڕیارەکانی ئاینەوەو ڕۆیشتن لەسەر بەرنامەی کارێکی خوازراو و باشە، کە چاك‌و سوپاسکراویش بێت لەلایەن خودا و خەڵکیشەوە، بەخێرو چاکەو سەرکەوتن بۆ خاوەنەکانی و کۆمەڵگەش بەگشتی دەشکێتەوە، بەوەش ئاینداری دەبێتە دیاردەیەکی پۆزەتیڤ، ئەگەر لەبازنەی

تێگەیشتنی راست و دروستدا دەرناچێت و ببێتە هۆی دەستگرتن بەرێنماییە ئاینیەکانو بەها ئەخلاقیەکاندا[٩٢].

لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بەهۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دیاردەی تیرۆر ئاماژە بەهەمەڕەنگیەکەی دەکەن، بەگشتیش قسەکە لەسەر ئەوە دێت، کە ئەم هۆکارانە بۆ پاڵنەری دەرونی یان کۆمەڵایەتی یاخود ئابوری یان سیاسی دەگەڕێتەوە، لەوانەش:

أ–ململانێی نەوەکان کە لەیەك خێزانەوە دروست دەبن.

ب–هەڵوەشانەوەی خێزان.

جـ–نەبوونی سەرمەشقی باش لەقوتابخانەدا.

د–فراوانبوونی بۆشایی ئابوری لەنێوان دەوڵەمەندو هەژاراندا.

هـ–بڵاوبونەوەی فیلمی سێکسی و مادە هۆشبەرەکانو توندوتیژیو دابەزینی ئاستی میدیایی.

و–بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری و دابەزینی ئاستی کەلتوری و روناکبیری و رۆشنگەرەیی مزگەوتەکان و سەردانی کردنی کەمی خەڵکی و زۆری بانگخوازاندا، ئەوەی کە بۆتە مایەی ئەوەی کەسانێك

---

٩٢– حسين عبدالحميد رشوان: التطرف والارهاب من منظور علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الرياض، ١٩٩٧، ص١٥.

بچنه سەر مینبەر کە وەك پێویست ڕێزی وشە ناگرن، بەحەقیقەتی بابەتەکانیش ئاشنا نین.

ح–تێگەیشتنی هەڵە و نەزانینی زمانی عەرەبی، کە دەبێتە هۆی نەزانینی ئەحکامە شەرعیەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆ ئایات و فەرموودەکان بکرێت.

گ–بەڵگە هێنانەوە بەبێ کارپێکردن و تێگەیشتنی دروست.

ی–گوێڕایەڵی کوێرانەو ملکەچی تەواو[٩٣].

**هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگەدا ئەمانەن:**

أ– سیستمی ئابوری و ئەوەی لەرەنگدانەوە کۆمەڵایەتیەکانیدا خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتیش دەرکەوتنی ئەوەی بەگروپ یاخود بە چینە مشەخۆرەکان ناسراون، کە بەهۆی وێرانکردنی ئابوری نەتەوەیی، کرانەوەی زیادەی تێکڕای هەڵاوسان، زۆربوونی قەیرانی دانیشتوان، رکابەریی لەسەر زەوی، بێکاریی لەنێو دەرچوانی زانکۆکاندا، بڵاوبونەوەی گەندەڵیو هەڵوەشانەوەی بەهائەخلاقیەکان، پاشەکشێی بەهاکانی ئابڕو و رەوشتو ئەمانەتو جوامێری، گەیشتونەتە دەوڵەمەندیەکی لەرادەبەدەر.

---

٩٣– د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

ب- سیستەمی سیاسی:کە خۆی لەغیابی پرۆژەی نەتەوەیی دەبینێتەوە، بەهۆی: کەمیی بەشداری لەبڕیاردان، کۆمەڵە ئیسلامیەکان، سیستمی پەروەردەییەوە سەرهەڵدەدات، ئەم سیستەمە پشت بە بەتەڵقین‌و نەخوێندەواری کەلتوریی دەبەستێت، ئەم تایبەتمەندییانەش پرۆسەی دزەکردن و چونە ناو کۆمەڵە ئیسلامیە توندڕەوەکان ئاسان دەکات.

ج-سیستمی روناکبیری و میدیایی، قۆناغی کرانەوەی ئابوری، نزیکبونەوەو دەرکەوتنی ڕوناکبیری جەماوەریی لەشێوە جیاوازەکاندا بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەك کەلتورو روناکبیری لەخزمەتێکی جەماوەرییەوە بۆ کاڵایەکی بازرگانی کە بۆشایی روناکبیری دروستدەکات گۆڕاوە، کۆمەڵە ئیسلامیەکان‌و رێکخراوەکانیشیان بەهەڵداوان هەوڵی پڕکردنەوەیی ئەم بۆشایەیان داوە، بۆیە لە ڕێگای چاپ و بڵاو کردنەوە لە رۆژنامەو گۆڤارو کتێب‌و کاسێتەکان کە بەنرخی هەرزان دەیفرۆشن ئامانجەکانی خۆیان بەدیدەهێنن.

د-سیستمی خێزان، ئەو قەیرانە ئابوریانەی کە بەرۆکی خێزانی گرتوە، وەك هەڵاوسان‌و گرانیی و بێکاری و کێشەکانی ژیانی رۆژانەی لەگواستنەوەو نیشتەجێبون‌و خۆراك‌و پۆشاك‌و خوێندن‌و تەندروستی، هەموو ئەمانە بۆ پشێوی‌و گەندەڵیی سەردەکێشێت، کە

وا دەکات خاوەنی خێزان لەدەردەسەرییەکی گەورەدا بژی، بواری پێگەیاندنی تەندروستی رۆڵەکانی نابێت، هەلی گەشەی عەقڵیو تەندروستیی گونجاویان بۆ فەراهەم ناکات، لێرەشدا ئەندامانی خێزان لە دەرەوە یان ناوەوە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە ئیسلامیە توندڕەوەکان یەك دەگرن و ئەم کۆمەڵانە دەبنە جێگرەوەی خێزانەکان لە کۆمەڵگەدا.

## باسی سێیەم:
## جۆرەکانی تیرۆر

أ–تیرۆری تاك و کۆمەڵەکان: تاکەکانی کۆمەڵەکان بەبێ جیاوازی کردەی تیرۆریستی دژی دەوڵەتو دەزگا حکومیەکانو شوێنە گشتیەکان و دژی خەڵکی ئەنجامدەدەن، ئەمەش بەمەبەستی تێکدانی ئارامیی وڵات، یان دروستکردنی کەشێکی نائارامیی وەك زەمینەسازییەك بۆ روخاندنی حکومەت ئەنجامی دەدەن.

هەندێکیش وایدەبینن کە تیرۆری تاكو کۆمەڵەکان جگە لەکاردانەوەیەکی تیرۆری دەوڵەتەکە هیچی دیکە نیە، ئەمانە پێیانوایە ئەو تیرۆرەی لەلایەن تاكو کۆمەڵەکانەوە پیادە دەکرێت، هی ئەوەوەیە کە نائومێدن و خۆکوژانە کارەکان ئەنجام دەدەن، لەبەر ئەوە بەتیرۆری لاوازەکان ناوزەندیان کردوون[٩٤].

هەندێك لەتوێژەرانیش بەرپەرچی ئەم بۆچوونە دەدەنەوە، دەڵێن شتێك لەئارادا نیە بەناوی تیرۆری لاوازەکانەوە (ارهاب الضعفاء)، چونکە کردەوە تیرۆرستیەکان پێویستیان بەپارە و

---

٩٤– د. امام حسانين عطا الله: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

تەكنیكی نوێی گرانبەها هەیە، ئەو تاكو كۆمەڵایەنەش كە ئەمجۆرە لەتیرۆرە پیادە دەكەن، هۆكارەكانی گەرەنتی ئەو كارەیان گرتۆتە بەر، لەبەر ئەوە ئەمجۆرە لەتیرۆر، تیرۆری یاخیبوونە نەك تیرۆری لاوازەكان[٩٥].

ب- تیرۆری عەقائیدی (بیروباوەڕ): ئامانجە عەقائیدی و ئایدیۆلۆژیەكان زۆرێك لەكارە تیرۆریستیەكان دەبەن بەرێوە، چونكە زۆرێك لەكۆمەڵە تیرۆریستیەكان تیرۆریان بەو پاڵنەرە فیكریی‌و ئایدیۆلۆژیانە ئەنجامداوە كە قەناعەتیان پێی هەبووە و هەوڵیانداوە بەهۆكاری جیاواز پێیان بگەن، بۆ نمونە ئەو كۆمەڵە ئاناڕیست‌و نیهیلیستیانەی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە پیادەیان كردووە، وەك شیوعیەت‌و نازیزم‌و فاشیزم، پاڵنەرەكانیان ئامانجی ئاشكرای ئایدیۆلۆژی بوون، وەكچۆن ئەو تیرۆرەش كە ئەوروپای لەشەستەكان‌و حەفتاكان هەشتاكاندا راماڵی، بەتیرۆری سور یاخود چەپ ناسراوە، پاڵنەرەكەی ئایدیا چینایەتی و ماركسیزمیەكان بوو.

هەروەها تیرۆری هەشتاكان‌و نەوەدەكانی سەدەی رابردوو، بەهاتنە ئارای ئایدیاو بیروباوەڕی تایبەتی‌و(ئاینی) لەتیرۆرەكانی

---

٩٥- د. ادونیس العكرة: سەرچاوەی پێشو، ل٦٣-٦٥.

دیکه جیادەکرێتەوە، چونکە خاوەنەکانیان بە بیانووی ئاینەوە هانی کردەوە تیرۆرسیتەکانیان داوە[٩٦].

ج–تیرۆری نەتەوەیی رەگەزپەرستانە: گومانی تێدا نیە، هەندێك لەکۆمەڵە ناسیۆنالیستیەکان کە بەرگری لە مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، شێوازی جیاواز بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان بەکاردەهێنن، هەندێك لەو شێوازانەش بەکاری تیرۆریستیەوە گرێدراون، چونکە ئەوانەی پێی هەڵدەستن هەوڵی بەکارهێنانی تیرۆر و غافڵکوژیی وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوەییەکانیان دەدەن.

سەردەمی نوێش زۆرێك لەو بزوتنەوە ناسیۆنالیستیانەی بەخۆیەوە بینی، کە بەچەندین رێگا تیرۆریان دژی داگیرکەرانیان ئەنجامدا، دەکرێت لەمڕووەوە باس لەو کردەوە تیرۆرستایانەش بکەین، کە سوپای نهێنی ئێرلەندا لەبەریتانیادا پێیان هەستا، هەروەها رێکخراوی ئیتای ئیسپانیش هەمان کاری گرتە بەر، لەبەرئەوە هەردوو بزوتنەوەکە تیرۆریان وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن

٩٦– د. الياس فرح: تطور الايديولوجية العربية المعاصرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص١٥.

بەئامانجێکی نەتەوەیی سیاسی بەرهەمهێنا، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم جۆرە لەتیرۆر بە (تیرۆری نەتەوەیی) ناوزەد دەکرێت[٩٧].

د-تیرۆری لۆکاڵیی (الارهاب المحلي): بریتیە لە تیرۆری رێکخراوە لۆکاڵیەکان، کە لەوڵاتێکی دیاری کراودا بە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە پەیڕەوی دەکەن، تیرۆری لۆکاڵی بەهیچ مەڵبەند یان لایەنێکی بیانیەوە وابەستە نییە، بۆیە سەرجەم ئەو کەسانەشی کە بەشداریی تێدا دەکەن، لەهاوڵاتیانی ئەو وڵاتە پێکدێن کە تاوانە تیرۆریستیەکەی تێدا ئەنجامدەدرێتە، هەروەها بۆ بەرژەوەندی و ئامانجی لۆکاڵیش پەنا بۆ ئەم جۆرە تیرۆرە دەبەن، خۆ ئەگەر هەر رەگەزێکی بیانی تێکەڵی ئەم تیرۆرە ببێت، ئەوا لە لۆکاڵیەوە دەبێتە نێودەوڵەتی[٩٨].

لەراستیدا تیرۆر لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا لۆکاڵیی بوو، بەڵام بەهۆی گواستنەوە و ئاسانیی هاتوچۆو گەیاندنو ئاڵوگۆڕی ئایدیاکان لە جیهاندا، لەئەمڕۆدا وایلێهاتووە زیاتر لەجاران نزیك بێت لە تیرۆری نێودەوڵەتیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەکاری تیرۆریستی

٩٧- نعمة علي حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

٩٨- احمد جلال عزالدين: الارهاب والعنف السياسي، دار الحرية، القاهرة، ١٩٨٦، ص٧٥.

لۆكاڵی هەرماوە، جا ئەو تیرۆرە لەلایەن دەوڵەتەوە یاخود لەلایەن کۆمەڵەکان یان تاکەکانەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە تاکو ئێستاش لە جیهاندا تیرۆری لۆکاڵیی لەزۆر لەناوچەکاندا بەدی دەکرێت هەرچەندە بەردەوام لە کەمبوونەوەدایە.

هـ–تیرۆی نێودەوڵەتی: تیرۆر کاتێك دەبێتە نێودەوڵەتی، کە یەکێك یان زیاتر لەرەگەزەکانی نێودەوڵەتیی تێدا بێت، ئەم تیرۆرە بە بوونی سیفەتێکی بیانی لە تیرۆرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، هەروەها ئەگەر کارە تیرۆریستیەکان زیان بە بەرژەوەندی نێودەوڵەتیانەی سەرجەم گەلان بگەیەنن، ئەوا لەم کاتەشدا دەبێتە تیرۆرێکی نێودەوڵەتی[٩٩].

لێرەوە وردە وردە سیفەتی نێودەوڵەتی بەتیرۆرەوە دەلکێت، بەکەمیی کاری تیرۆری نا نێودەوڵەتی (ناوچەییو لۆکاڵیی) بەدی دەکەین، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا ئاڵۆزیەکی زۆر و تێکەڵاوی لەنێوان بەرژەوەندی و ئامانجەکان و کاریگەر بوونی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەڕوداوە ناوخۆییەکان دیارە، هەروەها دەشکرێت سیفەتی نێودەوڵەتیانەی تیرۆر بۆ ئەوەش

٩٩– عبد الناصر حريز: سەرچاوەی پێشو، ل١٧٨.

بگەڕێنرێتەوە، کە لە جیهانی ئەمڕۆدا، جیهانگیریی سیاسیو ئابوریو تەکنەلۆژی گەشەی زۆری کردووە، کە دەکرێت بەهۆی ئەمانە و لەرێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە ئیدارەی پرۆسەی تیرۆریستەکانو تەمویلکردنیان بکرێت، هەر ئەم هۆکارانەشە وای لەلەچاودێران کردووە، کە ئەم تیرۆرە ناو بنێن (جیهانگیریی تیرۆر)[100].

و- تیرۆری ناوەکیی (الارهاب النووي): دوای کەوتنی یەکێتی سۆڤیەتو ئەو لاوازییەی بەجومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەروسیادا دەرکەوت، زۆرێك لەدەزگا سەربازییە روسیەکان هەڵگری نهێنی مەترسیداری ناوکیی بوون، لەم کاتەشدا زاناکانی ئەتۆمی سۆڤیەت بێکار بوون، هاوکات زۆرێك لەو دەوڵەتانەی بەدوای تەکنەلۆژیای ناوکییەوە بوون، داوایان لەم زانایانە دەکرد کە کاریان بۆ بکەن، هەروەها هەندێك لەدەوڵەتانیش ترسی ئەوەیان هەبوو کە گروپە تیرۆریستیە بەهێزەکان هەوڵەکانیان لەپێناو بەدەستخستنی تەکنەلۆژیای پێویستو بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی بچووکی ناوەکیی فراوان بکەن.

١٠٠- د. امام حسانين عطا الله: سەرچاوەی پێشو، ل١٤٥.

بەگوێرەی هەندێك سەرچاوەش وڵاتە یەكگرتوەكان بەر لە١١ی ئەیلولی/ ٢٠٠١ پێشبینی روداني هێزێكی تیرۆریستیانەی ناوكیانەی بۆ سەر یەكێك لەشارەكاني كەنار دەریای كردبوو.

سەرەڕای رونەداني هیچ كارێكی تیرۆریستی خاوەن رەهەندی ناوكیی، بەڵام دڵەڕاوكێی روداني هێشتا بەسەر جیهاندا هەر زاڵە، ئەمەش لەمیاني ئەو رێككەوتنە نێودەوڵەتیەی كە (لە٣ی نیساني ٢٠٠٥دا) بۆ لەناوبردني كاری تیرۆری ناوكیی دەرچووە بەروونیی بەدی دەكەین، هەروەها بڕیاری ژمارە (٨/٥٩) كە لەلایەن كۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەكگرتوەكانەوە دەرچووە، تایبەتە بەو رێوشوێنانەی كە ئامانجیان رێگرتنە لەو كردەی تیرۆریستیانەی كەبە چەكە وێرانكەرە گشتگیرەكان ئەنجام دەدرێن، ئەم دوو رێكەوتنە لەگەڵ بڕیارە نێودەوڵەتیەكانیش، ئەوە دەردەخەن، كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی گرنگیەكی زۆر بە بابەتی تیرۆری ناوەكیی‌و ئەو مەترسیانەی لەپشتیەوە خۆیان حەشارداوە دەدات[١٠١].

ز–تیرۆری فیكری: تیرۆر لەرێگەی چاندني ئەو ئایدیا و فەرهەنگانەوە دەبێت، كە كەسی بەرامبەر بەشێوەیەكی دیاركراو

---

١٠١– د. محمد مؤنس: سەرچاوەی پێشو، ل٨٠، د. الیاس فرح: سەرچاوەی پێشو، ل١٨.

دەتۆقێنن، ئەمیش کاتێك ڕوودەدات کە هۆکارێك لەهۆکارە تیرۆریستیە بەکارهێنراوەکان لەلایەن ئەنجامدەرانی تیرۆرەوە لەکۆمەڵو تاکو دەوڵەتانەوە بگیرێتە بەر.

بڵاوبونەوەی هۆکارە تەکنەلۆژییە نوێیەکانی، وەك ئینتەرنێتو سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بڵاوکردنەوەی ترسو تۆقین لەرێگەی گوتاری ئایدیای دیاریکراوەوە ئاسانتر بووە[١٠٢].

لەکۆتاییدا، لەگەڵ زۆربوونی شێوەکانی تیرۆردا، دەکرێت لەرووی پراکتیکیەوە تێکەڵاوی و هاوچونیەکی لەنێوان جۆرو شێوەکانی تیرۆردا بێتە کایەوە، بۆ نمونە دەکرێت تیرۆرێکی تاك عەقائیدی ولە هەمان کاتدا فسیۆلۆژییش بێت، یاخود تیرۆرێکی بەکۆمەڵی کیمیایی عەقائیدیش بێت..هتد، لەبەر ئەوە دەکرێت شێوەکانی تیرۆر بەجیا دەربکەون، هەروەها دەشکرێت لە یەك کردەوەی تیرۆرستیدا چەند ڕەگەز و شێوەیەکی تیرۆر بوونیان هەبێت.

ن/ تیرۆری دەوڵەت: تیرۆری دەوڵەت: بریتی یە لە هەموو ئەو کارە تیرۆرستیانەی کە دەوڵەتێك دژی گەلەکەی یان بەرژەوەندیەکانی حکومەتە بیانیەکان ئەنجامی دەدات.

---

١٠٢- ناصر حريز: سەرچاوەی پێشو، ل١٨٠.

له نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێت، بەڵام تاکو ئێستا لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتوو ڕێك نەکەوتوون.

بەڵام موسوعەی بەریتانی بەم شێوازە پێناسەی تیرۆری دەوڵەت دەکات: (بریتی یە لە کارێکی ڕێکخراو بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی کەشێکی ترس و تۆقاندن لە نێوان دانیشتواندا، کە ئەویش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسی دیاری کراوە.)

هەر لەسەر تیرۆری دەوڵەت پێگەی ناوبراو زیاتر لەسەر ئەم جۆرە تیرۆرە دەنوسێت بەوەی کە (تیرۆری دامەزراوەکانە، کە زۆرینە پێی دەڵێن تیرۆری دەوڵەت یان ئەو تیرۆرەی دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات، کە بریتی یە لە کردەوەکانی حکومەت یان گروپەکانی ناو حکومەت دژ بەو هاوڵاتیانەی دژی حکومەتن، یان دژی گروپ و حکومەتە بیانیەکان ئەو دامەزراوانە تیرۆری دەوڵەت بەڕێوە دەبەن.

دەوڵەتان لە مێژوودا چەندین کاری تیرۆرستیان ئەنجامداوە، کە گرنگترینیان ڕووداوی تیرۆرە گەورەکە " the Great Terror " لە ١٩٣٧ تا ١٩٣٩ لە یەکێتی سۆڤێت لەسەر دەستی پارتی

کۆمۆنیستی ڕووسی بە یەکێکی تر لە ڕووداوەکانی تیرۆری دەوڵەت دادەنرێت.

بەشێك لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە ستالین زیاتر لە هیتلەر و مۆسۆلینی، کۆمۆنیستەکانی کوشتووە، بەجۆرێك ستالین نەوەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵەی گەنجانی شیوعی (Young Communist League (Komsomol))لە میانەی هەڵمەتێکی ڕەشە کوژیدا لە ١٩٣٧–١٩٣٨ کوشت و بێسەر و شوێنکران.

مێژوونووسان ئاماژە بەوەشدەکەن، کە یەکێك لە جیاکەرەوەکانی تیرۆرە گەورەکە ئەوە بوو کە پێشتر وێنەی نەبووە و جینۆسایدێکی ڕێکخراوی زۆر گەورە بوو، کە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە بەسەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیست جێبەجێدەکرا.

تیرۆریزمی دەوڵەت میکانیزمی سەرکوتکردن بووە بەدەست دەوڵەتانەوە، بەجۆرێك لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم زیاتر لە (١٠٠.٠٠٠ )کەس بەهۆی تیرۆری دەوڵەتەوە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین ژیانیان لەدەستداوە و نزیکەی هەمان ژمارەش بێ سەروشوێن بوون.

هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ – ١٩٨٣ بەتەنها لە ئەرجەنتین (٩٠٠٠ )هاوڵاتی بەشێوەیەکی رەسمی بێ سەروشوێن کران، بەڵام ئەوەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەم ڕووەوە دەیخەنەڕوو سێ هێندە زیاترە.

هاوکات جۆن واردرۆپ " Joan Wardrop " ئاماژە بە کەیسی زیمبابۆی دەکات و پێیوایە رەوشی چەقبەستووی ئەو وڵاتە لە بەردەوامی تیرۆری دەوڵەت لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانی قۆناغی دوای داگیرکاری بەمەبەستی مانەوە و پاراستنی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان پەرەیان پێیداوە

بەبۆچوونی واردرۆپ رەوشی نالەباری ئێستای زیمبابۆی دابڕاو نییە لە مێژووی رابردووی ئەو وڵاتە، کە تێوەگلا بوو لە تیرۆری دەوڵەت، بەڵکو دەتوانرێت لە رەوشی زیمبابۆی تێبگەین لە چوارچێوەی مێژووی جەنگ و توندوتیژییەکانی رۆدیسیا " Rhodesias violent "، کەتێیدا تیرۆر لە ئاستی سەرەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بووە و بۆتە تەکنیکێکی سیاسی و پەیڕەوکردنی کەلتوری رۆژانە .

نموونەیەکی تری تیرۆری دەوڵەت لەلایەن ڤیکتۆریا ماسۆنەوە ئاماژەی پێکراوە، کە ئەویش بریتی یە لەو تیرۆرەی کە دەوڵەتی

کوەیت دژی ڕەوەندی فەلەستینی لەو وڵاتە دوای ئازاد کردنی کوەیت لەدەستی هێزەکانی عێراق ساڵی ١٩٩١ پەیڕەوی کرد.

ماسۆن دەڵێت:" سەرەڕای ئەوەی زۆربەی دانیشتوانە فەلەستینییەکانی کوەیت دژی داگیرکاری عێراق بوون، بەڵام کوەیت پێیوابوو کە ڕەوەندی فەلەستینی لەگەڵ عێراقییەکان هەماهەنگییان بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە کردووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فەلەستینییەکان ڕووبەڕووی هێرشی دڕندانەی لیژنە ئەهلییەکانی کوەیتییەکان ببنەوە، کە ئەرکیان پاراستنی ناوچەکانی ئەو وڵاتەبوو.

بەپێی خەمڵاندنەکانی "Middle East Watch" کە ڕێکخراوێکی بواری مافەکانی مرۆڤە لە نیۆیۆرك، نزیکەی ٢٠٠٠ هاوڵاتی کە زۆربەیان هاوڵاتی فەلەستینی بوون لە چارەکی یەکەمی(ساڵی ١٩٩١)دا لە زیندانە سەربازییەکان و بنکەکانی پۆلیس و قوتابخانەکان وماڵەتایبەت و نەخۆشخانەکاندا دەستبەسەرکرابوون، کە زۆربەیان لەلایەن ئەفسەرانی سوپای کوەیتەوە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە بووبوونەوە، کە لەئەنجامدا ٤٠ کەسیان لەسێدارەدران.

بەر لە داگیرکردنی کوەیت، فەلەستینییەکان گەورەترین کەمینەی بیانی بوون لەو وڵاتەدا کە ژمارەیان( ٣٥٠.٠٠٠ )کەس بوو، مێژووی

هاتنی زۆربەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨دا، بەڵام فەلەستینییەکان باجی پشتیوانیکردنی بۆ یاسر عەرەفاتیان دا کە پشتیوانی سەدام حسێنی کرد، بۆیە بە چەند کاتژمێرێك پاش ئازادکردنی کوەیت ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا .

بۆیە نموونەکانی تیرۆری دەوڵەت زۆرن، هەروەها پاڵنەرەکانی پشت تیرۆری دەوڵەت زۆر و فرەچەشنن، لەوانەشە بۆ کۆنترۆڵی زیاتری بڕیار و ئەرکە نیشتمانییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە پەیڕەو بکرێت، بەمەش ئەو ناچارکردنانەی ڕژێم دەیگرێتە بەر بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی وڵات تەواو پێچەوانەی پرەنسیپە مرۆییەکانە — بەمەش دەتوانرێت وەك تیرۆری فەرمانپێکراو "authorized terror "هەژماربکرێت، هەروەها تیرۆری دەوڵەت ئامرازێکە کە لەرێگەیەوە فەرمانڕەواکانی وڵات بەدوای پاراستن و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیانەوەن، بۆ نموونە (فلیکس گرۆس "Felix Gross ") ئاماژە بەوەدەکات کە تیرۆری دەوڵەت بەرامبەر بە کەمینەکان بەهۆی پاڵنەری ئەو خواستەوەیە، کە زۆرینە دەیانەوێت لە دەسەڵات بەردەوام بێت، پێیوایە کاتێك ئەو تیرۆرە بەدامەزراوەیی دەکرێت و لەگەڵ پرسەکانی وەك ئایدۆلۆژیا و ئایین ئاوێتە دەبێت، کاتێك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێت.

هەروەها ئامانجی سەرەکی تیرۆری دەوڵەت تەنها بریتی نییە لە گۆرینی کۆمەڵگە، بەڵکو بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە سروشتی مرۆڤەکانیش، هەروەها یەکێکی تر لە ئامانجە هاوبەشەکانی چەوساندنەوەی تاوانکاریانەی ڕژێمەکان، بریتییە لە شڵەژان و دروستکردنی نیگەرانی بۆ ڕای گشتی و خەڵك.

حکومەتە تیرۆریستییە هاوچەرخەکان تیرۆری توندوتیژییان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی حکومڕانی بەکارهێناوە، بەجۆرێك فەیلەسوفی فەرەنسی مارکسی "مۆریس میرلو پۆنتی" ئاماژەی پێدەکات کە "مرۆڤایەتی هەڵپەسێردراوە و حکومەت بریتییە لە تیرۆریست".

ڕێوشوێنە سەرکوتکارەکانی دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هەنووکەییەکان یان زیادکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت، کاریگەرییەکی گەورەی سایکۆلۆجی لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی جەماوەر هەیە، ئەمە لەکاتێکدا کە تیرۆری تاك یان گرووپ بەگشتی هێزێکی لاوازە، بەتایبەتی کاتێك لە قازانجی گفتوگۆی پەیوەندی گشتی بێ بەش بکرێت، چونکە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ڕێوشوێنە سەرکوتکارییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتیدەرە لە وروژاندن و

جموجۆڵی چالاکی دژە – تیرۆری لەناوخۆی وڵات یان ڕەخنە و سەرکۆنەکردن لە وڵاتانی دەرەوە.

لەواقیعدا بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێت ڕێوشوێنەکانی تیرۆرکردن بە باشی جێبەجێبکات و کۆنترۆڵی ئۆپۆزسیۆنی وڵات بکات، پێویستە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زانیاری بکات، تەنانەت لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی ئۆپۆزسیۆنیشدا، بۆ نموونە لە کەیسی کوشتنی خاشقچی، سەرەتا رفێندرا و دواتر کوژرا و لاشەکەی لە کۆنسۆڵخانەی سعودیە لە ئەنقەرە پارچە پارچەکرا، تەنانەت دوای ١٧ رۆژ لە دیارنەمانی ئەو رۆژنامەنووسە، ئنجا سعودیە لەسەر کەیسەکە هاتە دەنگ، تائێستاش هەوڵی شاردنەوەی تەواوی زانیارییەکانی ئەو کەیسە دەدات.

## جیاوازی تیرۆری دەوڵەت لەگەڵ تیرۆری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان:

بەشێك لە پسپۆرانی بواری ئاسایش و تیرۆر، جیاوازی لەنێوان تیرۆری کەسی و تیرۆری دەوڵەت دەکەن، شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە تیرۆری کەسی بریتییە لە کردارێکی کەسی کە بێ ئومێدبوون لە داهاتووی خۆیان و بەشێوەیەکی بەرچاو لەلایەن

رایگشتی جیهانییەوە پشتگوێخراون، ئەمەش وەك نموونە لە کەیسی تیرۆری دەوڵەتی ئیسرائیل دژ بە فەلەستینییەکان گفتوگۆدەکەن، هەرچی تیرۆری دەوڵەتە بریتییە لە بڕیارێکی عەقڵانی دەوڵەت و داگیرکاری سەربازی، کە لەڕووی لۆجستییەوە پڕچەککراون و هاوکاری داراییان هەیە و لەلایەن وڵاتانی زلهێزیشەوە پشتیوانی دەکرێن.

ساندرا ناسر لە نووسینێکدا بەناونیشانی "ئیسرائیل ئاڵنگارییەکی تری تیرۆریزم" ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو وڵاتە پەنای بردۆتەبەر بەکارهێنانی تیرۆری دەوڵەتی لەرێگەی بە ئامانجگرتنی مەبەستداری هاوڵاتیانی بێتاوان لە بەرامبەر هێرشە خۆکوژییەکان و چالاکییە تیرۆریستییەکانی تر لەلایەن فەلەستینییەکانەوە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی ئیسرائیل و ئامانجە سەربازییەکانی ئەو وڵات.

هەروەها ئەوەی تیرۆری دەوڵەت لە فۆڕمەکانی تری سەرکوتکاری و چەوساندنەوەی دەوڵەت جیادەکاتەوە، بریتییە لەوەی ئەم تیرۆرە وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت، کە بە ئامانجگرتنی نایاساییانەی تاکەکان لە خۆدەگرێت، کە پێویستە دەوڵەت لە رەوشێکی ئاساییدا پارێزەریان بێت، دەستنیشانکردنی ئەم رەگەزەی

تیرۆری دەوڵەت لە کەیسی سەرکوتکارییەکانی رژێمی سۆدان بەرامبەر سۆدانییەکانی ئەو وڵاتە نموونەیەکی روونە.

دەیڤد میکلەر " David Mickler" ئاماژە بەوەدەکات، کە دەوڵەتی سۆدان بە ئەنجامدانی تیرۆری دەوڵەت دژی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی لە هەرێمی دارفۆر ساڵی ٢٠٠٣دا تاوانبارە، چونکە کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی، تێکدانی باخ و کێڵگە و ماڵ و لادێکانیانی، وەك بەشێك لە پاکتاوی ڕەگەزی پەیڕەو کردووە.

هەروەها ئایمۆن میرڤ و عازار تمانا باس لە تیرۆری دەوڵەت دەکەن بەسەرکردایەتی هێزی سەربازی لە پاکستان، ئاماژە بەکۆمەڵێك کار و چالاکی دیکەش دەکەن، کەخۆی لە کوشتنی بەکۆمەڵ و دەستدرێژی سێکسی وەك چەکی تیرۆر دەبینێتەوە، لە کۆمەڵگەی پاکستانی و ناوچە کێشە لەسەرەکانی هەرێمی کەشمیر، دەشێت هەمان ئەم ڕەگەزانە لەتیرۆری گرووپە تیرۆریستییەکاندا ببینرێت، بۆ نموونە لە هێرشەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر ئێزیدییەکانی شەنگال، هەمان کردەوەیان پەیڕەو کرد، بۆیە لەڕووی کاریگەرییەوە تیرۆری دەوڵەتی دەرەنجامی کارەساتباری هەیە و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەش دەبێت.

بیرمەندی زانستە سیاسییەکان پاول ویڵکنسۆن "Paul Wilkinson" پێیوایە تیرۆری دەوڵەت لەڕووی لێکەوتە و کاریگەرییەوە زۆر چاوەڕوان نەکراوە، هەروەها بەهۆی دەرەنجامە خراپەکانییەوە لەسەر کۆمەڵگە، بۆ ئاستێکیش پەرەدەسێنێت کە کۆنترۆڵ ناکرێت.

لەکۆتاییدا دەوترێت کە تیرۆری دەوڵەت ئەو کردەوە تیرۆریستیانەیە، کە دەوڵەتێك پێی هەڵدەستێت لەرێگەی کۆمەڵێك کردەوە و سیاسەتی حکومی، کە ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی ترسە لەنێوان هاوڵاتیان، ئەمەش بە ئامانجی ی ملکەچکردنیان بۆ سیاسەتی ناوخۆیی یان دەرەکی دەوڵەت پیڕەوی دەکات، ئاشکرایە ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێك دەکات، کە دەوڵەت ناتوانێت بە ئامڕاز و میکانیزمی ڕەوا بەدەستی بهێنێت.

بەگشتی تیرۆری دەوڵەت خۆی لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەوڵەت بەرامبەر پێکهاتەیەك یان هاوڵاتیانی مەدەنی و ڕەخنەگر دەبینێتەوە، کە لە پێناو ئامانجی سیاسی و سەربازی بەمەبەستی ترساندنی هێز و کەسانی ئۆپۆزسیۆن و ناچارکردنیان بە گۆێڕایەڵی حکومە پەیرەوی دەکات.

ی/ تیرۆری ئەلکترۆنیCyber Terrorism) : تیرۆری ئەلکترۆنی لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا ناوی هێنراوە و بەکارهاتووە، ئەویش لەلایەن (باری کۆلین ( Barry Collin – بووە، بەڵام لە جیاتی تیرۆری ئەلکترۆنی دەستەواژەی تیرۆری ئەکنۆلۆجی بەکارهێناوە، بەوشێوەیەش ناسێندراوە کە : ( مەبەستی هێرشی ئەلکترۆنی هەڕەشەکردنە لە دەوڵەت و حکومەتەکان یان ڕاگەیاندنی جەنگ و شەڕە لە دژیاندا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی یان ئایینی یان ئایدیۆلۆجی، ئەو هێرشە دەرئەنجامێکی کاولکەر و زیانی گەورەی بەدواوە دێت یان زیانی ماددی و مەعنەوەی دەبێت یان کاریگەریەکی تێکدەرانەی بەدواوە دێت).

جیمس لۆیس James Lewiss – بەوشێوەیە پێناسەی دەکات کە ( بەکارهێنانی تۆری کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتە بۆ لەناوبردن و لەکارخستنی ژێرخانی نیشتمانی گرنگی وولاتان، وەك: کەرتی ووزە، کەرتی گواستنەوە وگەیاندن، کەرتی کاورباری حکومی، بە ئامانجی ترساندن حکومەت و خەڵکی مەدەنی).

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەم تیرۆرە بەوشێوەیە پێناسە دەکات: (کارێکی تاوانکاریە و لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئامرازەکانی گەیاندنەوە ئەنجام دەدریّ، بە مەبەستی ترس و تۆقاندن

و لەکارخستن و لەناوبردنی دامودەزگای جیاجیا و بڵاوکردنەوەی ترس و شڵەژاوی و گومان بە ئامانجی ناچارکردنی حکومەت و دەوڵەتان یان دانیشتوەکەی بۆ جێبەجێکردنی خواستی سیاسی یان ئابووری یان ئایدیۆلۆجی و کلتوری یان کۆمەڵایەتی).

لە هەندێ بەڵگەنامە و سەرچاوەی هاوپەیمانی ناتۆ(Nato -ش، ئەوا پێناسەی ئەم تیرۆرە کراوە: ( ئەو جۆرە هێرشەیە، کە لە ڕێی ئەنتەرنێت و بەکارهێنانی تۆڕێك لە کۆمپیوتەر و ئامێری گەیاندنەوە ئەنجام دەدرێ، بۆ ترس و تۆقاندنی کۆمەڵگە و بەرامبەرە بۆ مەرامێکی ئایدیۆلۆجی).

## گروپە تیرۆریستیەکان و تیرۆری ئەلکترۆنی:

گروپە تیرۆیستیەکان بۆ هێنانەدی مەرام و ئامانجەکانیان هەموو ڕێگە و ئامرازێك دەگرنەبەر و بەکاردەهێنن، یەکێك لە گرنگترین ئەو ڕێیانەش سوود وەرگرتن و قۆزتنەوەی تەکنۆلۆجیای پەیوەندی و گەیاندن و تۆڕی ئەنتەرنێتە، ڕێکخراوی (قاعدە) لە سەرەتایی گەشە و خۆڕێکخستنیدا لە سەرەتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، زۆر و کەم کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئەنتەرنێتیان بەکاردەهێنا، سەرکردەی پێشوویان (اسامە بن لادن) لە ڕێی تۆماری دەنگی و ڤیدیۆییەوە پەیام و بانگەوازەکانی دەگەیاند، کە هەندێکیان هەڕەشەکردن بوون

له چەند لایەن و دەوڵەت و ناوەندێکی جیهانی، بەڵام له دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١، که ئەم ڕێکخراوە لانه ئارامەکانی له ئەفغانستان له دەستدا، ئیتر بۆ گەیاندنی پەیام بە ئەندامەکانی و شانه نوستوەکانی لەسەرتاسەری جیهان پەنای بۆ تۆڕی ئەنتەرنێت وئامرازەکانی دیکەی گەیاندن و پەیوەندیکردن برد.

ئەم ڕێکخراوە و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی پەنایان بۆ هێرشی ئەلکترۆنی برد بۆ گەیاندن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و جێ خۆشکردنی پێگە و بنکەی خۆیان لەسەرتاسەری جیهان، بەو هۆیەوە توانیان پەیامی سەرکردەکەیان و ڕێکخراوەکەیان بگەیەنێنە ملیۆنان کەس.

بەهەمانشێوەش ڕێکخراوی ( داعش) یش، توانی زۆرباش و لێزانانه تۆڕی ئەنتەرنێت بۆ کارو چالاکیەکانی و ڕاکێشانی ئەندام له (٧٠) ووڵات بۆ ناو ریزەکانی و ئاڕاستەکردنی شانه نوستوەکانی لەسەرتاسەری جیهان بەکاربهێنێت، هەروەك بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی کاره نامرۆییەکانی بۆ چاندنی ترس و تۆقاندن بوو، لەناو خەڵکی و نەیارەکانی، که ئەمەش یارمەتیدان له ماوەیەکی کەم دەست بەسەر ڕووبەرێکی زۆری سنوری عێراق و سوریا و چەند ووڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرن، ڕێکخراوەکانی وەك (تاڵیبان و لشکر تیبه Lashkar –e- Taiba ) زۆر باشتر لەئەو دوو

ڕێکخراوەی پێشووتر، سوودیان لەو تۆڕە وەرگرتووە و هەموویان بەیەکەوە وەك شێوازێکی دیکەی هێرش و پەلاماردان، سەیری هێرشی ئەلکترۆنیان کردووە و بە چالاکییەکی نەوعیان زانیووە.[١٠٣]

١٠٣– ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ https://knwe.org/?p=37726

## باسی چوارەم:
## شێوەکانی تیرۆر

مرۆڤایەتی سودی زۆری لەو پێشکەوتنە زەبەلاحەی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە، کە بوارە جیاوازەکانی ژیانی گرتۆتەوە، دەزگا ئەمنیەکانیش بەرۆڵی خۆیان هەستاون بۆ وەرگرتنی پشکی زۆری خۆیان لەم پێشکەوتنە، بۆ ئەوەی بۆ خزمەتی ئاسایشی تاك و کۆمەڵەکان بەکاریبهێنن، بەڵام چەتەکانی تیرۆر و تاوانکاران دابڕاونین لەم پێشکەوتنە، کە ئەمانیش بەپەلە بەرەو ئەوە چوون کە پشکی خۆیان لەم تەکنیکانە وەربگرن، هەروەها لەپاڵ لێهاتوویی‌و زیرەکی، فرتوفێڵیشیان ئەنجامداوە، کە ئەمەشکە کارەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بەمشێوەیە وایلێهات کارەکە پێویستی بەهەوڵی زۆر گەورە و هاوکاری بەهێزی نێوان دەزگاکانی ئاسایش‌و نێوان سەرجەم دەوڵەتان بێت، بەجیاوازی سیستمە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانیان بۆ بەرهەڵستیکردنی ئەم دیاردەیە.

تیرۆریستان شێواز و هۆکاری زۆریان لەپێناو گەیشتن بەمەبەستەکانیان گرتۆتە بەر، هەروەها لەو ڕێگایانەش دەکۆڵنەوە

که لەسەر زەمینی واقیع، وادەکات بتوانن زەرەرو زیان لەریزی دوژمنانەکانیاندا بەجێبهێڵن، هەروەها بەگوێرەی شێوازی لێدانی هەڵبژێراو و پلان بۆدانراو، بەزۆریش پشت بەروبەڕوبونەوەی گەرموگوڕ دەبەستن[١٠٤].

پێش ئەوەی تیرۆریستان پەنا بۆ بۆ بەکارهێنانی تەکنیك بەرن، دەبینین کە ئەوان بڕیاری خۆیان لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ روداوەکاندا دەدەن، ئەوان بەوە ناسراون کە بەوردەکاریی لەرێکخستندا دەکەن، بۆ دورخستنەوەی دەسەڵاتەکان لەرێکخراوە تیرۆریستیەکانیان خاوەنی شێوازی نوێن، لەناو ئەو شێوازانەشدا لەکاتی رووداني روداوێکیی تیرۆریستیدا، فاکس و نامە بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ دەنێرن.

هەروەها ئەمانە بەهێزو توانای کۆنترۆڵی سەرۆکەکانیان بەسەریانەوە جیادەکرێنەوە، رێزو گوێڕایەڵی ئاڵوگۆڕکراوی نێوانیان، توانای زۆریان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو بەکارهێنانیان دژی دوژمنانیان هەیە، تیرۆریستەکان وەك نەریت لەپێناو لاوازکردنی ورەو

---

١٠٤- د. محمد فتحي عبد: الاساليب والوسائل التقنية التي يستخدمها الارهابيون وطرق التعدي لها ومكافحتها، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ٢٠٠٥، ص١٣.

توانای نەیارانیاندا، بەگوێرەی هەڵوێست پەنا بۆ ئارەزو پێدان‌و هاندان (ترغیب)و ترساندن (ترهیب) دەبەن.

ئەوەی مایەی سەرنجیشە ئەوەیە، کە تیرۆریستان بەکەیسەکانیانەوە پارێزگاری لەیەکتری دەکەن‌و قوربانی دەدەن و دڵسۆزی رەهایان بۆ ئەمیرەکانیان هەیە، هەروەها گرنگیەکی زۆریش بە ئامادەکردنی کادری زۆری شیاو دەدەن، بۆ ئەوەی گەر دەزگاکانی دادپەروەریی لەدەستگیرکردنی هەندێکیاندا سەرکەوتوو بوون، ئەوان ئەڵتەرناتیڤەکەیان ئامادەبێت[١٠٥].

تیرۆریستان سودمەندبون لەپێشکەوتنی تەکنیکەکانی پەیوەندی، وەك بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان‌و کەناڵەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی‌و ئێزگەی رادیۆ و ڤیدیۆ و کاسێت‌و فاکس‌و مۆبایل‌و تۆڕی گەورەی ئینتەرنێت‌و پۆستی ئەلیکترۆنی، هەروەها ئەو پەڕی سودیان لەسادەترین هۆکارەکانی تەکنیکیش وەرگرتووە، وەك کاسێت کە بەچەکێکی لەناوبەر دادەنرێت و هەندێك ناوچەی هەڕەمەکییان پێ داگیرکردووە، کە خەڵکانی پەراوێز لەهەندێك شارەکاندا رێکیدەخەن و سەرچاوەیەك پێکدەهێنێت، کە بەردەوام خۆراك بۆگرووپە تیرۆریستیەکان ڕادەکێشێت.

---

١٠٥- د. محمد مؤنس: سەرچاوەی پێشو، ل٧٨.

**شێوازەکانی ئەنجامدانی تیرۆر خۆی لە چەند شێوازێك دەبینێتەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:**

**١. ڕفاندنی فڕۆکە**

فڕۆکە بەهۆکاری چالاکی گواستنەوەی نێوان دەوڵەت و کیشوەرەکانی جیهان دادەنرێت، گرنگیی فڕۆکە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە زیادیکرد و بوو بەپێکهێنەری یەکێك لەگرنگترین هۆکارە خێراو ئاسودەکانی گواستنەوە.

لەسەدەکانی رابردووشدا کەشتیەوانی لەهۆکارە سەرەکیەکانی گواستنەوە بوو، بەڵام کەشتیوانی روبەڕوی چەتە دەریاییەکان دەبوویەوە، بۆیە دوای دەرکەوتنی روداوەکانی رفاندنی فڕۆکە ئەم کارانە بە (چەتەیی ئاسمانی: القرصنة الجوية) ناوزەدکرا.

تاوانی رفاندنی فڕۆکە سەر بەتاوانەکانی تیرۆرە، تیرۆریش جۆرێکە لەتوندوتیژی کە هەمیشە پەیوەستە بەکەیسێکی سیاسیەوە، پەیوەندی دوالیزمیانەی نێوان دولایەنەکەی تاوان تێدەپەڕێنێت(تاوانبارو تاوان لەگەڵکراو)، لایەنێکی سێیەمی دەخاتە پاڵی، کە بریتیە لەو کەیسەی کە ناکۆکیەکەی لەسەرە، بەزۆریش

زیانی گەورەی لەگیان وماڵدا لێدەکەێتەوە، سەرەڕای لەقکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەزۆرێك لەوڵاتاندا.

مێژووی مرۆڤ یەکەمین روداوی رفاندنی فڕۆکەی لەساڵی (١٩٣٠ن)دا تۆمارکرد، کاتێك هەندێك لەنەیارانی سیستمی دەسەڵات لە (پیرۆ)، هەستان بەڕفاندنی فڕۆکەیەکی سەر بەیەکێك لەکۆمپانیاکانی فڕۆکەی لۆکاڵیی، ئەوەش بەمەبەستی ڕاکردن لەوڵات ئەنجامیان دا[١٠٦]، دوای ئەمەش شەپۆلێك لەرفاندنی فڕۆکە هاتە ئاراوە، لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٤٧و ١٩٥٣)دا لەدەوڵەتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا ئەم تیرۆرە پەرەی سەند، لەو کاتەدا ئەم دەوڵەتانە بەئاگرو ئاسن فەرمانڕەواییان دەکرد، رێگەشیان بە هاوڵاتیەکانیان نەدەدا پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە بکەن، بۆیە ئەمە ببووە بەربەستێکی ئاسنینی دابڕێنراو، ئەم شەپۆلەش (١٤) روداوی رفاندنی فڕۆکەی لێکەوتەوە، کە هاوڵاتیان لەیوگسلافیاو پۆڵەنداو چیکۆسلۆفاکیاو رۆمانیاو بولگاریا وەك هەڵهاتنێك و ئومێدێك بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادی لەدەوڵەتانی خۆرئاوادا پێی هەستابوون، بەڵام هەر زوو دەوڵەتانی بەربەستە ئاسنینەکە رێوشوێنی ئەمنینیان دژی ئەم

---

١٠٦- د. رحب عبدالمنعم متولي: الارهاي الدولي واختطاف الطائرات في ضوء القانون الدولي المعاصر، دار النهضة المصرية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٢، ط٢، ص١٤٦.

کارانە گرتەبەر، کە بووە هۆی توندبوونی پاسەوانێتی بەسەر فۆڕکەخانە و فڕۆکەخانەکاندا، هەروەها گەشتی هاوڵاتیان بۆدەرەوە سنوردار کرا و کرا بەگرێبەست، ئەم شەپۆلە تا ساڵی ١٩٥٨ز بەردەوام بوو[١٠٧].

### ٢/ رفاندنی بارمتە

ماددەی یەکەمی رێکەوتنی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی رفاندنی بارمتە لە ساڵی (١٩٧٩)دا، تاوانی رفاندنی بارمتەی دیاریکردووە، بەوەی (هەرکەسێك کەسێکی دیکە)ی (ئاسان) دەستگیر بکات و هەڕەشەی کوشتن و ئازاردان یاخود بەردەوامیی هێشتنەوەی بۆ لایەنێکی سێیەم لێبکات، ئیدی ئەو لایەنە دەوڵەت بێت یان رێکخراوی نێودەوڵەتیی یان حکومەتێك یان کەسێکی سروشتی یان ئیعتیباریی یاخود کۆمەڵە کەسانێك بێت، دواتریش مەرجێکی ڕاشکاوانە یان ناڕاستەوخۆ بۆ ئازادکردنی بارمتەکە دابنێت، ئەمە پێی دەوترێت ڕفاندنی بارمتە).

تاوانی گرتنی بارمتە کارێکی نوێ یان بەتەنیا بەرهەمی ئەمڕۆ نیە، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی، کە هەندێك سەرچاوە مێژووی ئەم

---

١٠٧– د. محمد فتحي عبد: واقع الارهاب في الوطن العربي، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ١٩٩٩، ص٤٧.

بارمتانه دهگهڕێننهوه بۆ سهدهی دوانزهههم، كاتێك كۆمهڵه چهتهیهك خۆیان خسته ریسكی رفاندن و بهندكردنی ریچارد (دڵی شێر)ی پادشای ئینگلیز لهقهڵای رین (rhin) لهئهڵمانیا، پاشانیش بۆ ئازادكردنی داوای فیدیهیان لهگهلهكهی كرد[١٠٨].

دیاردهی بهندكردنو هێشتنهوهی بارمتهكان بهشێوهیهكی بهرچاو لهسهردهمه نوێیهكاندا زیادی كردووه، بهتایبهتیش لهنیوهی دووهمی سهدهی رابردوو، لهبهرامبهر ئهمهشدا حكومهتی ئهڵمانیا لهساڵی ١٩٧٦دا داوای لهنهتهوهیهكگرتوهكان كرد، بۆ رێكخستنی لایهنه یاساییهكانی تاوانی رفاندنی بارمتهكان، رێككهوتنێكی نێودهوڵهتی دهربكات، ئهوه بوو دوای گفتوگۆیهكی زۆر و ئاڵۆگۆڕی بۆچونهكان، كه سێ ساڵی خایاند، رێكخراوی نێودهوڵهتی لهساڵی ١٩٧٩دا رێككهوتنی نێودهوڵهتی بۆ دژایهتیو بنبڕكردنو ڕفاندنی بارمتهكان دهركرد[١٠٩].

تاوانی گرتنی بارمته بهتاوانه ترسناكهكان دهژمێردرێت، چونكه بهزۆریی ههڕهشه لهكهسانی بێتاوان دهكات، ژمارهی بارمتهكانیش

---

١٠٨- عبدالناصر حريز: سهرچاوهی پێشو، ل١٥٠.

١٠٩- د. علاء الدين الراشد: الامم المتحدة والارهاب، دار النهضة العربية، المكان بلا، ٢٠٠٥، ص١٥٦.

هەندێکجار زۆر دەبێت، شەپۆلێکی بەهێز لەترس‌و تۆقاندن دروستدەکات.

بەکارهێنانی گرتنی بارمتە لەچواردەیەی رابردودا بڵاوبووەوە، هەندێکجار تیرۆریستان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاریانهێناوە، هەروەها بۆ راکێشانی سەرنجی جیهانیش بۆ کەیسە سیاسیەکەیان یان هاندانی حکومەت بۆ هەستان بەکارێکی دیاریکراو یاخود رێگرتن لەکارێك پەیڕەو کردوە، وەکچۆن هەندێکی دیکەش بۆ دەستخستنی چەند دەستکەوتێکی تایبەتی و ماددی بەکاریانهێناوە[110].

نمونە گەلێکی زۆر بۆ گرتنی بارمتەکان لەئارادان، وەك ئەوەی کە حزبوڵای لوبنانی لەهەشتاکانی سەدەی رابردودا دژی ئەمریکیەکان ئەنجامیدا، یاخود دەستگیرکردنی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران لەلایەن پاسەوانی شۆڕشگێڕی ئێران لەساڵی ١٩٧٩دا، یان دەستگیرکردنی (٥٠٠) بارمتە لەلایەن رێکخراوی تۆباك ئەماروی پیرۆوە لەبارەگانی نیشتەجێبونی باڵیۆزی یۆنانی لەلیمای پایتەخت[111].

---

١١٠- د. امام حسانين عطا الله، سەرچاوەی پێشو، ل١٥٢.

١١١- راپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی تایبەت بەروداوەکە لەئینتەرنێت: (www.amnisty.orgalarabic)

### ٣/ بەکارهێنانی تەقەمەنی

بەکارهێنانی تەقەمەنی بەو هۆکارە تیرۆریستیانە دادەنرێت، کە وردە وردە بەکارهێنانی لەزیادبوندایە، گومانی تێدا نیە کە بەکارهێنانی تەقەمەنی زیانی یەکجار زۆری ماددیو مرۆییان لێدەکەوێتەوە، کاردانەوەکانیشی گەورە دەبن.

ئەوەی کە پاڵی بەتیرۆریستانەوە ناوە گرنگیەکی زۆر بە مادە تەقەمنیەکان بدەن، ئەوەیە کە بەکارهێنانی تەقەمەنیەکان لەپرۆسەی تیرۆریستیەکاندا هەمە جۆر دەبن، بۆ نمونە دەتوانرێت لەئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراودا دابنرێت، یاخود لەقتوی شاراوەو نادیاردا لەسەر شۆستەی رێگاکاندا دابنرێت، کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوبویەوە، هەروەها لەعێراقیشدا لە تەقینەوە خۆکوژیەکاندا بەکارهێنران، واتە هەڵگرتنی پشتێنی تەقەمەنی لەلایەن تیرۆریستانەوە، دواتریش تەقاندنەوەیان لەشوێنە گشتی و قەرەباڵغەکاندا[١١٢].

بەکارهێنانی تەقەمەنی لەکارە تیرۆریستیەکاندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکارهێنانی ئاسانە، توانای تەقاندنەوەی لەدورەوە و بەرێگەی (ریمون کۆنترۆڵ) هەیە، وەکچۆن بەهۆی زۆریی ژمارەی

١١٢- د. محمد مؤنس: سەرچاوەی پێشو، ل٨٤.

قوربانیەکانیشەوە دەنگدانەوەی سیاسیو میدیایی فراوان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

تەقەمەنی بۆ زۆر کاری تیرۆرستی دیکەش بەکاردەهێنرێت وەك تەقاندنەوەی فڕۆکە، وەك لەفڕۆکەی ران ئێم-ی (RAN.M) ئەمەریکی لەستکۆتلەندا رویدا، یاخود بەکارهێنانی لەتەقاندنەوەی شەمەندەفەردا، وەك ئەوەی لەسالانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥دا لەئیسپانیاو لەندەن رویدا، یاخود بەکارهێنانی بەشێوەیەکی فراوان دژی خەڵکانی بێتاوان لەبازاڕو شوێنە گشتیەکاندا، لەئێستاشدا لەکارە تیرۆریستیەکان لەعیراقدا و چەندین ولاتی دیکەدا تەقەمەنی بەکاردەهێنرێت و تیرۆرستان زۆرینەی کردەوەکانیان بە تەقەمەنی ئەنجام دەدەن.

پوختەی قسە ئەوەیە کە ئەمجۆرە لەکاری تیرۆریستی، بەترسناکترین جۆری تیرۆرستی دادەنرێت، چونکە زیانێکی زۆری مرۆیی لێدەکەوێتەوە، شوێنەوارێکی قووڵی دەرونیش لەدەرونی خەڵکی گشتیدا بەجێدەهێڵێت، وەکچۆن کاریگەریی بۆسەر ژیان و ئارامیی کۆمەلایەتی لەولاتدا دەبێت [١١٣].

١١٣- د. رجب عبدالمنعم متولي: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٤.

### ٤/ غافڵكوژی سیاسی

تیرۆری سیاسی (غافڵكوژی سیاسی) لەهۆكارە تیرۆریستیە كۆنەكانە، كە لە رۆما بە تیرۆكردنی قەیسەرەكان دەستی پێكرد، ئەوروپاش لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، شەپۆلێكی تیرۆری سیاسی فراوانی لەسەردەستی ئانارشیستیو نیهلیستیەكان بەخۆیەوە بینی.

تیرۆریستان بە زۆری پەنا بۆ هەڵبژاردنی سیمبولە سیاسیەكان یاخود كۆمەڵایەتیەكان لەكۆمەڵگەدا دەبەن و تیرۆریان دەكەن، كە ئامانجیان ئەوەیە كەلێنو نائارامیی ئەمنی و سیاسی و دەرونیی لەوڵاتدا دروست بكەن.

تیرۆر (اغتیال) لەخودی خۆیدا پەیامێكە لەتیرۆریستانەوە بۆلایەنەكەی تر، كە ئامانجی ترسو تۆقاندنە .

تیرۆرستان لەم جۆرەدا خاوەنی زۆر هۆكار و شێوازن، لەوانەش: غافڵكوژی (الاغتیال)، كە ئەم هۆكارەش دژی سەركردەو بەرپرسانی دوژمن بەكاردەهێنرێت، لەوانەشە شوێنەوارێكی دوورو گرنگیشی هەبێت، وەك ئەوەی لەساڵی ١٩١٤زدا رویدا، كە كوشتنی شازادەی جێنشینی نەمساو هاوسەركەی لەسەرایيڤۆدا لێكەوتەوە، كە بوو بەیەكێك لەهۆكارە راستەوخۆكانی هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی

جیهانی، كه له ئەنجامدا زیاتر له ١٠ ملیۆن مرۆڤ بوونه قوربانی ئەو جەنگه[١١٤].

شێوازێكی دیكه بۆ تیرۆر كردن هەیه، ئەویش بریتی یه لەگرتنی بارمتەكان، ئامانجیشی بەندكردنی بارمتەیه، بۆ ئەوەی ئەو مەترسیەی توشی ژیانیان بووه بەهۆی پێگەی رفێنەرانەوەكەوه لابەرن، وشەی بارمتەش سەرباز و جەنگەوەران ناگرێتەوه كه چەك هەڵناگرن.

هەروەها سەرنجیش دەدرێت كه كردەوەكانی ئیغتیال كه تیرۆری دەوڵەت پەنای بۆدەبات، به ئامانجی چاندنی ترس لەناخی هاوڵاتیانو كۆمەڵەكاندا پەیڕەوی دەكات، هەروەها فشارخستنه سەر حزبەكانو سەندیكاكان ئامانجێكی دیكەی ئەم تیرۆرەیه، بۆ ئەمەش باشترین نمونه وڵاتی ئەرژەنتینه، كه دوای وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن سەربازەكانیەوه، گروپی دەسەڵاتداری پێشوو كەوتنه جێبەجێكردنی ئیغتیالاتی هەندێك لەرۆژنامەنوسه دیارەكان و چەندین سەركردەی حزبەكانو هەندێك له كەسایەتیەكانیش بونه قوربانی، كه پێگەیەكی گرنگیان هەبوو، بەشێوەیەك كه دەیانتوانی

---

١١٤– د. فرغلي علي تسن: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

رای گشتی دژی گروپی فەرمانڕەواکان لەئەرژەنتینی ئەو کاتەدا بجولێنن[115].

لەعیراقیشدا بەعسیەکان زنجیرەیەك غافلْکوژیان ئەنجامدا، کە سەرجەم هێزەکان و ئەو کەسایەتیە گەورانەی کردە ئامانج، کە نەیاری سیستمە فەرمانڕەوایەتیەکەی بوون، یاخود لەشەڕیان دەترسان، ئیدی ئیغتیالاتەکانی بەعس وەك یەك، ئیسلامیەکانو نەتەوە پەرستەکان و شیوعیەکانو نیشتمانپەروەرەکانی گرتەوە، کاری لەسەر پاکتاوکردنی کەسایەتیە زانستیە بالآکانو زانا ئاینیەکان کرد.

لەوانەیە ئامانج لەکاری تیرۆر هاندانی خەڵکی وڵات بێت بۆ بەجێهێشتنیو چۆڵکردنی گوندو شارەکان وەك زەمینەسازییەك بۆ دەستگرتن بەسەریاندا، ئەم ئامانجە نادادپەروەریەش سیستمە دیکتاتۆریەکان پیادەیان کردوە و دەیکەن، هەروەها پێویستە ئەوەش بهێنینەوە یاد، کە رژێمی سەدام، بەبیانوی ئێرانیبوونیانەوە شێوازەکانی کۆچپێکردنی بۆ خێزانە عیراقیەکان پیادە دەکرد، پاشانیش دەستی بەسەرماڵو موڵکیاندا گرت، رۆڵەی ئەو خێزانانەی خزاندە گرتوخانەکانەوە، هەروەك زۆرێك لەکوردەکانی عیراقی

---

١١٥- د. محمد مؤنس: سەرچاوەی پێشو، ل٨٦.

ناچارکرد گوندو شارەکانی خۆیان جێبهێڵن، دەیان گوندی روخاند، دانیشتوانەکانی لەپێناوی مەبەستی سیاسی رەگەزپەرستانەدا دەربەدەر کرد و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیانی دا.

هەر لەو هەڵمەتەدا سیاسەتی زەوی سوتاندیشی لەگەڵ دانیشتوانی هۆڕەکاندا لەگەڵ عەرەبی شیعە پەیڕەو کرد، ئەو گوندانەی دەوروبەریشی تەخت کردو لەگەڵ زەویدا کردنی بەیەك، ئاوی زۆنگاوەکانیشی وشککرد، هەموو ئەم کارانەی بۆ ئەوە کرد کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە کۆچبکەن و بەشدار نەبن لەپاراستن‌و پشتگیری ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیدا[١١٦].

دەرئەنجامی قسە ئەوەیە، کە فەلسەفە و ئامانجی تیرۆر لەسەرجەم حاڵەتەکاندا هەریەکێکە، کە بریتی یە لە پێشێلکردن یاخود کوشتن یان وێرانکردنی ئەو دەزگا و شوێن و ئاراستانەی کە کەسی تیرۆریست بەدوژمنی دەزانێت.

لەکۆتاییدا ئەوەی شاراوە نیە ئەوەیە، کە رێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئەو دەوڵەتانەشی کە پشتیوانی تیرۆر دەکەن، بەزۆریی پەنا بۆ زیاد لەهۆکارێك لەهۆکارەکانی تیرۆر دەبەن، بەڵکو هەندێکجار یەك پرۆسەی تیرۆر زیاد لەشێوازێك لەشێوازەکان پەیڕەو

---

١١٦- الموسوعة العربية العالمية: ج١، ص٩٦٢.

دەكەن، وەك لە١١ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١دا لەئەمەریكا رویدا، كە تیرۆریستان فڕۆكە ئەمریكیەكانیان رفاند، سەرنشینەكانیان وەك بارمتە دەستگیركرد، دواتر لەرێگەی پێكدادانی بەهەردو بورجی باڵەخانەی بازرگانیی جیهانیو وەزارەتی بەرگری ئەمەریكا. فڕۆكەكەیان تەقاندەوە.

# بەشی سێیەم:

# مەترسیەکانی تیرۆر

# و

# روبەڕوبونەوەی

## باسی یەکەم:

## مەترسی پەرەسەندنی تیرۆر:

تیرۆر هەموو شوێنێکی سەرزەوی گرتۆتەوە، جا لەسەر ئاستی ناوخۆو بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە تیرۆر چیتر روداوێکی تاکەکەسی نیە، بەڵکو بووە بەدیاردەیەکی یەکجار ترسناك کە هەڕەشە لەئاسایش و ئارامیی ناوخۆی دەوڵەتان دەکات، ئاستەنگیش بۆ پلانەکانی گەشەپێدان بەسەرجەم جۆرەکانیەوە دروست دەکات، وەکچۆن هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات، زیان بەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەگەیەنێت و توشی کێشەو کەموکوڕتییان دەکات، هیچ یەکێکیش لەدەوڵەتان لەم دیاردەیە دەرباز نەبوون لەخۆرهەڵات یان لەخۆرئاوا یان لەباکور یان باشوردا بن، لەنێویشیاندا دەوڵەتە عەرەبیەکان.

تیرۆری ئەمڕۆ بە بەراورد بە دوێنێ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەردەوامبوونی هێرش‌و کارە تیرۆریستیەکان چاوەڕوانکراون، هەروەك چاوەڕێش دەکرێت کە تیرۆر لەرووی هۆکارو پاڵنەریشەوە شێوازو ئامرازەکانی پەرەبستێنێت، جا ئەو تیرۆرە تیرۆری دەوڵەت

بێت یان تیرۆری تاك یان گروپەکان، لەو رووەوە داهێنانە تیرۆریستیانەکان لەرووی جۆرێتی ئەو کارانەی تیرۆریستان ئەنجامی دەدەن لەگەڵ چۆنێتی جێبەجێکردنیانو شێوازەکانی تیرۆرەکە و ئامرازەکانی بۆتە ئەمرێکی واقیعی.

مرۆڤایەتی بەدرێژایی سەردەمە جۆراوجۆرەکان، شێوەیەك لەشێوەکانی تیرۆری بەدی کردووە، بەڵام ئەوەی لەئێستادا روبەڕوی دەبێتەوە کەوتۆتە سەروو هەموو تێڕوانینێك و پێشبینی کردنێکەوە، تیرۆر ئێستا لەهەموو کاتو شوێنێکدا مرۆڤ توشی دڵەڕاوکی دەکات، لەناو فڕۆکە، لەچێشتخانەدا، یاخود شەقامدا و تەنانەت لەماڵەکەی خۆیشیدا، لەوەیە تیرۆر کەسێك بکاتە قوربانی کە لەبنەڕەتەوە هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتانەوە نیە، کە تیرۆریستان پشتگیری دەکەن، وەك ئەوەی ئەو مرۆڤە دەکاتە قوربانی کە تیرۆریستان پێیانوایە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە دەیانەوێت بیانهێننەدی[١١٧].

ئەگەر تیرۆر یەکێك بێت لەشێوەکانی توندوتیژی، ئەوا بۆ ئامانجێکی دیاریکراو پەیڕەو دەکرێت، کە لەتیرۆریستێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاواز دەبێت، رەنگە ئامانجەکان بەگۆڕانی

١١٧– عزت سيد اسماعيل: سيكولوجية الارهاب وجرائم العنف، منشورات دات السلاسل، ١٩٩٨، الكويت، ل ١٢.

هەلومەرجەکان بگۆڕدرێن، تیرۆرستیش بە پێی پلانێکی داڕێژراو هەوڵی گەیشتن بەئامانجی خۆی دەدات، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بیٚ بەرنامە بۆ داڕێژراو، بۆیە تیرۆرستان پێیان وایە کە هێرشبردن باشترین هۆکارە بۆ بەرگری کردن، هەندێکیشیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکەیان، ناشیرنترین رێگا دەگرنە بەر، هەندێك جاریش شێوازێك دەگرنە بەر کە بەبیری هیچ کەسێکدا نەهاتووە.

بەگشتی تیرۆر هۆکارێکە لەهۆکارەکانی فشار کە لەبنەڕەتەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی هەوڵدەدات، لەوانەشە بۆ مەرامێکی کۆمەڵایەتی یان ئاینی ئەنجام بدرێت[١١٨].

بەم پێیەش تیرۆریستان بۆ ئامانجی جیاواز کارەکانیان ئەنجام دەدەن، هەندێك لەتیرۆرستانیش پشتگیری لەڕێڕەوێکی دیاریکراوی سیاسیی دەکەن، وەك فەرمانڕەوا ستەمکارەکان، بەڵام هەندێك رێکخراو و گەلانێکی ستەمدیدە داوای ئازادی خۆیان لەحکومەتە داگیرکەرەکان دەکەن، بەم پێیەش ناچنە ناو بازنەی رێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە، چونکە لەپێناو مافی رەوای خۆیاندا بۆ ژیانێکی ئازادی شکۆمەندانە خەبات دەکەن[١١٩].

---

١١٨– عبدالناصر حريز: سەرچاوەی پێشو، ل ٣٤.

١١٩– حسين عبدالحميد رشوان: سەرچاوەی پێشون ل ٤٧.

هەندێك كات تیرۆرستان توندوتیژی لەپێناو ئامانجێكی ناپاك‌و ناكۆك بەیاساو نەریتی نێودەوڵەتیی بەكاردەهێنن، وەكچۆن دیكتاتۆرەكان تیرۆر بە ئامانجی ترساندنی دوژمنانەكانیان و لەناوبردنیان بەتەواوی بەكاردەهێنن، هەروەها تیرۆری دژیش بوونی هەیە، كە سیستمێكی دیكتاتۆری دژی دوژمنانەكانی بەمەبەستی سەپاندنی ویستی كەمینە بەسەر زۆرینەدا ئەنجامی دەدات [١٢٠].

هەندێك لەتیرۆریستان باوەڕیان وایە كە بەكارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەكردن، بۆ بڵاوكردنەوەی تۆقاندن باشترین رێگایە بۆ دەستخستنی ریكلامێكی گشتی، كە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی پشتگیریەكی گونجاو بۆ كەیسەكانیان.

هەروەها كۆمەڵێك تیرۆریستی دیكەش بوونیان هەیە، كە هەوڵی گەیشتن بەئامانجێكی سیاسیی رێژەیی دەدەن، وەك شكاندنی گیانی بەرگریی و پابەندیی لای تاكەكان و روخاندنی مەعنەویات لای دەستەو دامەزراوەكان.

دەسەڵاتە فەرمانڕەواكانیش بۆ پاكتاوكردنی نەیارە سیاسیەكانیان پەنا بۆ كاری توندوتیژی دەبەن، جێگای ئاماژەشە كە دیاردەی توندوتیژی بۆ پاكتاوكردنی نەیاران لەكاری سیاسیدا

---

١٢٠- حلیم بركات: سەرچاوەی پێشو، ل ٣٨.

دیاردەیەكی كۆنە، ئەم شێوازە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ هاتنی ئایدیا ئانارشیستیو نیهیلیستیەكان زیاتر بڵاوبۆوە، كە دوو بزوتنەوەی سیاسین كە بڕیاری ئیغتیالیان دابوو، كە ژمارەیەكیش لەسەرۆكی دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریكیو ئاسیایی بون بە قوربانی[١٢١].

وڵاتانی جیهان كاتێك روبەڕوی دوژمنانێكی سەرچاوە نادیار دەبنەوە، دەكەونە دۆخێكی خراپەوە، چونكە ئەگەری ئەوە هەیە لەهەركاتو شوێنێكیدا دەستی خۆیان بوەشێنن لەهەر كەسێك كە بیانەوێت، ئەوان بۆ هێنانەدی ئامانجێكی دیاریكراو، مەبەستیان بڵاوكردنەوەی ترس و تۆقاندنە، كە زۆرجار ئایندەیی دەبێت، بەبڵاوكردنەوەی ترس لەناو جەماوەردا بەگشتی یان لەتۆقاندنی هەندێك لەكەسەكاندا دوای ئەوەی پەیامەكەیان پێ دەگات زەمینەسازی دەكەن[١٢٢].

تیرۆر لەرابردودا تەنیا ئیغتیال بوو یاخود بریندارکردنی هەندێك كەسایەتی گشتی یان دیپلۆماسیەكان، بەڵام لەئێستادا شێوەی جیاوازی بەخۆوە گرتووە لەنمونەی رفاندنی فڕۆكە، دەستگیركردنی

---

١٢١- حسين عبدالحميد رشوان: سەرچاوەی پێشو، ل ٤٨.

١٢٢- د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشو، ل ١١٢.

بارمتە، پەککستن‌و تەقاندنەوەی ڕێگاکانی هاتوچۆو ئامرازەکانی گواستنەوە، تەقاندنەوەی باڵەخانەی نیشتەجێبون و سەنتەری بازرگانی، تالآنیکردنی کۆگای چەك‌و دەزگاکان، داگیرکردنی باڵیۆزخانەو هێرشکردنە سەر بارەگاکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان‌و شوێنی کۆبونەوەکانیان[١٢٣].

جەوهەری تیرۆر لەو حاڵەتی تۆقینە پەنهانەیەکەیدا، وادەکات بکەرەکەی بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو، توانای سەپاندی دەسەڵاتی خۆی هەبێت.

سەرەڕای سەختی ئابلۆقەدانی سەرجەم حاڵەتەکانی تیرۆر لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بەڵام ڕوانینێکی خێراو گشتگیر ڕونیدەکاتەوە، کە نیوەی کارە تیرۆریستیەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەئەوروپادا ئەنجامدراون، هەروەها ٢١٪یشی لەئەمریکای لاتیندا، ١٤٪ی لەئەمریکای باکوردا، ١١٪یشی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجام دراون.

بەڵام لەساڵی (١٩٧٨)دا گۆڕانێکی بەرچاو لەم ڕێژانەدا رویدا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و باکوری ئەفریقیا زیادبونێکی زۆریان

---

١٢٣- عبدالناصر حريز: سەرچاوەی پێشون ل ٣٧.

لەژمارەی پرۆسە تیرۆریستیەکان بەخۆیانەوە بینی[١٢٤]، گەرچی هەر نەگەیشت بە رێژەی کردەوە تیرۆرستیەکانی ئەوروپاو ئەمریکای لاتین.

## هۆکارەکانی پەرەسەندنی تیرۆر خۆی لەم خالانەدا دەبینێتەوە:

### أ - فاکتەرەکانی ژینگە لەرووی نێودەوڵەتیەوە:

یەکەم: رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەهێنانەدی ئامانجەکانیدا و پراکتیککردنی پرەنسیپە ئامانجدارەکانیدا دەستاوەستانە، توانای دانانی سنورێکی بۆ سەرجەم شێوەکانی کۆلۆنیالکردنو ستەمو چەوسانەوەو رەگەزپەرستی نیە، فەراهەمی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتیەکان ناکات.

دووەم: بێتوانایی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبنیادنانی هاوکارییەکی جددی نێودەوڵەتیی لە یەکلاکردنەوەی کێشە ئابوریو کۆمەلایەتیەکاندا، هەروەها دەستەوەستانە لە کەمکردنەوەی بۆشایی گەورەی نێوان دەوڵەتانی دەڵەمەند و هەژارەکاندا، ئەمە جگە لەوەی

---

١٢٤- د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشو، ل ١٢٩.

له هێنانەدی ئاستێکی باشتری ژیان بۆ زۆرینەی هەرە زۆری گەلان شکستی هێناوە.

سێیەم: ڕێکخراوەکە لەدروستکردنی ڕێکخستنێکی دادپەروەر و بەردەوام بۆ هەندێك لەکێشە نێودەوڵەتیەکانی وەك داگیرکردنی زەوەی زار و تاڵانیو ستەمو چەوسانەوە دەستەوەستان بووە، کە ئەمە حاڵی زۆرێك لەگەلانە، لەپێش هەموشیانەوە گەلی فەلەستین.

چوارەم: ڕێکخراوەکە لەپڕاکتیکی ئەو چارەسەرانەی کە بەکۆدەنگیی یاخود بەزۆرینە لەسەری ڕێککەوتون، بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر دەوڵەتانی تر یاخود ئەو دەوڵەتانەی پێشێلی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکەن بێتوانایە، هەر ئەم بێتوانایەشەکە هانی ئەو دەوڵەتانە دەدات بەردەوام بن لەپێشێلکردنەکانیاندا، هەروەها ئەنجامدانی کاری دیکەی نوێ لەلایەکەوە، توندوتیژی لەروبەڕوبونەوەی ئەم کارانەدا لەلایەکی دیکەوە بۆتە کێشەیەکی دیکەی ڕێکخراوەکە[١٢٥].

هۆکارێکی دیکەش دەخەینە پاڵ ئەم هۆیانە کە لەرۆژنامە فەرمیەکانی هەندێك لەدەوڵەتاندا بەدیدەکرێت، کەبەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراویدا دەردەکەوێت، ئەویش بریتیە لەنەرمی

١٢٥- سەرچاوەی پێشون ل ١٣٠.

نواندنی هەندێك لەدەوڵەتان و گرتنەبەری سیاسەتی چاوداخستن، لەئاست هەندێك کاری تیرۆریستیدا کە لەوڵاتەکەیاندا ئەنجام دەدرێت، وەك دەستدرێژیکردنە سەر نوێنەرانی دەوڵەتانی بیانی و دیپلۆماتەکان، یان هێرش کردنە سەر هەندێك لەکەسایەتی گشتیو رفاندنو تیرۆرکردنیان ... هتد.[١٢٦].

**ب- هەندێك فاکتەری ژینگەییە نێودەوڵەتی بەشدارییانکردووە لەگەورەبونی کردەوە تیرۆریستیەکان لەوڵاتانی عەرەبیدا، کە ئەمانەی خوارەوەن:-**

یەکەم: هەندێك لەدەوڵەتان میوانداری بۆ ڕەگەزە تیرۆریستیەکان دەکەن، ئەمەش بە ئامانجی هێنانەدی بەرژەوەندیە دەرەکییەکانی خۆیانە، دواتریش ئاسان نابێت بڕوایان پێبهێنرێت بەوەی تاوانبارانی هەڵاتوو رادەستی وڵاتی خۆیان بکەنەوە، یاخود چیتر لە خۆیان نەگرن و نەیانپارێزن.

---

١٢٦- د. محمد فتحی عبد: الاجرام المعاصر، مطبع اکادیمیة نایف العربیة للعلوم الامنیة، ١٤١٩ ه، الریاض، ١٢٠.

دووەم: بوونی هەندێك لەمپەری یاسایی و سیاسیی لەهەندێك لەدەوڵەتە خۆرئاواییەکاندا، کە دەبنە بەربەست لەڕادەست کردنی تیرۆریستانەی هەڵاتوو.

سێیەم: زۆرێك لەو ڕاکردووانە سوود لە مافی پەنابەریی سیاسیی وەردەگرن، کە ڕادەستکردنەوەیان دەکاتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، بەشێوەیەك ناکۆك دەبێت لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی کە دەوڵەتان دەربارەی پەنابەریی سیاسیی لەسەری ڕێکەوتوون.

چوارەم: ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەدەوڵەتە خۆرئاواییەکان، وەك چەوساوە بۆ ئەو تیرۆریستانە دەڕوانن، ئەمەش بەهۆی ئایدیاو بیروباوەڕە سیاسیەکانیانەوە، نەك ئەنجامدانی تاوانی خوێناوی لەوڵاتەکانیاندا.

پێنجەم: هەندێك لەو دەوڵەتانەی گیرۆدەی جەنگی ناوخۆن، حکومەتەکانیان ناتوانن کۆنترۆڵی گروپە شەڕکەرەکان بکەن، بەوەی تیرۆریستان نەچنە ناو ریزەکانیانەوە [127].

هێشتا هۆکارەکانی راگەیاندن لەژیانی مرۆڤی سەردەمدا، هەر خاوەن کاریگەرییەکی زۆرن، ئەم راستیەش لە خەیاڵی سیاسەتمەدارانی جیهاندا بزر نابێت، بۆیە ئەم دەزگایانەیان خستۆتە

---

١٢٧- د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشون ل ١٣٤.

ژێر هەژموونی خۆیانەوە، بۆئەوەی ببنە ئاوێنەی ئەجندا و سیاسەت و خەونەکانیان، تاوەکو کاریگەریی بۆ سەر رای گشتی دروست بکەن، ئەمەش لەوەوە هاتووە کە درکیان بەوە کردووە، چەکی راگەیاندن ئامانجەکانیان لەسەر بە واقیعی دێنێتە دی، بەشێوەیەك ئەم چەکە کەمتر نیە لەچەکی سەربازیی کلاسیکی.

لەسەر ئەو بناغەیە دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتیش ئەوانەی کە خاوەنی کەناڵی لقو پۆپی راگەیاندنن، توانیویانە کۆنترۆڵی ڕەوتی ڕوداوەکان و لێکەوتەکانیان بکەن، لەوێشەوە بەو ئاراستەیەدا دەیانبەن کە بۆ هێنانەدی بەرنامە و ئامانجەکانیان بە سود و گرنگن، هەروەها بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەیان ئەو دەزگایانە دەگەیەننە ئاستێك کە پابەندیی ئەخلاقی پیشەیی کاری میدیایی نەبن، بەشێوەیەك کە بەرەو یاری کردن بەبەهای ئەو راستیانە ئاراستە وەردەگرن، ئیدی ڕاگەیاندنەکان جەللاد دەکەنە قوربانی، پێچەوانەکەشی راستە، کاتێکیش ڕاستی ئاوەژوو دەکرێت و وێنەی حەقیقەت لەناو ئەم چەواشەکاریەدا ون ببێت، لەوکاتەدا گەڕان بەدوای ڕاستی ڕووداوەکاندا، وەك ئەوەی لێ دێت لەنێو فەردەیەك کادا بەدوای دەرزییەکدا وێڵ بیت[١٢٨].

١٢٨- احمد البدر: الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، دار القلم، ١٣٩٣، الكويت، ل ٣٢.

بزوتنەوەی نوێی تاوان لەم ساڵانەی دواییدا هەڵکشانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەك بۆتە هۆی لەناوبردنی سەرجەم پلانەکانی گەشەپێدانی ئابوریو سیاسیو کەلتوری، تاوانە تیرۆریستیەکان لەلوتکەی لیستی تێکدانی ئاسایشو ئارامیدا هاتون، هەروەها هەوڵەکانی گەشەپێدان و بونیادنان لەبار دەبەن، ترس بووە بەدیاردەیەك کەتیرۆر ببێتە (ئۆپێرای کۆتایی)، بەتایبەتیش کە ئەو کردەوە تیرۆرستیانە سنوری یەك هەرێمیان تێپەڕاندووە، زیانەکان سنوری هەرێمییان بەرەو نێودەوڵەتیو دواتریش جیهانیی بڕیوە.

ناوچەی ئێمە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بەتایبەت و ناوچەی خۆرهەڵاتی دوریش بەگشتی گیرۆدەی تەقاندنەوەو وێرانکارییو... رفاندنی فڕۆکەو دەستگیرکردنی بارمتە بوون، هەروەها سەرۆك و پادشاو ئەمیرەکان و سیاسەتی دەوڵەتان بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم هەڕەشەیە هەمەجۆر بوون، واتە هەر دەوڵەتێك بۆ رزگار بوونی لەم مەترسیە لەناکاوە تەنها پشتی بەبەرنامەیەکی تایبەتی خۆی بەستووە، زۆرێك لەدەوڵەتان سەرکەوتوبون بۆ ئەوەی تیرۆرستان بە ئامانجەکانیان نەگەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بیریان لەزۆرێك لە ئامانجە دواخراوەکانیی تیرۆر نەکردۆتەوە، کە تیرۆرستان هەمیشە هەوڵی بۆ دەدەن، کە تەنیا لەمەودای دوریشدا دەردەکەون[١٢٩].

١٢٩– د. محمد مؤنس محب الدین: سەرچاوەی پێشو، ل ٢١١.

ئەگەر ئێمە لەئەمڕۆدا بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بەستراتیژێکی هاوبەشی ئەمنیی بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی کۆببینەوە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ستراتیژیەت لەبۆشاییەوە نایەت، بەڵکو لە دانانی سیاسەتێکی گشتیەوە دێت، کە ئامانجی ئاشکراو دیاریکراو دابنێت و ئەرکی جێبەجێکردنیان بۆ ستراتیژەکە جێبهێڵێت، هەروەها بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆتایی سیاسەتی گشتی، پێویستە پەنا ببرێتە بەر پلاندانی ورد و ژیرانە، کە لەسەر دیاریکردنی تەوەرە تایبەت و دواخراو و ناوەندو هەنوکەییەکان بێت.

ستراتیژ و پلاندانان دوو ئەڵقەی پێکەوە بەستراون لەیەك زنجیرەدا، کەڕۆڵێکی گەورە دەبینن لەدانانی سنورێك بۆ زیادبوونی کردوەکان، کە لە کۆتایشدا دەبێتە هۆی رێگری و خۆپاراستن لێی، ئەگەر ئامانج یاخود سیاسەتی گشتی بەفیعلی لە دواهەمین کۆبونەوەی نێودەوڵەتی دیاریکرا بێت، ئەوا ئەرکی ئێمە دانانی ستراتیژ و هێنانەدی ئەو ئامانجانەیە.

ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی دەوری تاك دەدەن‌و پاڵی پێوە دەنێن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆر کۆمەڵێك فاکتەری زۆرن، وەك خێزان کە تاکی تێدا گەشە دەکات، قوتابخانە کە زانستی تێدا وەردەگرێت، ئەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات‌و ژینگەی هاوڕێکانیشی، هەموو ئەمانە

بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی کاریگەریی لەسەر تاك بەجێدەهێڵن، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەم هۆکارانەش بکەین:

أ- خێزان: خێزان لەسەرانسەری جیهاندا چوارچێوەی پێکهێنانی منداڵە کە تیایدا گەشە دەکات، لەکاتی لەدایکبوونیەوە تا سەرەتای تەمەنی هەرزەکاری بەردەوام دەبێت، لەوێدا منداڵ ئاراستە و هەڵوێستە بنەڕەتیەکانی لەبەرامبەر خۆیو ئەوانی دیکەدا دەستدەخات، خێزانی ئاسایی و دروست کە بەخاوەنی خۆشگوزەرانی ئابوریی و سەلامەتیی تاکەکانی لەڕوی دەرونیو ئەندامییەوە جیادەکرێتەوە، گونجانی ژیاری و ئەخلاقی تێیدا زاڵە، هەلی گەشەکردن بۆ منداڵ دەڕەخسێنێتو ئومێدی بۆ ئایندەیەکی پرشنگدار لەلا گەڵا دەکات، بەڵام ئەگەر خێزانێك یەکێك لەرەگەزەکانی کامڵبوونەکەی کەم بێت، ئەوا بەیەکێك لەفاکتەرەکانی مۆتیڤی تیرۆر هەژمار دەکرێت، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە خێزانی نادروست بەمسۆگەریی تاك بەرەو ئەنجامدانی تاوان نابات، چونکە کەسانێك هەن کە لەخێزانێکی کلۆڵی پەرتەوازەدا

پێگەیشتون، بەڵام لە دوایدا هێزی پاڵنەری ئاینی بەرەو رێگای تاواندا بردونی[130].

ب–قوتابخانە: بریتیە لەو کۆمەڵگەیەی کە قوتابی دوای سەردەمی منداڵێتی پەیوەندی پێوە دەکات، جا لەوێوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ مامۆستاو کارگێڕانو هاوڕێکانی قوتابخانەی دروست دەبێت، تاك ماوەیەکی دورودرێژ لەقوتابخانەدا بەسەردەبات، قوتابخانە لێرەدا ئەو ژینگە دەگەیەنێت کە تاك خوێندنی لەسەرەتاییەوە تا زانکۆ تێدا وەردەگرێت، لێرەدا تاك لەچاودێریی‌و کۆنترۆڵی خێزان دوور دەکەوێتەوە، هەروەها زانیاری و شارەزایی تێدا وەردەگرێت کە لەبواری کارکردندا پێویستی دەبێت، رۆڵی قوتابخانە لە ڕاستیدا بۆ چاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکانە، هەروەها قوتابخانە رۆڵێکی گرنگ لەژیانی تاکدا دەبینێت، بۆیە ئەگەر قوتابخانە رۆڵی خۆی بەڕێبازێکی دروستی پەروەردەیی ئەنجام بدات، ئەوا دەتوانێت بۆ ئاسایش‌و ئارامی دەستی بگرێت، بیکاتە کەسێکی بەسود بۆ خێزانو نیشتمانەکەی، بەڵام ئەگەر قوتابخانە بەرۆڵە

١٣٠– احمد فتحي سرور: المشكلات الامنية المعاصرة للسياسة الجنائية، مطبعة جامعة القاهرة، ١٩٨٣، القاهرة، ل ٦٧.

پەروەردەییەکەی خۆی هەڵنەستێت، ئەوا تاك رەفتاری تاوانکارانە ئەنجام دەدات، کە لەتاوانی تیرۆر یان هەر تاوانێکی دیکەدا خۆی نمایش دەکات.

ج. ژینگەی کارکردن: زانایانی تاوان پێیان وایە کە چالاکی پیشەیی تاك و ئەو ژینگەیەی کە چالاکیەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، کاریگەریی زۆری لە سەر دیاردەی تاواندا هەیە، ئەمەش دوای لێکۆڵینەوە لە سەر ئەندامانی کۆمەڵە ئیسلامیە توندڕەوەکاندا دەرکەوتووە، کە تەسکیی روبەری زەوی کشتوکاڵیو نەبونی هەمەجۆری ئابوری، فەرامۆشکردنی گوندەکان و دارِمانی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان، ئەمانە بوونەتە هۆی کۆچکردنی گوندنشینەکان بۆ شارەکان و بەتایبەتیش بۆ پایتەخت، کە بەدیاردەی کەڵەکەبوونی شار (التكدس الحضري) ناوزەند دەکرێت.

زۆرینەی کۆچکەرانیش لەلادێکاندا نەخوێندەوار و ناکارامە بوون، بەجۆرێك تێکەڵکردنیان بەپرۆسەی بەرهەمهێنان ئەستەم بووە، لەوێشەوە کاری پەراوێزیی نابەرهەمهێن سەری هەڵداوە، واتە ئەو کارانەی کە گیرۆدەی کەمیی داهات و زۆریی کاتی بەتاڵیین، ئەو کرێکارانە دەبنە ئاستەنگی بەردەم هەوڵەکانی گەشەپێدانی

شارەکان، ئەوەش بۆتە مایەی زیادبوونی ڕێژەی تێکشکانی کۆمەڵایەتی، جا کۆمەڵایەتیە نوێیە خاوەن ریشە لادێیەکان بن، کە لەدوای زیادبونی تەماحی کۆمەلایەتیو سیاسی لەئەنجامی ژیانیانەوە لەشارەکاندا سەری هەڵداوە، یان سەبارەت بەچینی ناوەڕاست بێت لەشاردا، کە چینی نویٚ لەشاردا بۆ هەلی کار و ژیاندا رکابەریی کردون، بەوەش دەرگا بۆ زۆرێك لەدیاردەکانی نائارامیی کۆمەڵایەتی لە ناوچە شارنشینەکان کراوەتەوە، ژینگەیەکی لەباریان بۆ چالاکیی گروپەکانی ئیسلامی سیاسی فەراهەم کردووە[131].

د. ژینگەی هاوڕێیان: تاك بەسروشتی خۆی حەز بە کۆمەڵایەتی دەکات، بۆیە هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات، کە لە تەمەن و نەریت و هەڵسوکەوتدا لە خۆیەوە نزیکن، ئەمەش بۆ مەبەستی بەڕێکردنی کاتی بێئیشی و ڕایی کردنی کارەکانیی پەیڕەوی دەکات، بۆیە هاوڕیٚ رۆڵێکی گرنگی لەگەشەکردنیدا دەگێڕن، چونکە هاوڕێیەتی کاری تێدەکاتو ئەویش کار لەوانی دیکە دەکات، هەروەها هاوڕیٚ دەبێتە ئەو سەرچاوەیەی کە زانیاری بەتاك دەبەخشێت.

---

١٣١- سەرچاوەی پێشو، ل ١٨٨-١٩٠.

گروپە توندڕەوەکان و مەرجەعیەتە ئاینیە پیرۆزەکان، بەشێوەیەك ڕاڤەی هەندێك بابەت دەکەن کە زیادەڕەوی تێدایە و بۆ دیاردەی تیرۆر سەردەکێشێت، بەمەش ئەم تیرۆرە سیفەتێکی شەرعیی‌و ئاینی و پیرۆز وەردەگرێت، لەبەرامبەریشدا دەسەڵات دەیکاتە بیانوو بۆ ڕاوەدونانی لاوی موسڵمان و خزاندنیان لە زیندانەکاندا، کە بووە بەنەریتێکی رۆژانە لەزیندانەکانی پۆلیس و ژورە داخراوەکانیدا بەدیدەکرێن، لەمەش زیاتر دەسەڵات ئەشکەنجەی هاوسەر و منداڵ و کەسوکاری ئەو گەنجانە دەدات، کە بە تیرۆر تۆمەتبارن، تەنیا لەبەرئەوەی داوای جێبەجێکردنی شەرعی خوایان لێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە گروپە ئیسلامیەکان سورن لەسەر چاندنی گیانی برایەتی، لەوانەدا کە دەچنە پاڵیان و ڕاهێنانیان لەسەر گوێڕایەڵی بۆیان‌و فەرمانبەرداریيان[١٣٢].

هـ-فاکتەرە ژینگەییەکانی تایبەت: بریتین لەو فاکتەرانەی بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆر ئامادەکاریی دەکەن، کە پاڵنەرە شاراوەکانی مرۆڤ بخاتەگەڕو ئامادەگیەکەی دەربخات و ئەنجامدانی تاوان بەباش بزانێت، بەشێوەیەك ئەو پاڵنەرانە بقۆزنەوە بۆ

١٣٢- علي عبدالحليم محمود: الغرو الفكري، دار البحوث العلمية، ١٣٩٩ ه، الكويت، ل ٤٧.

بنیادنانی نشینگەی ئایینی کە مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانەو یانە لەخۆدەگرێت، هەروەها هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوسۆزی بۆ تیرۆرستان دەردەبڕن و وەك پاڵەوانانێك دەریان دەخەن، کە ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێك بۆ تیرۆر.

و. فاکتەرە تاکە کەسیەکان: پاڵنەرە تاکە کەسییو تایبەتیەکان (العوامل الشخصیە) بریتین لەو هەلومەرجانەی پەیوەستن بەدروستبون و پێکهاتنی کەسی تیرۆریستەوە، کە دوور و نزیك پەیوەندییان بەڕەفتاری تاوانکارانەیەوە نیە، بۆیە پێویستە ئێمە تیرۆریست و کەسانی دیکەی ئەنجامدەرانی تاوانی توندوتیژی وەکو یەك سەیر نەکەین، چونکە ئەنجامدەری کاری تیرۆریستی بەزۆریی خۆی بەقوربانیی هەژمار دەکات، تەنیا وەك کاردانەوەیەکی سادەی تیرۆرێکی گەورەتر بۆ کارەکەی دەڕوانێت، کە کەسی تاوانلێکراو و قوربانی مومارەسەی دەکات، یاخود ئەو دەزگایە پێی هەڵدەستێت کە قوربانیەکە ئینتیمای هەیە بۆی، لەبەرئەوە خودی کاری تیرۆریست سەبارەت بەدیاریکردنی شوناسەکەی، روبەڕوی جیاوازییەکی گەورە دەبێتەوە، بۆ نمونە دەوڵەتان یاخیبوانیان بەتیرۆریست ناوزەند دەکەن، لەکاتێکدا کە ئەمانە خۆیان بە

خەباتکاری بەرزکردنەوەی وشەی (الله) یاخود خەباتکارانی ئازادی و دیموکراسیەتو دادپەروەریو یەکسانی دەزانن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لەتیرۆریستان هەڵگری هیچ پێکهاتەیەکی دەرونییی ئاراستەکراو دژی توندوتیژی نین، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسانێکن خاوەن سیفەتی نەرمییو لەسەرخۆین[١٣٣].

١٣٣– عزت سيد اسماعيل: سەرچاوەی پێشو، ل ١٠٥.

## باسی دووەم:

## ئەگەرەکانی ئایندەی تیرۆر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی:

أ–ململانێی کەلتوری و عەقائیدی نێوان شارستانیەکان:

تیرۆر لەڕوی ئایدیۆلۆژیەوە بۆ راستو چەپ دابەشدەکرێت، چونکە ئامڕازی ململانێی ئایدیۆلۆژیی نێوان بلۆکی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا بوو، هەروەها دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئایدیۆلۆژیای خۆرهەڵات بەهۆی وێناکردنی وەهمیانەی ململانێی نێوان چینەکان کەمبوەوە، هەر لەو کاتەشدا یەکێتی سۆڤیەتی هێز و بزوێنەری شۆڕشی شیوعیی بوو لەجیهاندا، کە لەشەستەکانی سەدەی رابردودا لەو پەڕی تواناو لوتکەی خۆیدا بوو، هەروەها بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆشی لەئەوروپای خۆرئاوادا لەپشت کردە تیرۆرستیەکانەوە بوو، بۆیە ململانێ و ئایدۆلۆژییەکان دەبنە هۆی ئەنجامدانی کردەی تیرۆرستی.

ب–دوای نەمانی پشتگیریی ماددی و ئەدەبی بۆ شوێنکەوتوانی باڵی چەپی خۆرهەڵات، ناکۆکیەکەی نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوا

کۆتاییهات، هەروەها بەهێزیی کارە ئایدیۆلۆژییە راستڕەوەکانیش کەمبووەوە، کە دەوڵەتانی خۆرئاوا وەك تیرۆری دژ هاوکاری ماددیان دەکرد، گەرچی هێشتا بەبێ رکابەر هەر بەردەوامە.

ج-هەندێك پێشبینی دەکەن کە ململانێی ئایندە (بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی)دەبێتە ململانێی کەلتوریی و بیروباوەڕەکان لەنێو ژیارەکاندا، ئەم ململانێیەش سەرەتاکەی لەنێوان کاسۆلیكو پرۆتستانتدا لەئێرلەندای باکور دەرکەوتووە، هەروەها لەنێوان مسوڵمانانو خەڵکانی دیکەیشدا لەبۆسنەدا بە هەمان شێوە دەرکەوتووە، هاوکات لەکۆسۆڤۆ کۆمەڵی (ئوم)ی ئاینی و لەژاپۆن بە هەمان شێوە لە ململانێدان، ئەمە جگە لەوەی ململانێ لە نێوان مسوڵمانان و نا مسوڵمانەکانی چیندا هەیە، هەروەها لەتیموری خۆرهەڵاتیشدا هەمان ململانێ دەبینرێت... تاد[١٣٤].

د-تیرۆری ئایندە تەنیا دەوڵەت یان نوێنەرانی بەڕێوەی نابەن، یاخود ئەوانەی لەسەر حسابی دەوڵەتانێکی دیکە ئەو کارە دەکەن، بەڵکو لەوانەیە تاکەکان یان گروپەکانی ناو دەوڵەتەکە دژی خۆی و

---

١٣٤- هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

دانیشتوانەکەشی پەیڕەوی بکەن، لەوانەشە لەدەوڵەتێك لە دژی گروپێکی رەگەزیی لەناو خۆی وڵاتەکەیدا ئەو کارەبکات، کە ئەو چینە خاوەنی ژیانی تایبەتی خۆیەتی و جیای دەکاتەوە لە دانیشتوانەکانی دیکەی وڵاتەکە، بۆ نموونە لە حاڵەتی یەکەمدا دەتوانین نموونەی هێرشە تیرۆریستیەکانی سربیە دژی مسوڵمانانی بۆسنەو هەرسكو دەوڵەتەکەیان بهێنینەوە، بۆ حاڵەتی دووەمیش نموونەی هێرشە تیرۆریستیەکانی سوپای دەوڵەتی سربیە بۆسەر دانیشتوانی کۆسۆڤۆ لەمسوڵمانانی ئەلبان دەبێتە باشترین نموونە.

هـ-هەندێکیش پێشبینی ئەوە دەکەن، کە هێرشە تیرۆریستیەکانی نێوان دەوڵەتان جێگەی جەنگەکان بگرێنەوە، واتە روبەڕوبونەوەی سوپا لە وشکانیو دەریاییو ئاسمانیەکانیش لەخۆ بگرێت، ئەمیش بەهۆی هاوسەنگیی ئەتۆمی ئێستای نێوان دەوڵەتان سەرهەڵدەدات، هەروەها حەرامکردنی جەنگی دەستدرێژی، قەدەغە نەکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی، کە بەکارهێنانی چەك بەجۆرەکانیەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەگرێتە خۆی، کۆمەڵێك هۆکاری دیکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتان لەبری جەنگەکان پەنا بۆ تیرۆر ببەن[١٣٥].

---

١٣٥- ادونيس العكره: سەرچاوەی پێشون ل ١٤٠.

و- هەندێك پێشبینی ئەوە دەکەن، کە تیرۆرستان لە داهاتوودا پەنا بۆ بەکارهێنانی ماددە ئەتۆمی و کیمیاویە ڤایرۆسی و بایۆلۆژیەکانو گازە ژهراویەکان ببەن، ئەمەش دوای ئەوەی چەکی کلاسیکی وئۆتۆمبێل و نامە و تەقەمەنیڕێژکراویان بەکارهێناوە، هەروەها بەپیسکردنی ماددەکانی ئاو و کەشو هەوا ترسو تۆقاندنیان خستۆتە دڵی گشت لایەکەوە، بۆیە هەموو رێگەیەك یان هۆکارێکەوە دەبێتە ئامانجێکی نزیك، کە دەرەنجامی جەنگەکان بەو وێرانکاریانە پێوانە ناکرێن، کە ئامانجە سەربازیەکان دروستی دەکەن، بەڵکو بەو بێئومێدییە پێوانە دەکرێت، کە لەدەرونی خەڵکیدا دەیچێنن، ئەویش بریتیە لەئامانجی سایکۆلۆژی.

ز-ئەو ململانێیانەی لەشوناسی خودیی گەلانەوە (الهوية الذاتية للشعوب) کۆدەبنەوە، (بەهۆی نەتەوەگەرای رەگەز یان ئاین) بەتەواوی کۆتاییان نایەت، بەڵکو وندەبن و جارێکی دیکە بەهۆی دەستێوەردانی نێودەوڵەتیەوە دەردەکەونەوە، بۆیە هێرشە تیرۆریستیەکان بەشێوەیەکی کاتیی دەوەستن، بەڵام سەر لەنوێ بەهۆی هەلومەرجەکانەوە دەستپێدەکەنەوە، چونکە ململانێی نێوان شارستانی و کلتورەکان خاوەن ریشەیەکی قووڵن[١٣٦].

١٣٦- حسين عبدالحميد رشوان: سەرچاوەی پێشو، ل ٧٤.

ح-رادەی بڵاوبونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی لەئایندەدا بەهۆی هاوکاریی نێودەوڵەتیەکان دەوەسێنرێت، ئەمەش بە هەماهەنگی نێوانیان و ئاڵوگۆڕی زانیاری پەیوەست بەتیرۆرەوە و رادەستکردنی تاوانبارانی هەڵاتوو بە یەکتری و دادگاییکردنیان و سزادانیان ئەنجامدەدرێت، هەروەها بەستنی رێککەوتنی دوو قۆڵیو هەرێمیی هۆکارێکی دیکە دەبن بۆ سنورداركردنی کردەوە تیرۆرستیەکان، لەوەش گرنگتر هاوکاریکردن بۆ بنەبڕکردنی هۆکارە شاراوەکانی پشت تیرۆر، لەنێوانیشیاندا کۆلۆنیالیزمو رەگەزپەرستیو ئەو دۆخەی پێشێلکاریی زۆرو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤو ئازادیە بنەڕەتیەکان لەخۆدەگرن گرنگ و پێویستن، هەروەها گومانیشی تێدا نیە کە داگیرکاریی بیانیو نکوڵیکردن لەمافی گەلان لەبڕیاردانی چارەنوسیاندا، بەزۆریی بەرهەمهێنەری تیرۆری نێودەوڵەتین، کە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخەنە مەترسییەوە.

## باسی سێیەم:
## ستراتیژیەتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر:

دیاردەی تیرۆر لەترسناکترین ئەو دیاردە کۆنانەیە کە بە درێژایی مێژوو پەیوەست بەمرۆڤەوە بووە، هەروەها دەربارەی سروشتی ئەم دیاردەیە، جیاوازیی لەبۆچونەکان هاتۆتە ئاراوە، چونکە وڵاتان لەبنبڕکردنی تیرۆردا بەگوێرەی توانا خودییەکانیان و پێگەکانیان و بازنەی گرنگیپێدانەکانیان چالاك بوون و کاریان بۆ کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵانەش هێشتا روبەرێکی گەورە بۆ کارکردن لەپێناو بنبڕکردنی ئەم بەڵایە هەر ماوە.

ئەوە راستە کە لای هەندێك ناوەند و سەنتەری توێژینەوەی زانستی هەست بە نائومێدی دەکرێت، ، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە باس لە سەختی و لەمپەرەکانی زاڵبوون بەسەر تیرۆردا دەکەن، کە خۆی لە هەڕەشە یان بەندکردن یان سەرجەم شێوەکانی سزادان دەبینێتەوە، بەڵام لەڕووی چارەسەرکردنی هۆکارە راستەقینەکانیەوە، ئەوان بەو جوتیارەی دەچوێنن کە درەختێکی هەیە و لەلای زۆر خۆشەویستە، بەڵام نەخۆشیەکی سەخت

لەڕەگەکانی دەدات، ئەم دەردە دەگاتە لقو پۆپەکانیشی، بەڵام ئەم جوتیارە سەرقاڵی چارەسەری لقەکان دەبێتو حەسرەت بۆ ئەوە هەڵدەکێشێت کە نەخۆشیەکە توشی ئەم پەلانە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا دەردە راستەقینەکە لەڕەگەکەیدایە، لەبەرئەوە چارەسەری جوتیارەکە بەهەدەر دەڕوات، بۆیە ئەم دەردە بەردەوامیی دەبێت و درێژ دەبێتەوە، هەتا جوتیارەکە دەگات بەشوێنە بنەڕەتیەکەی، لەپاشاندا دەکەوێتە چارەسەرکردنی بەوەی لەناوی ببات[١٣٧].

تیرۆر دیاردەیەکی نەخوازراوە لەدیاردەکانی رەفتاری مرۆڤەکاندا، هێشتا مایەی نیگەرانی دەوڵەتانی جیهانیە، بە تازە پێگەیشتوو و پێشکەوتوشەوە، هەروەها زۆرێك لەدەوڵەتانیش بۆ زاڵبون بەسەر ئەم بەڵا بێزارکەرەدا شکستیان هێناوە، چونکە ئەم وڵاتانە بۆچارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە تەنها پشتیان بە سزای توندی تاوانباران بەستووە، کە چارەسەرێکی تەواو نیە، ئەمە وەك ئەوە وایە کە تەنیا ئازارشکێنێك بدرێت لە نەخۆشێك و دوای ماوەیەکی کورت دووبارە ئازارەکە سەرهەڵبداتەوە، بۆیە تیرۆریش بە هەمان شێوە دووبارە بۆ شێواندنی دۆخی ئاسایشو شڵەقاندنی ئابوریو

---

١٣٧- علي فايز الجحني: اضواء على الاتفاقية العربية لمكافحة الارهاب، مركز الدراسات والبحوث، ١٩٩٩، الرياض، ل ٢٥١-٢٥٢.

لەقکردنی کۆمەڵگە دێتەوە ئارا، کەئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تیرۆر لەناو نەچووە مادام چارەسەرەکەی بەشێوەیەکی ریشەیی گشتگیر بەڕێوەنەچوبێت.

زاڵبون بەسەر فاکتەرە ژینگەیی و شەخسیەکان و پاڵنەری ئەنجامدانی کارە تیرۆریستیەکان گرنگ و پێویستە، چونکە تاوانی تیرۆر وەك هەر تاوانێکی دیکە لەدایکبوی تێکەڵێکە لەفاکتەری ژینگەییو تایبەتی کە کاریگەرییان بۆ سەر یەکتر دەبێت[١٣٨].

پێش ئەوەی ئاماژە بەرۆڵی دەزگا کۆمەلایەتی و دەزگاکانی ئاسایش بکەم، دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە ستراتیژەکە لەچەند گریمانەیەك سەرچاوەی گرتووە کە دانەرانی بڕوایان پێیەتی، بۆیە هیچ کەسێك چەند و چوون لەسەری ناکات، جا ئەو کەسە پابەند بێت بەئاینەکەیەوە یان نیشتمانەکەی خۆشبوێتو هەوڵی خێرو چاکەی بۆبدات.

**ئەم سەرچاوانەش بریتین لە:**

أ-پرنسیپە ئاینیو ئەخلاقیەکان بەتایبەتیش ئەو پرەنسیپانەی کە ئیسلام داوایان دەکات، وەك لێبوردەییو میانڕەوی، کە ئەمانە

١٣٨- د. محمد فتحى عبد: جريمة تعاطي المخدرات في القانون المقارن، اكاديمية نايف للعلوم الامنيةن ١٩٩٨، الرياض، ل ٢٣٤.

دەبنە هۆی ئەوەی سەرجەم شێوەکانی تاوان، لەپێش هەموشیانەوە تیرۆر لەناو بچن.

ب–پەیوەست کردنی پارێزگاریکردنی ئاسایش بەشەرعیەت و سەروەریی یاساو بنبڕکردنی تاوانەوە.

ج–هێنانەدی بنبڕکردنێکی کارای تیرۆر کە خوازیاری پشتگیریی هاوکاریی عەرەبیو پشتیوانی یارمەتیدانی عەرەبی نێودەوڵەتی بێت[139].

## ١/ ڕۆڵی دەزگا کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکان:

ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیانەی پەیوەستن بەبنبڕکردنی تیرۆر زۆرن، لەوانەش: خێزان، قوتابخانە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەزگا تەرفیهیەکان، دەزگا ئاینیەکان.

ئەم دەزگایانە دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاو لەبنبڕکردنی تیرۆردا ببین ڕۆڵیان بەمشێوەیەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

أ–خێزان: ئەو ڕۆڵە پۆزەتیڤەی خێزان لەژیانی تاکەکان و پاراستنیان لەلادانو تاواندا دەبینێت، ناکرێت لەڕێگەی هیچ دەزگایەکی دیکەی کۆمەڵایەتیەوە قەرەبوو بکرێتەوە[140].

١٣٩– ادونیس العکرة: سەرچاوەی پێشو، ل ١٤٧.

ئەویش لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

یەکەم: چونکە ستراتیژەکە گرنگی بەبنبڕکردنی تیرۆر داوە، ئەویش بەزیادکردنی پشتگیریکردنی خێزان لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ لەخۆگرتنی پەروەردەی دروستی منداڵو لاوان، هەورەها پشتگیریی دەوڵەتیش بۆ خێزان بەکارکردن دەبێت بۆ چاککردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانو بنیادنانی دادپەروەریو یەکسانیو ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ[١٤١].

هەندێکیش وایدەبینن کە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی فرە ئەرکەو هەڵدەستێت بەوەی لەرابردودا ئەنجامی داوە، کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو چاودێریو فێرکردنو پەروەردەو چاودێریی بەسەرجەم لایەنەکانیەوەیەتی، هەروەها هەندێك دەزگا و ئاژانسی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لەبەشێك لەم ئەرکانەدا جێگای خێزانیان گرتۆتەوە، وەك خانەی چاودێریی لاوانو دایەنگاو قوتابخانەو نەخۆشخانەکان،

---

١٤٠- حسين علي الرفاعي: التنشئة و دور الاسرة في الوقاية من الانحراف، مجلة الفكر الشرطي، المجلد الثالث، العدد الرابع، ١٩٩٥، الشارقة، ل ٢٠٩.

١٤١- بڕوانە بەیانی کۆنگرەی شەشەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن لەتاوانو مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباران، کارکاس، فەنزویلا، ١٩٨٨، دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەکە، ل ٧، ٨. هەروەها بڕوانە ڕێنماییەکانی ئەلقەی دووەمی عەرەبی بۆ بەرگری کۆمەڵایەتی دژی تاوان، القاهرة ١٩٦٩، کە باس لەهەستانی دەزگای حکومیو خۆبەخش دەکات بەچەندانەکردنی هەوڵدان لەبواری گەشەپێدانی ئەو بەها گیانیو پەروەردەییو ئەخلاقیانەی لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ وەستاون، وەك لەکتێبی (السياسة الجنائية)ی تویژەری عەرەب السيد يس-دا هاتووە، القاهرە، ١٩٧٣.

خاوەنی ئەم بۆچونە کەمتەرخەمییان نەکردووە، فریای ئەوەش کەوتون کە بڵێن: (تاك لەخێزانێکدا لەدایك دەبێتو لەوێشدا فێری رۆڵی کۆمەڵایەتیەکانو زمانو دابو نەریتو بەهاکانو رەفتارە پەسەندەکان دەبێت، هەروەها گەنجینەیەکی کەلتوریی لەپێوەرە رەفتارییو کۆمەڵایەتیو بەهاییەکان دروست دەکات، کە چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ رەفتاری پێکدەهێنن[١٤٢]، ئەمەش واتای وایە هەرچەندە ئەو دەزگا کۆمەڵایەتیانە زۆربن، کە دەکرێت ئەرکەکانی خێزان ئەنجام بدەن، بەڵام هێشتا ناتوانرێت ئەم دەزگایانە بەئەڵتەرناتیڤی خێزان دابنرێن، بەڵکو تەواوکەری کارەکانی ئەون، لەبەرئەوە لەجیهانی ئێمەدا بانگەواز بۆ بنبڕکردنی دیاردەی بێباوکی ئیعتباریی (الیتیم الاعتباري) هاتۆتە ئاراوە، کە لەنائامادەگیی باوكو سەرقاڵیی دایكو جێهێشتنی رۆڵەکان لەدەستی دایەنگا یاخود پەروەردەشیارەکاندا خۆی نیشان دەدات.

دووەم: خێزانی تەندروست ژینگەیەکی گونجاوی گەشەی منداڵە، کە دەکرێت ئەو منداڵە لەوێوە خزمەت بەخۆییو خێزانو نیشتمانو

---

١٤٢- ذياب البداينة: الثقافة الاجتماعية والتحصين الاجتماعي ضد الجريمة، مجلة الفكر الشرطي، المجلد السابع، العدد الثاني، الشارقة، ص١٠.

نەتەوەکەشی بکات، خێزان نموونەیەکی مرۆڤدۆستی پێشکەش بەمنداڵەکەی دەکات، ئەویش پێویستە لەسەری شوێنی بکەوێت و خۆشی لەنموونە خراپەکان بەدور بگرێت[١٤٣].

هەروەها هاوسەرگیریی خاڵی سەرەتای پێکهێنانی خێزانە، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، لەبەر ئەوە دەبینین شەریعەتی ئیسلام گرنگیەکی تایبەتی بەبابەتی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان لەلایەن کوڕ و کچەوە داوە، هەروەها بە بنەمایەکی دروستیشی دادەنێت بۆ ئەوەی لەژێر سایەیاندا هەڵبژاردنی یەکێکیان بۆ ئەوەی دیکە بەئاکام بگات، بۆ ئەوەی خێزانێکی چاك (صالحة) پێکبهێنن، لەمبارەشەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ)[١٤٤]. واتە: (کچە چاك و پاکەکان بۆ کوڕە پاکەکان، کوڕە پاکەکانیش بۆ کچە پاكو چاکەکان).

پێغەمبەریش درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: (تخيرو لنطفكم فإن العوق دساس) واتە هەڵبژاردن بۆ تۆوەکانتان ئەنجامبدەن، چونکە رەگ فێڵاوییە[١٤٥].

---

١٤٣– حسين علي الرفاعي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

١٤٤– سورەت نور: آية ٢٦.

١٤٥– حسين علي الرفاعي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧.

واقعیش سەلماندوویەتی ئەو هەڵبژاردنە هەڵەیە، ئەگەر ئەقڵ و لۆژیك تێیدا ئامادە نەبێت، بۆیە هاوسەرگیری ئەگەر لەبەرامبەر سۆزی شڵەژاو یاخود خۆشویستنی پارەو سامان یان بنەچە یان پلەو پایەدا پێکهێنرا، ئەوا ئەو هاوسەرگیریە خێزانێکی لاواز بەرهەمدێنێت، کە زوو هەڵدەوەشێتەوە، قوربانیەکانیش منداڵەکان دەبن، وەکچۆن زۆرکردن لەکوڕ یان کچ بۆ هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشیناوێت یان حەزی پێی نیە یاخود رقی لێیەتی، هەمان دەرەنجام بەڵکو رەنگە زیاتریشی هەبێت.

جیهانیش لەمڕۆدا شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی روخانی پایەکانی خێزان و لاوازیی یەکانگیرییەکەی دەچنێتەوە.

سێیەم: سیستەمی ئەخلاقی رێگریی دەکات لەوەی باوکەکان بەرەقیی مامەڵە لەگەڵ رۆڵەکانیاندا بکەن، فەرمان بە باوکەکان دەکات کە دادگەریی‌و یەکسانیان لەناو یەکتردا پێدەدات، لەو نێوەندەشدا جیاکاری لەنێوان کوڕو کچدا نەکات.

هەروەها لەو کارانەشی کە سیستمی ئەخلاقیی دایك و باوکی ئاراستە کردووە، ئەوەیە کە ئاشنابن بەهاوڕێیانی رۆڵەکانیان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بپارێزن لەهاوڕێی خراپ کە نەریتی خراپو

بەهای نزمی کەلتورییان لێوە فێر دەبن، هەروەها بۆ ئەوەی باوکان لە بری جێهێشتنی منداڵەکانیان بتوانن خوارو خێچی منداڵەکانیان راستبکەنەوە.

ب- قوتابخانە: خوێندن بۆ پەروەردەکردنی دەرون گرنگەو سنور بۆ ئەو رەفتارە تاوانکارانە دادەنێت کە بەدڵی خاوەنەکەیدا دێن، بەڵام گەر هاتوو لەبەر هەر هۆکارێك قوتابی لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو، رێگای تاوانی هەڵبژارد ئەوا سەرنجامێکی خراپتری دەبێت بۆ سەرکۆمەڵگە بە بەراورد بە کەسێك کە نەیخوێندبێت[١٤٦]، لەبەر ئەوە پێویستە رێگری ئاینی بخرێتە گەڕ، چونکە گەر زانستو پابەندبوونی ئاینی لای مرۆڤ یەکیانگرت، ئەوا لەئاین و دنیادا مرۆڤەکە سەلامەت دەبێت، هەروەها رەفتاریشی دروست دەبێت و پاڵنەر و رێگرەکانیشی دروست و پاك دەبن[١٤٧].

دەتوانین ڕۆڵی قوتابخانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

---

١٤٦- د. محمد فتحي عبد: جريمة تعاطي المخدرات..، ص٢١١-٢١٢.

١٤٧- شاكر عبدالحميد: المخدرات وآثارها السيئة من الناحية العلمية: مكتب التربية العربية لدول الخليج، ١٩٩٣، الرياض، ص٨.

یەکەم: پێویستە قوتابخانە بۆ قوتابیەکانی رونبکاتەوە، کە بەها روحی و ئەخلاقییەکان ئامانجیان ئەوەیە، کە لە بەدیهێنانی حەزەکاندا یەکسانی لە نێوان کەسەکاندا بهێننە دی، هەروەها بۆ زالبونیشە بەسەر ئەو هۆکارانەی کە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی لەکۆمەڵگەدا تێکدەدەن، ئەمەش لەرێگەی هاندانی خەڵکیەوە دەبێت بۆئەوەی کاربکەن و هەوڵی وەدەستخستنی رزق‌و رۆزیی حەڵاڵ بدەن، لەبەرامبەریشدا دەرگا بەرووی پارەو سامان بەرێگا ناڕەواکان دابخرێت، بۆیە دامەزراندنی پەیوەندییەکانی خەڵکی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا لەسەر بناغەی یەکسانی‌و بەزەیی‌و هاوسۆزیی‌و راستگۆیی‌و دادپەروەریی دەبێت، نەك رق لێبونەوەو دوورەپەرێزی‌و خەڵەتاندن[١٤٨].

هەروەها پێویستە مامۆستاش لێهاتووانە ئەم بەهایانە لەناخی قوتابیان‌و کەسایەتیەکاندا بچێنێت، هەر ئەویش گرنگی بەو کێشانە بدات کە روبەروی ژیانیان دەبێتەوە و دەبنە ئاستەنگ بۆ رەوتی ژیانیان، بەتایبەت ئەو کێشانەی کە تەنها هەڕەشە لەئایندەی ئەوان ناکات، بەڵکو دەبێتە هەڕەشەش بۆ نەتەوەو کۆمەڵگە، هەروەها هیچ

---

١٤٨- جون ادي: المعلم في مواجهة المخدرات، مكتب التربية الغزلي لدول الخليج العربية، ١٩٩١، الرياض، ص٢٩-٣٠.

شتێك لەزانست بەتواناتر نیە بۆ تێگەیشتن لەو کێشانەی پاڵ بەلاوانەوە دەنێت و دەبێتە هۆی تیاچوونیان، بۆیە هاوکاریکردنی قوتابخانەش لەگەڵ خێزاندا کارێکی پێویستە، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی کە باوکەکان باسی بابەتە نموونەییەکان (المثالیات) بۆ رۆڵەکانیان دەکەن.

لەکاتێکدا ئەگەر گومان کەوتە سەر ڕەفتارەکان، ئەوا پەروەردەی راستەقینە لەسەر قوتابخانەو مامۆستایانی پێویست دەکات، کە لەگەڵ ئەو باوکانەدا دابنیشن و بۆ رێگای راست، رێنماییان بکەن بۆ ئەوەی قوتابخانەو خێزان هەریەکەی لەشیوێکدا (لەدنیایەکدا) نەبن[١٤٩].

دووەم: مامۆستا وەك سەرمەشق لە روداووە توندوتیژییەکانی ناو قوتابخانە پێگەی خۆی لەدەستداوە، ئەو توندوتیژیانەی لە نێوان قوتابیان ڕوودەدات، کە زنجیرو هەندێکجاریش چەکیشی تیایدا بەکارهێنراوە، دەستدرێژییان کردۆتە سەر مامۆستاکانیان، بەڵکو هەندێکجار کار گەیشتووە ئەوەی سەرپەرشتیارانی قوتابیەکان هاوکاری قوتابیەکان بکەن لەم دەستدرێژییەدا، ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێنە سەر ئەو مامۆستایانەی وشەکانیان گەیشتۆتە نەوەی دوای

١٤٩– هەمان سەرچاوە، ل٣١–٣٢.

خۆشیان.. چۆن قوتابی ڕێزی مامۆستایەك دەگرێت کە داوای پاداشت لەدەوڵەت دەکات و بەئەرکی خۆیشی هەڵناستێت.. چۆن قوتابی ڕێزی مامۆستایەك بگرێت کە بەرتیل دەدات بۆ ئەوەی دەربچێت، ئیدی ئەو بەرتیلە بەئاشکرا بێت یاخود لەشێوەی وانەی تایبەتیدا بێت، کە هێندەی بودجەی خێزانەکەی پارەی لـێ وەردەگرێت.. ئایا ئەمە نابێتە مایەی بڵاوبونەوەی زمانی دڕەندەیی.. زمانی یاسای جەنگەڵستان.. کە زمانێکە دەرگا لەبەردەم تیرۆردا بەفراوانی والاّ دەکات[١٥٠].

سێیەم: نەوەی نوێ پێویستی بەو مامۆستایەیە کە خەریکە ببێتە پێغەمبەر، ئەو مامۆستایەی لەگەڵ هەقدا دەوەستاو لەگەیاندنی پەیامەکەیدا جیاوازی لەنێوان بەهێزو لاوازو هەژارو دەوڵەمەندا نەدەکرد، ئەم مامۆستایە هەیە و ئەوەندە بەسە ئەو خڵتە پیسەی لەسەر لابەرین کە هەوڵی ونکردنی سیماکانی دەدات، دوای ئەوەش کە روخسارە راستەقینەکە بۆ مامۆستا دەگەڕێنینەوە پێویستە هەلومەرجی تایبەتیش بۆ قوتابخانە بگەڕێنینەوە وەك شوێنێك بۆ

---

١٥٠- شاکرد عبدالحمید: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

وەرگرتنی زاستو ئەنجامدانی وەرزشو وەدەستخستنی مەعریفەو زیادبوونی ئاگاداریو چارەسەری کێشەکان.

قم للمعلم وفيه التبجيلا

كاد المعلم ان يكون رسولا

واتە: هەستە لەبەر مامۆستا و رێزی پێویستی لێ بگرە، چونکە خەریکە مامۆستا وەك پێغەمبەری لێ دێت

هەروەها بەستنەوەی قوتابخانە بەکۆمەڵگەی لۆکاڵییەوەو بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان قوتابخانەو بەخێو کەرەکانیاندا، لەوێشەوە ئامادەکردنی رۆڵەکانی ئەمڕۆ ئاسان دەبێت بۆ ئەوەی ببن بە پیاوانی داهاتوو.. داهاتوویەکی پرشنگدار کە جێگەی تیرۆر یان مادده هۆشبەرەکان و بابەتە لەناوبەرەکانی دیکەی تێدا نەبێتەوە.

ج-دەزگاکانی راگەیاندن: لەسەردەمی دورییە کراوەکان و پەخشی لێشاوی راگەیاندندا، رۆڵی دەزگاکانی میدیا لەبنبڕکردنی دیاردە نادروستەکاندا لەکۆمەڵگەدا بەتایبەتیش تیرۆر دەردەکەوێت، ئەو دیاردەیەی زۆرێك لەو دەوڵەتانەی جیهان رادەماڵێت کە تێگەیشتنێکی نادروستی هەندێك لەبڕیارەکانی ئاینی ئیسلام خۆراکیان پێدەدات، راگەیاندنی داواکراویش لەم دەزگایانە بریتی

بووە لەراگەیاندنی میانڕەوی راستگۆ کە کارەکان لەجێگەی دروستی خۆیاندا دادەنێت[١٥١].

د-دەزگا تەرفیهیەکان: تەرفیهیەکان یانە وەرزشیەکان‌و سەنتەرەکانی لاوان‌و کتێبخانەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو دەزگایانەی دیکەش دەگرێتەوە، کە لە کاتی بەتاڵیدا سەردانیان دەکرێت، ئەوان دەبنە خۆراکی بەسود بۆ جەستە (وەرزش)و خۆراك بۆ ئەقڵ (روناکبیری)، خۆراك بۆ گیان (هۆشداریی ئاینی).

ئەم دەزگایانە لەبنبڕکردنی تیرۆردا، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، چونکە ئەوان کۆمەڵێك کاری هەمەلایەن لە چالاکی وەرزشیی و روناکبیری و ئاینی فەراهەم دەکەن، کە تواناو بەهرە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و گەشەپێدەدان لای تاك فراوان دەکەن، بۆیە ئەم دەزگایەنە ئەو دەرگایانە دادەخەن کە دەشێت فیکری توندڕەویان بچێتە ناو، هەروەها لەسەر بەرپرسانی بەڕێوەبردنی ئەم دەزگا تەرفیهیانە پێویستە، کە پابەند بن بەئاینی پیرۆز و رەوشتی جوان لەرێکخستنی ڕێوڕەسمە روناکبیری و وەرزشی و ئاینیەکاندا، بەشێوەیەك کە هەست و کاردانەوەیەکی راشکاوانە یاخود

١٥١- علي عبدالحليم محمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

ناڕاستەوخۆی گومڕایانە سەبارەت بەفیکری تیرۆریستان و کارە تاوانکاریەکانیان نەبەخشێت.

جیهانی ئەمڕۆش هێشتا پێویستی بە لەخۆگرتنی وزەو توانای رۆڵەکانو پڕکردنەوەی کاتی بێکاریان هەیە، ئەمەش تەنیا بەبانگەوازی دەوڵەتو رێکخستنە میللەکانو پیشەییەکانو کۆمپانیاو دەزگا دارایی‌و بازرگانی‌و زانکۆکان دێتە دی[١٥٢].

هـ-دامەزراوە ئاینیەکان: گومانی تێدا نیە کە ئاین لەئاراستەکردنی خەڵکیدا بۆ چاکەو پاراستنیان لەخراپە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بەتایبەتیش ئەو خراپانەی کە لە ناو گروپە تیرۆریستیەکاندا دەردەکەون، تیرۆرستانی ئەو گروپانە ئەو پەڕی هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی قەناعەت بەکەسە سادەکان بهێنن، بۆ ئەمەش خۆیان لەپشت ئاینەوە حەشار دەدەن، هەروەها هەندێك لایەن و کەسانی دووڕوش کە هیچ خەمێکیی ئاینیان نیە پاساو دەهێننەوە بۆتاوانی دەرچوانی لەئاین و ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکیان بەئاینی رەحمەتو خۆشەویستیەوە نیە، کۆمەڵە تیرۆریستیەکان هیچ پەیوەندییەکیان بەو پەیامەکەوە نیە، کە پەیامی

---

١٥٢- ادونیس العكرة: سەرچاوەی پێشوو: ل٧٨.

هیدایەتدانی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانەکانە، نەك وێرانکردنو روخاندنیانو دەرکردنی گیانی مرۆڤ[١٥٣].

یەکەم: ئیسلام هەموو شێوەو شێوازەکانی تیرۆر رەتدەکاتەوە، ئەو تاوانانەش شەریعەتی ئیسلامیی باسی کردنو لەسزاکانیان دواوە، ئەو تاوانەن کە پەیوەستە بەپاراستنی پێنج بابەتە پێویستیەکانەوە (حفظ الضروريات الخمس)، وەك: پاراستنی ئاینو پاراستنی نەفس، پاراستنی ئابڕو و پاراستنی سامانو پاراستنی عەقڵ، لەسزادان لەسەر تاوانی (حدود)ەکان خۆیان دەنوێنن: زینا، (القذف)، دزی، خواردنەوەی مەی، (الحرابة)، ستەمکاریی، دەرچون لەئاین، تاوانەکانی (قصاص)و خوێن، تاوانەکانی (تعزير)ەکان (تەعزیری سزای سوکترە لەهی حدودەکان) کە دیاریکردنیان بۆ گوێرەی پێویست جێهڵراوە.

ئیسلام ئەو بناغەو پایانەی داناوە، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەری دەوەستێت، لەڕووی رێکخستنی خێزانو سیستمی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییو سیاسیەکانەوە، هەروەها رێگاکانی مامەڵەکردنی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵەگەدا ڕوونکردۆتەوە، ئەگەر

١٥٣– احمد شلبي: الفئة الطائفية والتطرف في المثقفون والارهاب، الهيئة العربية للكتاب، ١٩٩٣، القاهرة، ص٣٩.

سەیری یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بکەین، دەبینین کە سزای تاوانەکانی ستەمکارییو (حرابة)و هەڵگەڕانەوە لەئاین قورسن، لەبەر دوو هۆکار کە بریتین لە:

١–پارێزگاریکردن لەیەکێتی کۆمەڵو ئارامیەکەی، هەروەها بۆ ئەوەی بەرەی ناوخۆش بەهێزو یەکانگیر بمێنێتەوە.

٢–پارێزگاری کردن لەئاسایشو ئاستەکانی، کە بەشێوەیەك بێت هەمووان لەسایەیدا بەژیانێکی بەختەوەر و شکۆمەندانە بژین و ترس و تاوان و کارە تێکدەرەکان تێکی نەدەن، بۆ ئەوەی کاتێك خەڵکی ڕوو لەکاروباری ژیانی خۆیان دەکەن هەست بە ئاسایشو ئارامی بکەن، دڵنیاش بن لەخۆیان و ماڵ و سامان و کەرامەتو ئایندەیان[١٥٤].

دووەم: گەورەیی ئیسلام لەقەشەنگترین شێوەیدا دەردەکەوێت، چونکە بە تەنها بەچاکسازیکردن لەتاکدا وازناهێنێت، بەڵکو چاکسازیی شەقام و قوتابخانەو زانکۆو هەموو ئەوانەش دەکات کە پەیوەستە بەبژێوی ژیانی لەدنیاو دوا ڕۆژیدا، هەرچەندە ئەمە بناغەیەکی سەرەکی ئەم ئاینە ڕاستەیە، بەڵام هێشتا ئەگەری لادان

---

١٥٤– د. علي بن فايز الحجني: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦.

لەلایەن هەندێك لەتاكەكانەوە هەر لەئارادایە، بۆیە ئاینی ئیسلام یەدەگی بۆ ئەوەش داناوە، كە پایەی سێیەمی پەروەردەی مرۆڤەكانە، پایەكەش بریتی یە لە دانانی یاسای سزاكان، بۆئەوەی كۆمەڵگە لەهەموو بەزاندنی سنورێك و هەوڵدانێك بۆ بڵاوكردنەوەی گەندەڵیی و خراپە لەسەر زەویدا بپارێزێت.

سێیەم: مەبەست لەدانانی سزاكان (العقوبات) لەئیسلامدا بۆ پاراستنی كۆمەڵگە و پرەنسیپەكان و هێشتنەوەی یەكێتیو ئاسایشو یەكانگیریە، چونكە ئەمە پێكەوە بەستنەوەی ئۆرگانیەكەیەتی، وەك یەك جەستەن ئەگەر ئەندامێكی ئازاری هەبێت، ئەوا تەواوی جەستە شەونخوننی بۆ دەكێشێت.

خوای گەورە سەبارەت بەستەمو دەستدرێژی (البغي) دەفەرموێت: (وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)[١٥٥]، واتە: (ئەگەر دوو خێڵ لەناو موسوڵمانان بوو بەشەڕیان ڕێكیانبخەنەوە و ئاشتیان بكەنەوە، ئەگەر لایەكیان هەر

---

١٥٥– سورەتی (الحجرات): ئایەتی ٩.

دەستدرێژی کردەوە سەر ئەوی تریان، ئەوا شەڕ لەگەڵ ئەوەیاندا بکەن کە دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا، ئەگەر گەڕایەوە ئەوا ناوبژیوانیەکی دادگەرانە لەنێوانیاندا بکەن و دادپەروەری پیادە بکەن، بەدڵنیاییەوە خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت).

هەروەها دەفەرموێت (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ)[١٥٦]، واتە: (بڵـێ پەروەردگارم خراپەکانی حەرام کردووە، ئەوانەیان کە دیارن‌و ئەوانەش کە نادیارن، هەروەها گوناه و دەستدرێژی بەناهەقیش) لەفەرمودەی پێغەمبەریشدا هاتووە: (زۆرشت روو دەدەن، هەر کەسێك بیەوێت ئەم ئوممەتە پەرتەوازە بکات– لەکاتێکدا کە بەیەکەوەو تۆکمەیە– بەشمشێر لێی بدەن جا هەر کەسێك بێت)[١٥٧].

هەروەها دەفەرموێت (هەر کەسێك هات بۆ لاتان لەکاتێکدا کە کاروبارو فەرمانتان کۆدەنگ بوو لەسەر یەك کەس، بەڵام ئەو کەسە دەیەوێت پەرتەوازەتان بکات، ئەوا بیکوژن)[١٥٨]، هەروەها

---

١٥٦– سورەتی (الاعراف) : ئایەتی ٣٣.

١٥٧– صحيح مسلم (٤٨٣م١٢)، كتاب الإمارة.

١٥٨– صحيح مسلم (٤٨٢م١٢)، كتاب الإمارة.

دەشفەرموێت (هەرکەسێك لەفەرمانو گوێڕایەڵی دەربچێتو لەکۆمەڵ جیا ببێتەوەو بمرێت مردنێکی جاهیلیانە دەمرێت)[١٥٩].

**هەروەها** خوای گەورە بۆ شەڕکردن دەفەرموێت (الحرابة) (إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ)[١٦٠].واتە: (پاداشتی ئەوانەی شەڕ لەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەنو فەساد بڵاودەکەنەوە ئەوەیە کە بکوژرێت، یان لەخاچ بدرێن، یان دەستو قاچێکیان بەپێچەوانەوە ببڕدرێت، یاخود لەوڵات دوربخرێنەوە).

ئەم دەقانە **هەموویان** کۆدەنگن لەسەر حەرامکردنی تاوانەکانی دەستدرێژیو شەڕانگێزی، بۆ ئەوەی زیانی تاوانەکان بەشێوەیەکی گشتی دووربخرێتەوە، **هەروەها** مەترسی ئەنجامدەرانیان بۆ سەر وڵاتانو دانیشتوانیانیش دوور بخرێتەوە، چونکە شێلگیری لەم مەسەلانەدا بۆ فیتنەو زیانی گەورە بۆ سەر گیانوماڵو سامانو ئابڕو و دەستکەوتەکانی گەشەپێدان سەردەکێشێت.

---

١٥٩- صحيح مسلم (٤٨٠م١٢)، كتاب الإمارة.

١٦٠- سورەتی (المائدة): ئایەتی ٣٣.

### ٢/ هاوكاری نێودەوڵەتی:

شێوازەكانی هاوكاری نێودەوڵەتی لەسەر هەردوو ئاستی گشتیو تایبەت:

أ- لەچوارچێوەی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكاندا.

یەكەم: لەسەردەمی كۆمەڵی گەلاندا (عصبة الامم) : بۆ یەكەمین جار لە ساڵی ١٩٣٧دا یەكەمین ڕێككەوتن بۆ ڕێگرتنو لەناوبردنی تیرۆر لەژنێف ئەنجامدرا، بۆ گەیشتن بەدیاریكرنێكی نمونەیی نەك گشتگیر بۆ تاوانە تیرۆریستیەكان، هەروەها ئەو ڕێكەوتنە مەبەستەكانی تیرۆری ناساند و مۆدیلێكی هاوكاری كردنی بۆ بنبڕكردنی دیاریكرد.

بابەتی دووەم كە پەیماننامەی ژنێفی تێدا سەركەوت، بڕیاری سزای نێودەوڵەتی بوو بۆ ئەم تاوانە نێودەوڵەتیە، هەروەها دادگایەكی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕاوەدونانی بكەرەكان دامەزرێنرا، ڕادەی سەركەوتنی ئەم زانیاریانە هەرچەندێك بووبێت، بەراستی لەم بوارەدا دەستپێشخەر بوو.

دووەم: لەبازنەی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان، ڕێكخراوی نێونەتەوەیی لەبەستنی دوو پەیماننامە سەركەوتوو بوو، یەكەمیان لەنیویۆركدا لە١٩٧٣ز دا، كە تایبەت بوو بەڕێگیریو بنبڕ

كردنی تاوانە ئەنجامدراوەکان لە دژی کەسایەتیە نێودەوڵەتیەکان یاخود خاوەنانی پارێزبەندی نێودەوڵەتی (وەك شێوەیەکی سەربەخۆ لەشێوەکانی تیرۆر) لەدووەمیشیاندا کە گرنگترینیانە لەنیویۆرك لەدیسەمبەری ١٩٧٩ز بوو، کە ئەمیش تایبەت بوو بەبنبڕکردنی (دەستگیرکردنی بارمتەکان) وەك شێوەیەکی سەربەخۆ لەشێوەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی، کە چیدیکە ڕێگا بە ئازادیی راوەدونانی ئاسمانیی نێودەوڵەتی نادرێت[١٦١].

ب- لەبازنەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە تایبەتمەندەکاندا: لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا، فڕینی مەدەنی لەبەستنی سێ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەرێگیریی و لەناوبردنی تیرۆردا سەرکەوتوو بوو، ئەوانیش بریتی بوون لە بەڵێننامەکانی:

یەکەم: لەتۆکیۆ ١٩٦٣.

دووەم: لەلاهای ١٩٧٠.

سێیەم: لەمۆنتریال ١٩٧١.

بەڵێننامەی تۆکیۆی ساڵی ١٩٦٣، بەڵێننامەیەك بوو بۆ رەفتارە دروستەکان بەبێ ئەوەی زۆر گرنگیبدات بەقەدەغەکردنی ئەو کارانەی

---

١٦١- علي بن فائز الحجني: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

لەسەر فڕۆکە مەدەنیەکانو لەکاتی فڕینیاندا بەئاسماندا رودەدەن، هەروەها بەڵێننامەی لاهای لە ساڵی (١٩٧٠)شدا لەهەموویان بە گرنگتر دادەنرێت، چونکە زۆرێك لەدەوڵەتان بۆ هێنانە کایەی تاوانبارکردنە جۆرایەتیەکانی وەك رفاندنی فڕۆکە یاخود گۆڕینی ئاڕاستەکەی پشتیان پێبەستووە، هەموو ئەمانەیان خستە ناو کرۆکی یاسا ناوەکیەکان، سزای گونجاویشیان لەژێر تیشکی سیاسەتەجینائیەکاندا بۆدانان[١٦٢] .

ج–لەبازنەی رێکخراوی دەریایی نێودەوڵەتیەکاندا: دوای ئەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بە پراکتیکی سەرکەوتوو نەبوون، چەتەیی دەرياییەکان لە رفاندنی کەشتی و گرتنی بارمتەکان لەسەرنشینەکان ئاشکرا بوون، لیژنەیەکی تایبەت بۆ کۆتاییهێنان پێکهێنرا، کە تایبەت بوو بە دانانی پرۆژەی رێککەوتنێکی نێودەوڵەتیی بۆ رێگرتنو لەناوبردنی ئەو تیرۆرەی، کە لەسەر کەشتیە دەریایەکان رودەدات، هەر سێ وڵاتی ( میسر، ئیتالیا، نەمسا) ئەم پرۆژەیەیان پێشکەشکرد [١٦٣].

---

١٦٢– د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

١٦٣– د. علي بن فائز الجحني: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.

د–لەچوارچێوەی ڕێکخراوە هەرێمییەکاندا: یەکەم/ ئەنجومەنی ئەوروپا: وەك ئەنجامێکی شەپۆلی تیرۆر (بەتایبەتیش لایەنە سیاسیەکەی) کە کیشوەری ئەوروپا گیرۆدەی بووبوو، ئەنجومەنی وەزیران لەکۆتایی حەفتاکاندا بەرێککەوتنێکی ئەوروپی بۆ رێگری کردن و لەناوبردنی تیرۆر رازی بوو، ئەوەبوو ڕێکەوتنامەکە لەنۆڤەمبەری ١٩٧٦ ز دا بەستراو، لەئابی (١٩٧٨)شدا چووە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەروەها لەساڵی ١٩٧٨ ز دا لیژنەی ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری ئەو هەوڵانەیان کرد کە بۆ ڕێگری کردن لە تیرۆر گیراونەتە بەر.

هەروەها پارلەمانی ئەوروپا لەژێر ناوی (بەرگری دیموکراسی لەدژی تیرۆر لەئەورپادا ) کۆنگرەیەکی بەست، لە کۆنگرەکەدا گەیشتنە ئەوەی سیفاتی سیاسی لەتاوانەکانی تیرۆر دابماڵرێت و بدرێن بە دادگا، هەروەها پرەنسیپی دانوستان لەگەڵ تیرۆریستاندا ڕەتکرایەوە.

لەساڵی ١٩٨٢ ز یشدا (١٥ی کانونی دووەم ): لیژنەی ئەنجومەنی وەزیران لە بڕیارێکیدا سێ بواری بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی دیاریکرد، کە ئەمانە بوون:

١–بواری دادوەری : کە گرنگی بەئەنجامدانو شوێنەکانی دادگایکردن دەدات.

٢–بواری ئەمنی: بەپلەی یەکەم گرنگی بەرێگاکانی پەیوەندیو ئالوگۆڕی زانیاریەکان دەدات.

٣–بواری یاسایی: گرنگی بەدیاری کردن و هاوکاری کردنی لایەنی دادوەری دەدات، هەروەها گرنگی بەرێکخستنی رێگاکانی دادگاییکردنی تاوانە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکان دەدات، بۆ ئەوەی تۆمەتبار(تیرۆرست) لە یاسا هەڵنەیات.

لەسەر ئەم بناغەیەش کۆمەڵەیەکی تایبەت بەناوی (کۆمەڵەی تریفی)یەوە پێکهات، کە بەرپرس بوو لەرێکخستنی هەوڵە ئەوروپیە جیاوازەکان بۆ رێگرتنو لەناوبردنی تیرۆر، کۆمەڵەکە بارەگاکەی لە پاریس بوو.

ئەم کۆمەڵە تایبەتە سەرکەوتنێکی زۆری لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش بەدەستهێنا.

دووەم: رێکخراوی وڵاتانی ئەمریکا: رێکخراوەکە لەشوباتی ١٩٧١ زدا رێککەوتنی واشنتۆنی بۆ رێگری کردن و لەناوبردنی ئەو کارە تیرۆریستیانە بەست، کە دژی ئەو کەسانە ئەنجامدەدرێت، کە بە پێی

یاسا خاوەنی پاراستنی (حماية)ی تایبەتن، ئەم ڕێکەوتنامەیە بە لاوازترین ڕێکەوتننامە دادەنرێت، بۆیە زۆرینەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین نەچوونە پاڵ ئەو پەیماننامەیە و ڕەتیان کردەوە[١٦٤].

هـ– لەچوارچێوەی ڕاگەیاندراوەکانی سەرۆکی دەوڵەتە گەورەکانەوە:

که ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: ڕاگەیاندنی بون: چەند سەرۆك و حکومەتەکانی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکە لەیۆلیۆی ساڵی ١٩٧٨، کە بریتی بوون لە: (وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، ژاپۆن، کەنەدا، فرەنسا، بەریتانیا، ئیتالیا، ئەڵمانیای خۆرئاوا)، بەشێوەی تایبەت باسیان لەپاراستنی ئازادیی ڕاوەدونانی مەدەنیانەو ڕێکخستنی سزا نێودەوڵەتیەکانیان کردووە.

دووەم– ڕاگەیاندنی مونتبلو: لەیۆلیۆی ١٩٨١ کۆبونەوەی لوتکەی ئابووری لەشاری ئوتو بەڕێوەچوو، کۆبوونەوەکە دووپاتی کردەوە کە تیرۆر دژ بەمافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە، هەڕەشەیە بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە سەرجەم وڵاتانی

١٦٤– حسين علي الرفاعي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

جیهان بچنە پاڵ ئەو ڕێکەوتنامانەی دژ بە شێواز و جۆرەکانی تیرۆر دەبەسرێت.

سێیەم: ڕاگەیاندنی تۆکیۆ: لەشاری تۆکیۆ (لە٤-٦ی مایۆی ١٩٨٦) لەلایەن کۆنگرەی لوتکەی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەوە ڕاگەیەندرا، کە تایبەت بوو بەتیرۆری نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی و تیرۆری دەوڵەت بەتایبەت، هەروەها هاوسۆزی و هاوکاری حەوت دەوڵەتەکە بۆ بنبڕکردنی تیرۆری نێودەوڵەتی دەربڕدرا داواشیان کرد کە ئابلۆقە و سزای سیاسی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بسەپێنرێت، کە هاندەرو سەرچاوەی تیرۆرن، هەروەها داوای بەستنی ڕێککەوتنی دوو لایەنەو بەکۆمەڵیان سەبارەت بەرادەستکردنی تاوانباران و تیرۆریستان کرد.

چوارەم: ڕاگەیاندنی ڤینیسیا: لەشاری ڤینیسیا لە١٠ی یۆلیۆی ١٩٨٧، لەدوای کۆبونەوەی حەوت دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەوە دەرچووە، کە جەختیان لەسەر ئەو بڕیارانەی پێشووتر کردەوە، هەروەها داوای هەماهەنگی و بەردەوامیی هەوڵەکانیان بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەسەر هەردوو ئاستی بەکۆمەڵ و دوو لایەنە کرد، ستایشی ئەو هەوڵانەشیان کرد کە لەچوارچێوەی ڕێکخراوە تایبەتمەندەکاندا

دراوە، وەك رێكخراوی فرۆكەوانیی مەدەنی، رێكخراوی دەریایی نێودەولەتیی بۆگەرەنتیو پاراستنی سەلامەتی گەشتیاران[١٦٥].

و- لەچوارچێوەی دەولەتانی (كۆمەڵەی بێلایەن) لە كۆبونەوەی لوتكەكانی وەك كۆبونەوەی شاری هراری -زیمبابۆی، لە سێپتێمبەری ١٩٨٦ دا، كۆبونەوەی سیاسی لوتكەی سەرجەم شێوەكانی تیرۆری نێودەولەتیی دەركراوە، لەو كۆبونەوانانەدا داوا لەهەموو دەولەتان كراوە، كە پەیوەست بن بە پابەندییە نێودەولەتیەكانیان كە لەپەیماننامە نێودەولەتیەكاندا باسكراوە، هەروەها بەكارهێنانی خاكی دەولەتیان ڕەتكردەوە، كە تیرۆریستان بكوژانی خوێنرێژ و بەكرێگیرا بەكاریدەهێنن، هەروەها داواشیان كرد جیاكاریی لەنێوان كاری تیرۆر و كاری بەرگری و خەباتی چەكدارانەی گەلانی داگیركراو (لەباشوری ئەفریقاو فەلەستیندا) بكرێت[١٦٦].

ز-لەچوارچێوەی كۆنگرەی لوتكەی ئیسلامیی: لە یەنایەری ١٩٨٧ لە كوەیت بەڕێوەچوو، كە تیایدا بڕیاری ژمارە ١٩/٥ی

---

١٦٥- د. احمد فلاح العموش: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

١٦٦- علي بن فائز الجحني: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢.

سەبارەت بەتیرۆری نێودەوڵەتی دەرکرد و تیرۆری بە هەموو شێوەکانی ڕەتکردەوە، لەگەڵ پێویستی دابڕین نەك جیاکاریی لەنێوان کاری خەباتکەرانی نیشتمانیو کاری تیرۆری تاوانکارانە، هەروەها جەختی لەسەر ئەو هەوڵە نێودەوڵەتیانە کردەوە، کە لەبازنەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دراون، کە ئامانجیان بنبڕکردنی تیرۆرە، هەروەها نوێکردنەوەی پابەندبوون بەبڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٤٠/٦١ لەخولی چلەیەمینیدا، کە ئامانجی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوە بۆ ڕێگرتن لەتیرۆری نێودەوڵەتیولەناوبردنی بە پێویست زانی.

لە کۆتاییدا کۆنگرە ئیسلامیەکە ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکەی سوریا دەربڕی، بۆ ئەوەی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ دیارکردنی مانای تیرۆرو جیاکردنەوەی لەخەباتی گەلان (واتە پشتگیری پرۆژەکەی سوریا کرد و لە دیسەمبەری ١٩٨٦ز دا پێشکەشی سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکانی کرد، بۆ ئەوەی لیژنەیەکی لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتی لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکاندا بۆ پێکبهێنرێت و بۆ کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئامادە بکرێت)، لەگەڵ ئەمەشدا لەو باوەڕەدام کە سوریا لە ڕووی لەبناغەو ئەنجامەوە

کەوتە ناو هەمان تەڵەی پێناسەکردنەوە، بۆیە پرۆژەکە لەباربراو هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا[١٦٧].

پوختەی قسە ئەوەیە کە، ئەم هەوڵە نێودەوڵەتیانە لەبۆشاییەوە دەستیان پێنەکردووە، بەڵکو بەکاریگەری ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە وڵاتانبی جیهان بەگشتی پێ تۆقێنراوە دەستییپێکردوە، هەروەها بەهۆی سەختیی و قورسایی فشار و شوێنەوارەکانی تیرۆرەوە، تەنها چارەسەرە ناوخۆییەکان بەس نین، هەرچەندە لەم چوارچێوەیەدا هەندێك سەرکەوتنی هاتونەتە دی، بەڵام هێشتا زۆرو زۆرتری ماوە، هەروەها هێشتا خۆپارێزی و شپرزیی بەهۆی کێشەی سیاسیەکانەوە و سەختیی تەکەتولاتو دورکەوتنەوەی بەرژەوەندییەکان لەئارادایە، ئەمەش بۆ کۆکردنەوەی هێزەکان و دیارکردنیان لەبازنەیەکی نێودەوڵەتیدایدایە.

(لەڕوی ئەمنیەوە)وا دەخوازێت سەرکەوتنی هۆڵە نێودەوڵەتیەکان کە لە ئەنجامی بەستنی کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان هاتۆتە دی، سەرجەم دەوڵەتان بچنە پاڵ ئەو ڕێکەوتنانەوە، هەروەها سودیش لەئەزمونی ئەو وڵاتانەوە وەربگیرێت کە لەڕووی ئەمنییەوە هاوکاری یەکتربوون، کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر ڕێکەوتنامەی دوولایەنەیان

١٦٧- سەرچاوی پێشوو، ل٢٣٢.

بەستوە. هەرچی پەیوەستیش بەتەوەرە تایبەتەکانی روبەڕوبونەوەی تیرۆرە، ئەوا سێ تەوەری سەرەکی باس دەکەین:

أ- تەوەری یاسایی: خاڵی چەسپاندن‌و گەرەنتی کارەکانی دواترە، جا ئەو کارە ئەمنیی بێت یان خۆپارێزی یان لەناوبردن بێت، بۆیە ناکرێت هەموو سەرکەوتنەکان لەشکستپێهێنانی پلانە تیرۆریستیەکەدا سەیر بکرێت، جا بەڕێگرتن لەفڕۆکە یاخود ئازادکردنی بارمتەکان یان پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی پاکتاوکردن‌و کوشتن بێت، تاوەکو کارەکە لە دادگادا لەنێو دەقەکاندا جێبهێڵدرێت و دەبێتە یاسایەکی نەگونجاو (ئەمەش ئەزمونی هەمو میللەتانە)، هەروەها پێویستە تەنها پشت بەهێزی ئەمنیی لەبەهێزکردنی توانای یەکەکانی هێرش‌و هەڵکوتانە سەر نەبەسرێت، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا دەقە یاساییەکان دەستەبەر بکەین بەشێوەیەك کە گرەنتی هەموو دەستەبەرییەك بۆ تاکەکانی ئەو یەکانە بکات، چونکە ئەوان بە تەنها بە پلەی یەکەم لەپرۆسەیەکی سەربازیدا نین، بەڵکو لەپرۆسەیەکی ئەمنیشدان کە ڕەگەزەکانی سەرکەوتن تێدا بەم سێ رەگەزانە دیاریدەکرێت:

یەکەم: گەڕانەوەی هەموویان بەسەلامەتی و ئازادکردنی هەمو ڕفێنراوەکان.

دووەم: دەستگیرکردنی تیرۆریستان.

سێیەم: رۆڵی یاساو دادگا لە حوکمێکی دادپەروەرانەوە دەستپێدەکات، ئەگەر دەقی گونجاوی تایبەتمەندیش بەدی نەکرا، کە بڕیار لەسەر مەسەلەکە بدات و بەهۆیەوە تاوانباران لە سزادان ڕزگاریان ببێت و بۆشایی دەق‌و یاسادانان دروست ببێت، ئەوا هەموو سەرکەوتنەکان کاتیی دەبن لەرۆشناییەکی خێرای دەزگاکانی پڕوپاگەندەو ریکلام تێپەڕ ناکات[١٦٨].

ب. تەوەری دیپلۆماسی:مەبەستم لە شێوازی کاری عێراقە، لەکاتی روبەڕوبونەوەی کاری تیرۆریستیدا و گەڕان بەدوای روبەڕوبونەوەیدا لەچوارچێوەی زانستی بێت یان پراکتیکیدا، پێویستە دیپلۆماسیەتی عێراقی لەسەر پلانێکی یەکگرتووی کارکردن رێکبکەوێت، کە رووبەڕوی کێشەکانی تیرۆر ببێتەوە، ئیدی لەمشتومڕی زانستیدا بێت، یان لەیەکێك لەکۆبونەوە نێودەوڵەتیەکاندا، یاخود لەکاتی روبەڕوبونەوەی روداوێکی تایبەتی

١٦٨– حسین علی رفاعی: سەرچاوەی پێشو، ل ١٥٧.

تیرۆریستی، که یەکێك لەدەوڵەتان روبەڕوی ببنەوە، هەروەها پێویستە لەسەر دیپلۆماسیەتی عێراقی خاوەنی رۆڵێکی بنەڕەتی بێت لەبانگەوازکردن بۆ چونە پاڵ ئەو پەیماننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتیانەی لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەستراون، چونکە تائێستا زۆرێك لەدەوڵەتان ئیمزایان لەسەر نەکردووە (بەوپێیەی خاڵی دەستپێکی هاوکاریی نێودەوڵەتیە)، هەروەها ئەم پەیماننامانە، بۆ کۆکردنەوەی وڵاتان لەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیانەی دژی تیرۆر دەبەسرێن، خاوەن سەنگ و قورسایی خۆیەنن.

وڵاتان لە شێوازی دژایەتی تیرۆردا لە چەندین لایەنەوە دەستەوەستانن، وەك:

یەکەم: کەلێنەکانی هاوپەیمانێتی جنێف ١٩٣٧ز بۆ لەناوبردن و رێگرتن لەتیرۆر.

دووەم: کەلێنەکانی چوار پەیمانێتیەکانی ١٩٤٩ز دەربارەی رێساکانی جەنگو مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانباراندا لەکاتی داگیرکارییدا " کوشتنی بارمتەکان".

سێیەم: پرۆتۆکۆلاتی جنێفی تەواوکراو لەساڵی ١٩٧٧ ز داو کەلێنەکانی.

چوارەم: کەلێنەکانی پەیماننامەی چەتەیی دەریایی ١٩٥٨ ز، نەچەسپاندنی بەسەر کارەکانی تیرۆری دەریایدا... هتد)[١٦٩].

دیپلۆماسیەتی دەرەوە لە گەڕاندنەوەی تیرۆرستان بۆوڵاتەکانی خۆیان و گواستنەوەی زانیاریەکانیان رۆڵێکی گرنگ لەو هەوڵانە دەگێرێت، کە سەبارەت بەشانەکانی تیرۆر و رێکخراوەکان تەمویلکارانیان و پلانو چالاکیەکانیان بۆ دەزگا ئەمنیە پەیوەندیدارەکان دەگیرێنە بەر.

ج. تەوەری ئەمنیی: تەوەری ئەمنیی لەگەڵ تەوەرەکانی دیکەدا بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆر، بەم شێوەیە تەواوکاری یەك دەبن:

یەکەم: گرنگیی ڕوبەڕوبونەوەی ئەمنیی: روبەڕوبونەوەی ئەمنیی وەك بەهێزترین و دواهەمین ئەڵقەی ئابلۆقەدانی تیرۆری نێودەوڵەتی، پشت بەچەند رەگەزێکی تەواوکراوی یەکتر دەبەستێت، کە هەموویان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاترو ژیاری مرۆیی بەگشتی دەڕژێنە ناو یەك کاسەوە.

دووەم: روبەڕوبونەوەی ئەمنیی لەبنەڕەتدا جەخت لەسەر کاری مەیدانی دەکاتەوە، کە کۆمەڵێك کاری مەیدانی لەچەند کۆمەڵەیەکی

١٦٩– محمد عمر مدني: العلاقات الدبلوماسيه، ل ٨٧

پسپۆڕو ڕاهێنراو لەبەرزترین ئاستدا لەخۆ دەگرێت، کە لەمانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە:

١-کۆمەڵەی کۆکردنەوەی زانیاریەکان، (لەپاشاندا شیکردنەوەیان، دواتر هەڵسەنگاندنیان، ئینجا پەرەپێدانی و پوختکردنیان).

٢-کۆمەڵەی ڕێککەوتن.

٣-کۆمەڵەی پڕۆسەو چالاکیەکان.

٤-کۆمەڵەی هێرشبردن.

٥-سەنتەری مەیدانی پێشکەوتوو.

٦-سەنتەری دەستەبەرکردنی خۆپاراستن.

٧-ژوری ئیدارەی پڕۆسەکان.

سێیەم. تەکنیك یان هونەری ڕوبەڕوبونەوە لەسەر بناغەی ئەم پرۆسانە دەبێت:

١-چاودێری ئەمنیی: چاودێریی ئەمنیی لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی هەر کارێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتیدا ئیدی خەریك بێت ڕوبدات یان لەحاڵەتی ڕوودان‌دا بێت، لەپایە سەرەکیەکانی ئەم تەوەرە گرنگە دادەنرێت.

پرۆسەکانی چاودێریی دوو تەوەر ئاشکرا دەکات:

یەکەم: چاودێریکردن لەناوەوە، کە پشت بەلێهاتوویی رەگەزەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و پێشبینیکردن دەبەستێت.

دووەم: چاودێری کردنی دەرەکیی، لەبنەڕەتدا پشت بەبیرۆکەی هاوکاری دەبەستێت.

هەروەها پرۆسەکانی چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاریش لەرێکخراوە تیرۆریستیەکان و کۆکردنەوە و پۆلێنکردنیشیان دەگرێتەوە، ئیدی ئەو رێکخراوانە لەناوەوە کاربکەن یان لەدەرەوە، هەروەها وەرگرتنی زانیاریەکان لەپێکهاتەکانیان و رەگەزنامەی تاکەکانیان و راهێنان و جۆری ئەو چەکانەی ئەم رێکخراوانە بەکاریدەهێنن و هۆکارەکانی تەمویلکردنیانو راهێنەرەکانیان و رادەی تواناو لێهاتوویی لەبەکارهێنانی شێوازەکاندا و شێوازەکانی کارکردنیان و ئەو ئامانجانەی هەوڵی هێنانەدییان دەدەن، بەشێکی دیکەی ئەم تەوارە پێکدەهێنن.

٢- سەرچاوەکانی زانیاری: وەرگرتنی زانیاریەکان و تێبینی کردنیان لەرێگەی دەزگا نەوعیە پەیوەندیدارەکانەوە، ئەوانەی پێشتر باسمان کردن کە جەخت لەدەزگاکانی ئەمنی قەومی دەکەنەوە، هەروەها هەواڵگریی جەنگیی و ئاگاداربون، ئیدارەکانی ئاسایش

لەوەزارەتەکانی دەرەوە، دەزگاکانی تایبەتمەند بەئاسایشی دەوڵەت لەوەزارەتەکانی دەرەوەدا، کۆمەڵە کارێکی دیکەی ئەم لایەنەن.

هەروەها ئەم دەزگایانە لەچاودێریکردنیاندا بۆ زانیاریەکان پشت بەچەند سەرچاوەیەك دەبەستن، وەك دەزگاکانی راگەیاندن‌و رۆژنامەگەری، رادیۆو بڵاوکراوەو بەکارهێنراوەکان‌و پرۆسەکانی پڕوپاگەندەی تیرۆریستیان... هتد.

٣- ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان: دوای چاودێریکردنی زانیاریەکان، کۆدەکرێنەوە و پاشان لەنێوان ئەو دەزگا پەیوەندیدارانەدا کە باسمان کردن شی دەکرێنەوە، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەکیی یان کارکردنی هاوبەشدا، ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان لەدەوڵەتانی یەك کۆمەڵەوە و دەوڵەتانی هاوڕێ وە بەئەنجام دەگات، هەروەها لەمیانی پرۆتۆکۆلاتی ئەمنیی کە رەهەندی تیرۆریستیی و رێکخراوەکان و هەڕەشەکانیان بۆ سەر بەرژەوەندیی هاوبەشەکانە، بە هەمان شێوە هەماهەنگی هەیە.

٤- پۆلێنکردنی زانیاریەکان: جۆری زانیاریەکە بەگوێرەی سەرچاوەو قەبارەو دوای شیکردەوەی‌ان دیاریدەکرێن(کە رەنگە ئەم زانیاریە لە سەرچاوەی تاك یاخود بەکۆمەڵی وەك رێکراو، کۆمەڵە، حیزب... هتد وەرگیرابێت)، وەکچۆن لەوانەشە لەدەوڵەتانەوە

وەرگیرابێت، لەم حاڵەتەی دواییشدا زانیاریەکان بەگوێرەی ئەوە وەسف دەکرێن، کە ئایا ئەم دەوڵەتە کەبووە بەسەرچاوە، بەدەوڵەتێکی هاورێ دادەنرێت یان شەڕکەر یاخود دەکەوێتە شەڕەوە؟

گرنگیی ئەمەش لەدیاریکردنی بەرپرسیارێتی بەپێی زانیاریەکان دەبێت، هەروەها لەدانانی پلانێکی پێشبینیی کراوی روبەروبونەوەش دەبێت، کە یەکێکە لەگرنگترین ئەو کێشانەی روبەڕوی لایەنەکانی بنبڕکردن دەبنەوە.

هەروەها جیاکردنەوەی نێوان بەرپرسیارێتی لە چاودێریکردنو کۆکردنەوە و شیکردنەوەی نێوان کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا کارێکی گرنگە، هەروەها بوونی دەزگایەکی تایبەتمەندیش بۆ چاودێریکرنی زانیاریەکانو کۆکردنەوەیان لەناوەوە یاخود لەدەرەوەش گرنگە.

لەسەر بناغەی هەماهەنگیی باشو بەردەوامی نێوان دەزگاکانی چاودێریی‌و کۆکردنەوەی زانیاریەکانو شیکردنەوەیانو ئاڵوگۆڕکردنیان، زۆرترین بڕ لە (ئاسایشی خۆپارێزانە (الامن الوقائی) دەستەبەر دەبێت، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و نەتەوەیش.

وانە سودمەندەکانی روداوەکانی دوایی تیرۆر، جەخت لەسەر ئەم بۆچونە دەکەنەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە

دیاریکردنی تاکە ئاراستەیەك کە بەرپرس بێت لە کۆکردنەوەی زانیاریەکانو رژاندنیان بۆ ناو ئەو ئاراستەیەی کە کاری روبەڕوبونەوەکەی پێسپێردراوە، ئاڕاستەکان بەرەو سیستمێکی ئەمنیی عەرەبی کاراترو پێشکەوتوتر بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆر بەرێت.

و. سەرجەم ئەو دەزگا ئەمنیانەی کاری بنبڕکردنی شێوەکانی تیرۆری نێودەوڵەتیو ناوخۆیان لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا پێسپێردراوە، لەگەڵ وەرگرتنی هەموو ئەو کارانەی کە بۆ هەماهەنگی نێوانیان وڵاتان گرنگە، دەبێتە مایەی سود وەرگرتن لە لەئەزمونەکان (بەخوێندنەوەی ئەزمونی دەوڵەتان).

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی، لە وێناکردنی هاتنە ئارای (قەوارەیەکی سەربەخۆ) و دابڕاو لەسەر ئاستی یەك یەکبون و کۆبونەوەی عێراقی، کە کاری روبەڕوبونەوەی شێوەکانی تیرۆری نێودەوڵەتی پی بسپێردرێت، پێویستە ئەم قەوارەیەش بەسیفەتی بەردەوامیی و جێگیریی بمێنێتەوە، ئەمەش بەدیاریکردنێکی (بەیاساییکراوی) ئەرك و پسپۆڕیی و بەدواداچونیان دەبێت، کە بۆ کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی چاودێریکراون لەلای، لەو رەهەندە تیرۆریستیانەی هەڕەشە

لەئاسایشی نەتەوەیی عێراق دەکەن، ئەوەش لەبنەڕەتدا لەسەر ئەم لایەنە یان ئەم قەوارەیە وەستاوە.

٣. بەخشینی پسپۆڕییە پێویستەکان:

بریتی یە لە بەخشینی باڵاترین ئاستی ئەداکردن و ئەوپەڕی خێرایی لەپەیوەندیدا، هەروەها کردنەوەی چەندین کەناڵی سەربەخۆ لەگەڵ باڵاترین دەسەڵاتی سیاسیدا لەخۆ دەگرێت، ئەم لایەنە لەچەند ئەندامێکی هەمیشەیی پێکدێن کە خۆیان یەکلایی کردۆتەوە بۆ ئەم کارە، ئەم ئەندامانە لەڕووی ئەمنییو دیپلۆماسییو یاساییەوە لە شێوە و کێشە جیاوازەکانی تیرۆر پسپۆڕو شارەزان، هەروەها لە پاڵ ئەم ئەندامانە چەند ئەندامێکی دیکەی دەزگانی دەوڵەتیش بوونیان هەیە، وەك نوێنەرانی دەزگاکانی ئاسایش و دەزگا بەرپرسەکانی دیکە لەدەوڵەتە جیاوازەکاندا، کە بەشێوەی کۆبونەوەی خول (اجتماعات دوریە) دەست بەکارەکانی خۆیان دەکەن، کەئەنجومەنێکی ناولێنراوی ئیداریی رێکیدەخات، دواتریش لیژنەی نەوعیی پسپۆڕی لەسەرجەم لایەنەکاندا لێدەبێتەوە، بۆیە لە هەموو دۆخەکاندا بڕیارەکانی ئەم لایەنە پابەند دەبێت بەدەزگاو لایەنەکانی ترەوە، ئەمەش دوای رێککەوتنو موسادەقەکردن لەسەری ئەنجامدەدرێت.

# بەشی چوارەم:

# جینۆسایدی ئێزیدیەکان
# وەک گەورەترین تاوانی تیرۆرستی

تیرۆرستان کاتێك پەرەدەسێنن و ناوچەیەکی فراوان کۆنترۆڵ دەکەن، ئەوا کردەوەی گەورەتری دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن، بەشێوەیەك لە بەئامانجگرتنی تاکێك یان شوێنێك دەست بە کۆمەڵکوژی و جینۆساید دەکەن، وەك ئەوەی گروپی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) لە (٣ی ئابی ٢٠١٤) لە کاتی داگیرکردنی شەنگال دژ بە ئێزیدیەکان ئەنجامی دا.

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی گشتی باسی جینۆساید وەك چەمك و وشە دەکەین، پاشان ئاماژە بە جینۆسایدی ئێزیدیەکان لەلایەن داعشەوە دەدەین، وەك دواین کردەوەی پەرەسەندووی تیرۆرستان و نموونەیەکی زیندوو، کە کاتێك پەرە دەسێنن و بەهێز دەبن، دەکرێت تاوانەکانیشیان گەورەتر بکەن و کۆمەڵکوژی ئەنجام بدەن.

لێرەدا لەوەیە کەسانێك بپرسن کە ئایا کردەوەی تیرۆرستی دەبێتە جینۆساید؟، لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ کردەوەی تیرۆرستی دەچێتە بواری جینۆسایدەوە، چونکە لە هەموو پێناسەکانی جینۆسایدا بکەری تاوانەکە دیاری نەکراوە، بەڵکو کردەوەکە دیاری کراوە، کە چەند کردەوەیەك دەچنە بواری جینۆسایدەوە، جا هەر گروپ و کەس و لایەنێك ئەنجامی دابێت.

بۆ ئاشنا بوون بە جینۆساید لەلایەن تیرۆرستانەوە، سەرەتا چەمك و پێناسەکەی بۆ خوێنەران ڕوون دەکەینەوە:

## باسی یەکەم:
## چەمك و پێناسەی جینۆساید

(Genocide)چەمکێکی لێکدراوە و لە دوو دەستە و وشە پێکدێت، ئەوانیش (Genos) کە وشەیەکی گریکیە بە مانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت، هەروەها (cide)وشەیەکی لاتینیە و بە مانای کوشتن یان لەناوبردن دێت، هەردوو وشەکە بە یەکەوە و بە کوردی بە واتای نەوە کوژی یان وەچە کوژی یان ڕەگەز کوژی دێن، لە هەریەکە لە زمانەکانی فارسی و ئوردو دا چەمکی (نسل کشی) بەکاردەهێنرێت، کە ئەم چەمکەش بە کوردی بە واتای نەوە، وەچە، ڕەگەز کوژی دێت[١٧٠].

یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاند و جێگیری کرد( Rafal Lemkein) بوو، کە بە ڕەگەز پۆڵۆنی و ڕەگەزنامەی ئەمریکایی هەبوو، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پلەی ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای پێبەخشرا.

---

١٧٠- ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ٢٠١٧، ل ١١

ڕەنگە ئەوەی زیاتر وای لێکردبێت کە بیر لەو زاراوەیە بکاتەوە و بە شای تاوانەکانی یان تاوانی تاوانەکانی بزانێت (بەدەر لەوەی کە بۆ خۆی شارەزایەکی ئەم بوارە بووە)، ئەوەیە کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کەوتونەتە دەستی نازییەکان، کۆمەڵکوژ کراون[١٧١].

جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەگشت خاڵەکانیدا پێناسەکراوە بە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، ڕەگەزێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئایین ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی عەمدی و نەخشەکێشراو، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

لەبەندی دووی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە:

١. ئەنجامدانی زیانی گیانی و ڕۆحی.

٢. کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگا.

٣. بەئەنقەست شێوەیەکی دیکەی ژیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایەدا بسەپێنرێت، کە پێشتر دەزانرێت دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی کۆمەڵگاکە.

---

١٧١- هەژاری عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم ٢٠٠٦، ل٢١

٤. فەرمان دەرکردن بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ ڕێگاگرتن لە دایکبوونی منداڵ.

٥. گواستنەوەی بە زۆری منداڵان لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی دیکە([١٧٢]).

لەم پێناسەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاوانی جینۆساید دەکرێت بە پێنج شێواز ئەنجام بدرێت، هەروەك لە ماددەی (٢) ڕێکەوتننامەکە پێناسە کراوە، ئەوانیش(کوشتن، ئەشکەنجەدان، ناچار کردنی قوربانی بۆ ژیانێکی ناهەموار، نەزۆك کردنی قوربانیان و ڕاگواستنی منداڵان) واتە لە تاوانی جینۆسایدا دەکرێت ڕاستەوخۆ کەسێك نەکوژرێت، بۆیە جینۆساید لە کۆمەڵکوژی فراوانترە.

هەروەها جاك نوسان پۆرتەر (١٩٨٢) پێناسەی جینۆساید دەکات، کە بریتی یە لە "لەناوبردنێکی مەبەستداری هەموو یان بەشێکی کەمینەیەکی نەژادی، ڕەگەزی، ئاینی، تیرەیی یان سیاسیە لەلایەن حکومەت یان نوێنەرەکانیەوە، کە تەنها کۆمەڵکوژییەك ناگرێتەوە، بەڵکو خنکاندن و دەرکردن بە زۆر و ملکەچپێکردنی سیاسی و ئابوری و بیۆلۆژییش دەگرێتەوە، جینۆساید لە سێ ڕەگەزی

١٧٢– د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە نێودەوڵەتی کردنی (کورد بە نموونە) سلێمانی ٢٠١٣، ل ٧

سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش ئایدۆلۆژی، تەکنەلۆژی و بیرۆکراسی دام و دەزگایە". [١٧٣]

جینۆساید هەرچەندە وەك چەمك نوێیە، بەڵام لەگەڵ مرۆڤدا بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە، کۆنترین تاوان کە لە مێژوودا باس کرابێت کۆمەڵکوژکردنی ئاشورییەکانە لەساڵی (٦١٢ پ.ز) کە بابلیەکان قەسابخانەیەکیان بۆ نانەوە، وەحشیگەرانە زۆربەیان قڕ کردن و (نەینەوا)یان تەواو خاپور کرد.

هەروەها چەندین کۆمەڵکوژی و جینۆساید لە مێژووی نوێدا تۆمار کراوە، کەتیایدا ملیۆنەها مرۆڤ کۆمەڵکوژ کراون، یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵکوژی لە مێژوودا لە لەلایەن (LEPOLD)ی دووەم، پاشای بەجلیکاوە لە ساڵانی ١٩٠٨–١٨٨٥ ئەنجامدراوە، کە لەلایەن ئەمەوە لە پێکهێنانی کۆلۆنی کۆنغۆدا دانیشتوانەکەی نیوەی کۆمەڵکوژ کرد، لەم پرۆسەی وێرانکردنەیدا نزیکەی (٩١) ملیۆن مرۆڤی لەناوبردوە.

هەروەها لەناوبردنی یەهودیەکان بە فەرمانی ئەدۆلف هیتلەر کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە کۆتایی بە ژیانی حەوت ملیۆن مرۆڤ هێنرا.

---

١٧٣– ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ٢٠١٧، ل٢٠

کۆمەڵکوژیی و جینۆسایدکردنی هندە سورەکان لە کیشوەری ئەمریکا نزیکەی ٩١١ ملیۆن مرۆڤی لەناوبرد.
کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانەوە لە نێوان ساڵانی (١٩١٥- ١٩١٦)، کە تیایدا ملیۆن و نیوێك مرۆڤ لەناوبرا.[(١٧٤)]
لە سەردەمی نوێشدا لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا چەندین تاوان و کۆمەڵکوژی ئەنجامدرا، هەروەها رژێمی بەعسی عیراقی بە درێژایی مێژوو چەندین تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دەرحەق بە کورد ئەنجامداوە، هەر لە پرۆسەی ئەنفالدا زیاتر لە (١٨٢) هەزار هاوڵاتی کورد بوونە قوربانی، هەروەها تاوانەکانی کیمیاباران و راگواستن و بە زۆر نیشتەجێ کردن لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان بەشێکن لە تاوانەکانی جینۆسایدی ڕژێمی بەعس، ئەمە جگە لەوەی لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تاوانی گەورەی جینۆساید ئەنجامدراوە، بەڵام باسی ئێمە لەسەر تیرۆری نێودەوڵەتیە، بۆیە باس لەو جینۆسایدە دەکەین، کە گروپێکی تیرۆرستی ئەنجامی دابێت، نەك دەوڵەتی[(١٧٥)].

---

١٧٤- د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە نێودەوڵەتی کردنی (کورد بە نموونە)سلێمانی ٢٠١٣، ل٩.
١٧٥- گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بۆتە قوربانی جینۆسایدی هەمەجۆر، کە بەداخەوە سەدان هەزار کەس لە گەلەکەمان بوونەتە قوربانی تاوانە دەوڵەتیەکان، ئێمە بۆ ئەوەی لە بابەتی سەرەکی خۆمان لانەدەین کە

نزیکترین تاوانی جینۆسایدیش کە ئەنجام درابێت، جینۆسایدی ئێزیدیەکانە لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن گروپی تیرۆرستی داعشەوە، لە ئابی ٢٠١٤دا دوای داگیرکردنی شەنگال ئەنجامدرا و تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و دەستدرێژی و بەزۆر گۆڕینی ئاینی بەسەر دانیشتوانەکەیدا ئەنجامدا.

---

تیرۆرە لە ڕووی سەرەتا و پەرەسەندنەوە، بۆیە بە وردەکاری تەواوە ئاماژە بەو جینۆسایدانە ناکەین و بۆ ئاشنا کردنی خوێنەر بە جینۆساید، بە چەند پێناسەیەك و کورتەیەکی مێژوویی کۆتایی پێدەهێنین و دەچینە سەر بابەتی سەرەکیمان کە کردەوەی تیرۆرستی نێودەوڵەتی و تاوانەکانیانە، کە دەکرێت جینۆسایدیش ئەنجام بدەن، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەدەین، وەك قوربانی دەستی تیرۆرستان، کە نموونەیەکی زیندووی بابەتی سەرەکی پەرتوکەکەیە.

## باسی دووەم:
## جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەلایەن داعشەوە

ئەوەی لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، ئاشنا کردنی خوێنەران بوو، بە چەمك و پێناسەی جینۆساید، بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەك بۆ باسی سەرەکیمان کە جینۆساید کردنی مرۆڤە لەلایەن گروپێکی تیرۆرستیەوە، لەم باسەدا ئاماژە بە جینۆسایدی چینێکی مرۆڤایەتی دەدەین، کە لەلایەن گروپێکی تیرۆرستی نا دەوڵەتیەوە ئەنجامدراوە، کە ئەمەش دەکرێت بە پێشهاتێکی نوێ ناوزەندی بکەین، هەروەها بە گەورەترین تاوانی تیرۆری نێودەوڵەتی دابنێین.

**یەکەم: سەرەتای تاوانەکە:**

دوای دەست بەسەردا گرتنی موسڵ و ناوچە سوننە نشینەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)ەوە، لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا، مەترسی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە بۆ سەر کوردستانیش دەرکەوت، بە تایبەت کاتێك داعش کەوتە دەرکردنی مەسیحیەکانی موسڵ و بازگەکانیان لە بەرامبەر بازگەکانی پێشمەرگە قوت کردەوە، هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك

کاردانەوەیەك بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی لە هەرێمەوە جوڵە پێکرد و سەنگەرەکانیان لە هەموو ئەو ناوچانە قایم کرد.

بەڵام لە(٣ی ئابی ٢٠١٤) دا چەکدارەکانی داعش پەلاماری کوردستانیاندا و لە هێرشێکیاندا سەرجەم ناوچەکانی شەنگال و زومار و تەلکێف و دەوروبەریان داگیر کرد.[١٧٦]

دواتر زۆربەی ئێزیدییەکان بە ماوەی (٥–٦) کاتژمێر سەرکەوتن بۆ چیای شەنگال، ئنجا داعش چوونە شەنگالەوە و لە گوندەکانی دەوروبەری شەنگال نزیکەی (٢٠٠٠) ئێزیدیان کوشت و سەدانی دیکەش لە برسان و تینوان گیانیان لەدەستدا، تیرۆرستان ژمارەیەکی زۆر کچی ئێزیدیان ڕفاند، لە ئەنجامدا تەواوی ناوچە کوردییەکانی موسڵ (قەزای شەنگال و قەزای تلکێف و قەزای حەمدانیە و ناحیەکانی زوومار و ڕەبیعە و سنون و خانە سۆر و وانکی و باشك و بەرتلە خازر و گۆگجەلیٚ و نەمردوود و ئاڤەنگیٚ و ٣٠٠ گوند و قەزای تەلعەفەر)، کەوتنە چنگی داعش[١٧٧].

---

١٧٦– د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، شەنگال لەبەردەم فەتوای ئایینییەکان و شاڵاوەکانی داگیرکاریدا (١٢٥٤–٢٠١٤)ز، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٨، ل **٨٧**.

١٧٧– د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان لە مێژوودا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٨، ل ٤٦

یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، کە لە(٣ی نیسانی٢٠١٥) دا سازکرا، ئاماژە بە ئامارەکانی تاوانەکە دەدات و دەڵێت:" زیاتر لە (٤٣٠.٠٠٠) چوار سەد و سی هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارە بوون، نزیکەی (١٤٠.٠٠٠) سەد و چل هەزاریان بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ بێ نان و ئاو بوون، کە لەچیای شەنگال گیریان خواردبوو، هەروەها نزیکەی (٢٩٠) دووسەد و نەوەد هەزاریان ئاوارەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و سوریا بوون[١٧٨].

**دووەم: ئاماری جینۆسایدی ئێزیدیەکان لەلایەن داعشەوە:**

| ژ | جۆری قوربانی | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی شەهید | ١٢٩٣ |
| ٢ | ژمارەی ڕفێنراوان | ٦٤٠٤ |
| ٣ | ژمارەی ڕزگاربووانی ژن | ٩٥٣ |
| ٤ | ژمارەی ڕزگاربووانی پیاو | ٣٢٨ |
| ٥ | ژمارەی ڕزگاربووانی منداڵ (کچ) | ٦٧٥ |
| ٦ | ژمارەی ڕزگاربووانی منداڵ (کوڕ) | ٦٨٤ |
| ٧ | ژمارەی دیل و بێ سەر و شوێن بەگشتی | ٣٧٧٠ |

١٧٨- سەرچاوەی پێشوو ل ٤٦

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | ژمارەی دیل و بێ سەر و شوێن (ژن) | ١٩١٤ |
| ٩ | ژمارەی دیل و بێ سەر و شوێن (پیاو) | ١٨٥٦ |
| ١٠ | ژمارەی گۆڕی بە کۆمەڵ | ٣٠ |
| ١١ | مەزارگە و شوێنی پیرۆزی وێرانکراو | ٤٤ |
| ١٢ | ژمارەی منداڵی بی دایك و باوك (الایتام) | ٢٧٤٥ |
| ١٣ | ژمارەی ئاوارەکان | ٤٠٠.٠٠٠ |
| ١٤ | ژمارەی خێزانەکان | ٥٠٠٠ |
| ١٥ | ژمارەی پەنابەران بۆ دەرەوەی وڵات | ٣٠.٠٠٠ |
| ١٦ | ناردنی گەڕاوە ژنەکان بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەر | ١١٠٠ |

وەك لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت، گروپی تیرۆرستی داعش لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا کۆمەڵکوژی ئەنجامداوە و گوێی بە ڕەگەز و تەمەن نەداوە [١٧٩].

---

١٧٩- د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ژنانی ئێزیدی وەك کەنیزەك، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٦، ل ١٦٤

# بەشی پێنجەم:

# لێکەوتە و
# داهاتووی گروپە تیرۆرستیەکان

## باسی یەکەم:
## لێکەوتەکانی تیرۆر

کردەوە تیرۆرستیەکان چەندین لێکەوتە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەیوەندی وڵاتان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵێت، کە گرنگترینیان ئەم لێکەوتانەن:

### ١. لێکەوتەی تیرۆر لەسەر لایەنی ئابووری:

تیرۆر بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری وڵاتان و ئاستی گەشەسەندنیان جێدەهێڵێت، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ لە دارمانی ئابووری وڵاتان دەبینێت، کە شادەماری پێشکەوتن و ئارامی گەل و حکومەتیشە، هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی تاك، بەمەش زیانێکی گشتگیر لە ئابووری وڵات دەدات، بۆ نموونە هێرش کردنە سەر فڕۆکەخانە و بەندەر و بازاڕ و شوێنە گشتیەکان و گەشتیارییەکان، ئەمە واتای ئەوەیە کە کۆمەڵگە بە یەکجاری دادەڕمێنێت و ڕێڕەوی ئاسایی گەشە سەندن دەوەستێنێت.

لایەنێکی دیکەی زیانی تیرۆر لەسەر ئابووری وڵات، ئەوەیە کە زیانی مرۆیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەك دەبینین لە جەنگەکانی تیرۆردا چەندین هاوڵاتی بوونەتە قوربانی، ئەو هاوڵاتیانەی کە توانای کارکردنیان هەیە و سود بە ئابوری وڵات و خێزانەکان دەگەیەنن، ئەم زیانە هێندە گەورەیە کە ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك قەرەبوو بکرێتەوە.

هەروەها تیرۆر زیان لە کاڵاکان دەدات، جا کاڵاکە بۆ گواستنەوە بێت وەك (نەوت، کانزا و ... هتد)، چونکە ئەگەر وڵاتێك توشی تیرۆر بوو، ئەوا یەکەم شت کەدەوەستێت، ئەم کاڵا گرنگەنەیەتی کە شادەماری ئابووری وڵاتەکەیە، یان زیان بەو کاڵایانە دەگەیەنێت کە ناگوازرێنەوە وەك (گەشتوگوزار، خانووبەرە، وەبەرهێنانی ناوخۆیی).

هەروەها وڵاتیش بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن، ئەمە جگە لەوەی هێرش بۆ سەر مۆڵگەی تیرۆرستان دەبێتە هۆی وێران بوونی ئەو شوێنانەی کە تیرۆرستان کۆنترۆڵیان کردووە، کە پێویستە دواتر هەر ئەو ولاتە خۆی بنیاتی بنێـەوە.

بۆ زیانی ئابوری دەتوانین نموونە بە عیراق بهێنینەوە، کە تەنها لە ساڵی (٢٠١٤)دا بە بڕی ٣٥ ملیار دۆلاری زیانی پێگەیشتووە.

### ٢. لەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتی:

تیرۆر زیان بە پەیوەندی وڵاتان دەگەیەنێت، بەشێوەیەك لەوەیە بگاتە ئاستی پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی و پێکدادانانی سەربازی، چونکە کاتێك ولاتێك تۆمەتبار دەکرێت بەوەی هاوکاری تیرۆرستان دەکات، ئیتر پەیوەندییەکان ئاڵۆزی تێدەکەوێت، بۆ نموونە لە (٢٠١٧/٦/٥) هەریەك لە وڵاتەکانی سعودیە، ئیمارات، بەحرەین، میسر) بڕیاریان دا سەرجەم پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانیان لەگەڵ قەتەر بپچڕێنن، چونکە ئەوان سەرباری چەندین کێشەی دیکە، پێیان وابوو ئەو وڵاتە هاوکاری تیرۆرستان دەکات و دەوحە بۆتە مۆڵگەیەك بۆ تیرۆرستان. هەروەها ئەمریکاش ماوەی چەندین ساڵە ئێران بەسەرچاوەی تیرۆر دەزانێت، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی زیاتر بڕوات، چونکە ئەو دوو وڵاتە سەرباری ئەم کێشەیە، کێشەی سیاسی و نفوزیشیان هەیە، کەواتە تیرۆر زیانێکی زۆر لە پەیوەندی وڵاتان دەدات.

### ٣. لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتی:

تیرۆر ئەو ئاشتیە کۆمەڵایەتیە تێکدەدات، کە ماوەیەکی زۆرە گەلان بە چاوپۆشین لە ئاین و مەزهەب و نەتەوە پێکەوە دەژین، بۆ

نموونە لە عیراقدا چەندین ئاین و ئاینزا لە مێژەوە بوونیان هەبووە و بەبێ هیچ کێشەیەك پێکەوە ژیاون، بەڵام بە هاتنی قاعیدە و داعش، ئەم پێکەوە ژیانە تێکچوو، چونکە داعش غەیرە مسوڵمانەکانی ناچار دەکرد، بێنە سەر ئاینی ئیسلام، لەکاتێکدا لە ئیسلامدا ئەم زۆر لێکردنە نیە و خوای گەورە دەفەرموێت ( لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ) (البقرة:٢٥٦)، بەڵام داعش بە پێچەوانەی ئەم ئایاتەوە مامەڵەی کرد و یەزیدیەکانی کۆمەڵکوژ کرد، هەروەها مەسیحی و سەبائیەکانیش لەسەر دەستی ئەو گروپە ڕووبەڕووی چەندین پێشێلکاری بوونەوە، ئەم پێشێلکاری و ڕووداوانەش کاریگەری کردە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە، بەشێوەیەك لەوناوچانەی کە داعش کۆنترۆڵی کردبوو، هەڵگری ئەو ئاینانە( نامسوڵمان) ڕووبەڕووی ڕق و دەرکردن دەبونەوە، بۆیە بە هاتنی گروپە تیرۆرستیەکان چەمکی پێکەوە ژیان بە چەمکە عەمەلیەکی دەبێتە بابەتێکی غائیب و لەسەر ئەرزی واقیع بەدی ناکرێت(١٨٠).

---

١٨٠– أ.د. سامر مؤيد عبداللطيف/ مركز دراسات القانونية
(https://amp.annabaa.org/arabic/studies/15915?fbclid)

### ٤. لەسەر کەرتی گەشتوگوزار:

کاتێك کردەوەی تیرۆرستی لە وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت، یەکێك لەو کەرتانەی زیانی زۆری بەردەکەوێت، کەرتی گەشتوگوزارە، چونکە کاتێك وڵاتێك بەهۆی تیرۆرەوە نائارام دەبێت، ئیتر گەشتیار سەردانی ناکەن، خۆ ئەگەر کردەوەی تیرۆرستی ڕاستەوخۆ گەشتیارانی کردە ئامانج، ئەوا زیانەکانەکانی چەند هێندە دەبێت، وەك ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٧) لە میسر ڕوویداوە و بەهۆیەوە ٦٢ گەشتیار بوونە قوربانی.

هەروەها کردەوەی تیرۆرستی بە شێوەیەکی بەرچاو داهاتی گەشتیاری کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێك لە تونس لە ساڵی ٢٠١٥ کردەوەیەکی تیرۆرستی بە ٣٥٪ دابەزی.[١٨١].

### ٥. لێکەوتەی دەرونی و جەستەیی جێدەهێڵێت:

تیرۆر زیانێکی زۆری جەستەیی و دەرونی بەو مرۆڤانە دەگەیەنێت، کە تیرۆرستان ناوچەکانیان کردۆتە ئامانجی کردەوە تیرۆرستیەکانیان، بەشێوەیەك کاریگەرییەکان زیاتر لە سەر منداڵان دەبێت.

---

١٨١ - https://www.alarabiya.net/ar/amp/aswaq/travel

بۆ نموونە لە عیراقدا لە ماوەی سالآنی ٢٠٠٤–٢٠١٣ بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە (٢٠٣٣٨٨) کەس بەهۆی هێرش و تەقینەوە تیرۆرستیەکان بریندار بوون، ئەمانە بە جەستە بوونەتە قوربانی کردەوە تیرۆرستیەکان و بەشێك لە جەستەیان لە دەستداوە، کە ئەم زیانە کاریگەری لەسەر ئابووری وڵات و خۆشگوزەرانی و زۆر لایەنی دیکە بە جێدەهێڵێت.

هەروەها تیرۆر کاریگەری دەرونی خراپ لەسەر دانیشتوان جێدەهێڵێت، بەتایبەت لای منداڵان، بەشێوەیەك زۆرینەی ئەو منداڵانەی کەوتونەتە ئەو ناوچانەی شوێنی گەرمی تیرۆرستان بووە، توشی چەندین کێشەی دەرونی بوونەتەوە، هەندێك لەو منداڵانە بە بێ ویست کاتێك گوێیان لە دەنگی تەقینەوە و فیشەك دەبێت، توشی حاڵەتێکی دەرونی خراپ دەبن، هەروەها هەندێکی دیکەشیان توشی ئازاری جەستەیی و قژ هەڵوەرین، سەر ئێشە و کائابە .... هتد بوون، هەروەها نینۆك خواردن و پەنجە مژین و هەست کردن بە تەنهایی و متمانە بە خۆ نەبوون و گریان و ترس و ترس لە تاریکی و تەنهایی کۆمەڵێك نیشانەی دیکەی دەرونی و جەستەیی منداڵانی عیراقن[١٨٢].

---

١٨٢- ایام شریف في مركز الوطني لحفقوق الانسان بوزارة حقوق الانسان (٦-٨-٢٠١٥) https://www.facebook.com/crdiraq/photos/a.551676151523240/1018426824848168/?type=3&theater

### ٦. تیرۆر زیان له خەباتی جەماوەری دەدات:

لێکەوتەیەکی دیکەی تیرۆر ئەوەیە کە زیان لەو خەباتە جەماوەرییە دەدات، کە گەل بۆ کۆتایی هاتنی ستەم و دیکاتۆریەت دەستیان پێکردووە، چونکە کاتێك خەباتێك تێکەڵی تیرۆر دەبێت، ئەوا بەبێ هیچ ئەنجامێك و بە زیانێکی زۆری گیانی و مادی کۆتایی دێت، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش هاوکاریەکان بۆ بزووتنەوە جەماوەرییەکە ڕادەگرێت، باشترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە، شۆڕشی گەلانی سوریایە، کە مارسی ٢٠١١ دژی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد و دیکتاتۆریە شۆڕشیان بەرپا کرد، بەڵام دواین چەندین ساڵ لە قوربانی و شەهیدبوونی زیاتر لە (١٦٠) هەزار کەس و وێران بوونی زۆرینەی ئەو وڵاتە، سەرپەرشتیارانی بزوتنەوەکە (ئۆپۆزسیۆن) بەرگی توندڕەویان پۆشی و خۆیان تێکەڵی قاعیدە و داعش و بەرەی نوسرە کرد، ئیتر بوونە بەشێك لە تیرۆرستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەستبەرداریان بوو، لەوەش زیاتر ئیتر باسی ڕۆشتنی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا کۆتایی هات، چانسێکی بە حکومەتیش دا، کە ئیتر وەك تیرۆرست مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ڕاوەدویان بنێت، بەم شێوەیە بزووتنەوە جەماوەرییە ڕەواکە

شکستی هێنا و سەرپەرشتیارانی بوون بە تیرۆرست و شۆرش بە بێ ئاکام کۆتایی هات.

## ٧. وێران بوونی شارەکان و تێکچوونی ژینگە:

یەکێکە لە هەرە لێکەوتە خراپەکانی تیرۆر ئەوەیە، کە ئەو شارانەی دەکەونە دەست تیرۆرستان بە تەواوی یان بەڕێژەیەکی بەرچاو وێران دەبن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دوای کۆنترۆڵ کردنی شارەکان لەلایەن تیرۆرستانەوە، ئۆپراسیۆنی ئازادکردنەوەیان دەست پێدەکات، یان ئەو شارانە بۆ ئەوەی نەکەونە بەردەستی تیرۆرستان بەرگری دەکەن، بەمەش دەکەوێتە شەڕێکی قورسەوە، کە بە وێران بوونی کۆتایی دێت.

هێرش کردنە سەر شارەکان و کۆنترۆڵ کردنیان، دوای ئەوە دێت کە گروپێکی تیرۆرستی دەکەوێتە ئەو پەڕی بەهێزی و سود لە لاوازی حکومەت وەردەگرێت، بۆ نموونە گروپی تیرۆرستی داعش لە ساڵی (٢٠١٤)دا بە تەواوەتی شاری موسڵی لە عیراق کۆنترۆڵ کرد، دواتر حکومەتی عیراق لە ساڵی ٢٠١٧دا ئۆپراسیۆنی ئازادکردنەوەی دەستپێکرد، دوای چەند مانگێك لە شەڕ و پێکدادان شارەکە لە چنگی داعش دەرهێنرا، بەڵام نزیکەی لە (٨٠٪) ی شارەکە وێران بوو، هەروەها گەڕەکەکانی لای ڕاستی شارەکە ئەو ڕێژەیەشیان لە

وێران بوون تێپەڕاند، کە شارەکە بۆ دووبارە بنیاتناوەی، پێویستی بە (٣٠ بۆ ٤٠) ملیار دۆلار هەیە[١٨٣].

هەروەها چەندین شاری دیکەش لە عێراق و سوریا بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە ڕووبەڕووی کاولکاری بوونەتەوە، لە ناویاندا شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و شارەکانی ڕەقە و کۆبانێ لە سوریا.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تیرۆر دەبێتە هۆی وێران کردنی شارەکان، بە واتایەکی دیکە تێکچوونی ژینگە و ئاوارە بوونی دانیشتوانەکەی، کە ئەمەش بە یەکێك لە زیانە هەرە قورسەکانی تیرۆر دادەنرێت.

---

١٨٣- https://www.newiraqcenter.com/archives/5053?fbclid=IwAR0BJwVIpiE7uAlEWWBM4zPG6QPqViIoYwGjg_2JdAhyvhGPz5nyReB7vJo

## باسی دووەم:
## سیناریۆکانی داهاتووی تیرۆر

لە بەشەکانی پێشوودا ئاشنا بووین بە پێناسە و چەمك و سەرهەڵدانی تیرۆر و گەشەسەندنی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، لەم بەشەشدا باس لە سیناریۆکانی داهاتووی تیرۆرو هۆکارەکانی بەردەوامی تیرۆر دەکەین، هەروەها ئاماژە بەناوی چەند ڕێکخراوێکی تیرۆرستی وەك نموونە دەکەین :

**یەکەم:دیاری کردنی داهاتووی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان:**

پێنج بنەمای سەرەکی دەتوانێت داهاتووی گروپە تیرۆرستیەکان دیاری بکات، کە بریتین لە ژینگەی جوگرافیا، دۆخی سیاسی، بیروبۆچونەکان، کێبرکی و هەماهەنگی سیاسی.

١- ژینگەی جوگرافیا: ئەو ژینگەیەی کە دەوری ڕێکخراوە تیرۆرستیەکەی داوە، ڕۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی ڕێکخراوەکە دەبینێت، بۆنمونە پشت گوێ خستنی ناوچەیەکی زۆری سونەنشینی عیراق و سوریا، وایکرد ئەو ناوچانە باوەش بۆ کۆبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بگرنەوە.

٢- دۆخی سیاسی: زیادبوونی هێزی گروپە تیرۆرستیەکان پەیوەستە بە زیادبوونی ناکۆکی وململانێیە سیاسیەهەرێمیەکان، ئەمە بە روونی وەدەرکەوت، کاتێك خۆپیشاندانی جەماوەری لە وڵاتانی عەرەبی (بەهاری عەرەبی) لە ساڵی ٢٠١١دا سەری هەڵدا، کە دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی داعش و چەندین گروپی تر.

٣- هاوبۆچوونی: زیادبوونی مرونەتی رێکخراوەیی گروپەکان وایکردووە، کە بۆچوونی هاوبەش لە نێوان گروپەکان دروست ببێت، ئەمە لە حاڵەتی ڕێکخراوی (قاعیدە) بینراوە، کە ئەندام و بۆچوونەکانی کیشوەر بڕەو لە زۆرترین نەتەوە و ڕەگەز چەکداری کۆکردۆتەوە.

٤- کێبڕکێ و ململانێی گروپە تیرۆرستەکان: کێبڕکێ و ململانێی لە نێوان گروپە تیرۆرستەکان کاریگەری لەسەر مانەوە و پەل هاویشتنیان جێدەهێلێت، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونیان، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر دابەش بوونی ناوخۆیی نەبێت، ئەوا ئەوان کارە تیرۆرستیەکانیان پەرە پێدەدەن و مەترسی زیاتر جێدەهێڵن.

٥- هامەهەنگی ئەمنی:هەماهەنگی ئەمنی لە نێوان وڵاتانی هەرێمی و هێزە گەورەکانی جیهان، سەرکەوتن بەسەر گروپە تیرۆرستیەکان ئاسانتر دەکات، بەڵام نەبوونی هەماهەنگی و یەك

نەگرتنەوەی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز دەبێتە هۆی فراوان بوونی کارە تیرۆرستیەکان، ئەم نموونەیەش لە عیراق و سوریا بە ئاشکرا بەدیکرا، کاتێك هەماهەنگی نەبوو داعش و بەرەی نوسرە و بەرەی ڕزگاریی شام.... هتد سەریان هەڵدا و فراوان بوون.

**دووەم: سیناریۆکانی داهاتووی تیرۆر:**

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دوو ڕێکخراوی تیرۆرستی سەرمەشقی گروپەکانی ترن، ئەوانیش قاعیدە و داعشن، قاعیدە پێش بەهاری عەرەبی فراوان بوو، پاکستان و ئەفغانستان کردە شوێنی سەرەکی، لەوێشەوە پلانی هێرشی دادەڕشت، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی نارەزایەتیە جەماوەرییەکەی وڵاتانی عەرەبی (بەهاری عەرەبی ساڵی ٢٠١١)داعش سەری هەڵداو لە کارە تیرۆرستیەکان و توندوتیژییدا پێش قاعیدە کەوت و عیراق و شامی کردە مۆڵگەی خۆی.

ئێستا کە ئەم دوو ڕێکخراوە نوێنەرایەتی گروپە تیرۆرستیەکان دەکەن، دەمانەوێت بزانین داهاتوویان چۆنە و سیناریۆکانی داهاتوویان چی لێدێت:

## ١- سیناریۆکانی مانەوەی داعش:

سێ سیناریۆ بۆ مانەوەی داعش هەیە، کە ئەوانیش دووبارە بنیاتنانەوەی گروپەکە، یان ڕووکردنە ناوچەی ترە بۆ مانەوەیان، یان کۆتایی هاتن و دابەش بوونیەتی بەسەر چەندین گروپی تیرۆرستیدا:

* دووبارە بنیاتناوەی ڕێکخراوی داعش: ئەم سیناریۆیە لە سیناریۆکانی تر ئەگەری هاتنەدی نزیکترە، چوونکە زۆرینەی سەرکردەکانی داعش لە ژیاندا ماون(یان ئەگەر کوژران جێگرەوەیان بۆ دادەنرێت) چەکدارەکانیشی هێشتا لە عیراق و سوریادا جموجۆڵیان هەیە، چەکدارەکان لە هەندێك ناوچەی وەك باشوری کەرکوك و سەرسنور هەست بە جوڵەی زیاتریان دەکرێت، بۆیە لەم سیناریۆیەدا ئەوەیە کە داعش دەمێنێت و دەست بەسەر هەندێك لەو ناوچانەدا دەگرێتەوە کە لە دەستی داوە.

*کۆبونەوەیان لە ناوچەیەکی جێگراوە(بدیل): ئەگەر داعش نەیتوانی سیناریۆی یەکەم جێبەجێ بکات، ئەوا بۆمانەوەی خۆی پەنا بۆ سیناریۆی دووەم دەبات، ئەویش گواستنەوەی چەکدارانیەتی لە عیراق و سوریا بۆ وڵاتانی تری وەك لیبیا، یەمەن، باشووری ئاسیا، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بکاتە شوێنێکی ئارام بۆخۆی، بەڵام ئەم سیناریۆیە پەیوەستە بە توانای گواستنەوەی چەکدارەکان،

چونكە گواستنەوەی ئەو چەكدارانە لە سنوری چەندین ولاتدا زەحمەت، هەروەها دەبێت ئەو شوێنانەشی بۆی دەڕۆن، هاولاتیەكانی باوەشی بۆ بگرنەوە، وەك ئەوەی لە ناوچە سونە نشینەكانی عیراق روویدا، لەم كاتەدا ئەم هەنگاوەی داعش سەركەوتوو دەبێت.

* هەڵوەشاندنەوەی داعش: ئەگەر سیناریۆی دووەمیش سەركەوتوو نەبوو، ئەوا دواین سیناریۆ دێتە دی، كە هەڵوەشاندنەوەی داعشە بۆ چەندین گروپی تیرۆرستی بچووك، ئەم گروپانەش هەڵدەستن بە كاری تیرۆرستی سەرەتایی، وەك، كاری خۆكوژی، دانانی بۆمبی چێندراو، كە ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئەو وڵاتانە دروست دەكەن.

## ٢- سیناریۆكانی مانەوەی قاعیدە:

دوای سەرهەڵدانی داعش، قاعیدە گۆرانكاری لە مامەڵە و بۆچوونیدا كردووە، بەشێوەیەك سیستەمی لامەركەزی جێبەجێ دەكات و بە فكر قاعیدەیەو بە كردار داعشە و ئەولەویاتی كاریشی گۆڕیوە.

١- ستراتیژیەتی لامەركەزی: پێدەچێت قاعیدە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ لقەكانی پەنا بۆ ستراتیژیەتی لامەركەزی بەرێت، بەشێوەیەك

که ڕێگە بە چەندین گروپی ( قاعیدە)بدات لە ناوخۆی یەك وڵاتدا سەرهەڵبدەن، بەڵام بە مەرجێك لەگەڵ یەکتر نەجەنگن و سنووری خۆیان نەبەزێنن و نەچنە خاکی گروپێکی ترەوە.

٢- لە فکردا قاعیدە و لە جێبەجێ کردن داعش: لە داهاتوودا قاعیدە وەك داعش مامەڵە دەکات و کارە توندو تیژییەکانی ئەنجام دەدات، هۆکاری ئەمەش بۆ تێکەڵ بوونی زۆری چەکدارەکانی لەگەڵ داعشدا دەگەڕێتەوە، کە دەبێتە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی پەیکەری (قاعیدە)، بەشێویەکیش دەبێت کە هەڵسوکەوتی وەك داعشی لێدێت وقاعیدە تەنها بە ناو دەمێنێتەوە، ئەم سیناریۆیە ئێستا هەستی پێدەکرێت.

٣- گۆڕینی ئەولەویاتی جەنگ: قاعیدە بۆ لەمەودوا ئەولەویاتی خۆی دەگۆڕێت لەگەڵ دوژمنەکانی، بەشێوەیەك دوژمنی دوور زیاتر بە ئامانج دەگیرێت وەك لە دوژمنی نزیك، واتە ئەولەویاتی دوژمنە دوورەکانی دەبێت، هەروەها وازیش لە کافرکردنی کۆمەڵگەیەك بە کاملی دەهێنێت، وەك ئەوەی پێشتر پەیرەوی دەکرد، واتە واز لە گشتاندن دەهێنێت.

کەواتە مانەوەی داعش و قاعیدە پەیوەستە بەچەند سیناریۆیەکەوە، کە بە پێی بارودۆخەکان یەکێك لە سیناریۆکان

جێبەجێ دەکەن، مانەوەی گروپە تیرۆرستیەکان پەیوەستە بە ژینگەیەکی گونجاو و زیادبوونی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان و یەك نەگرتنەوەی بەرژەوەندی وڵاتان، ئێستا ململانێکان و پەراوێز خستن و یەك نەگرتنی بەرژەوەندییەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی ژینگەییەوە، هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژینگەیەکی لەبارە بۆ سەرهەڵدان و گەشەی تیرۆر و مانەوەی، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە لە بەڕێوەبردنی ولاتدا شکستیان هێناوە، وەك عیراق، سوریا، لیبیا، یەمەن، بۆیە هێشتا ژینگەیەکی باش بۆ گەشەی گروپە تیرۆرستیەکان ماوە.

هەروەها تا سەرجەم کێشەکان چارەسەر نەکرێن ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانیش هەر دەمێنن، لەم کاتەشدا کۆتایی هاتنیان دوورە و باس کردنی کاتێکی دیاری کراو بۆ کۆتایی هاتنیان دەچێتە پێشبینیەکی ناواقیعی، کە لە ئەنجامیشدا ڕاست دەرناچێت[١٨٤].

١٨٤- گۆڤاری دیپلۆماتیك مەگەزین http://www.diplomaticmagazine.net/politics/1658

## ڕێنماییەکان:

١. گەشەپێدانی ئەو ناوچانەی کە بەردەوام و بە بەدرێژایی دەیەکانی رابردوو فەرامۆشکراون، کە بۆتە هۆی ئەوەی گیرۆدەی هەژاریو بێکاریەکی زۆر ببنەوە، بێگومان لەم کاتەدا ئەم شوێنانە دەبنە ژینگەیەکی لەبار بۆ دروستبیوونی گەشەی تیرۆر و توندڕەوی.

٢. پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیو ئەمنیەکان لەناوچەکانی تیرۆردا، بۆئەوەی ئاراستەکانی توندڕەوی و تیرۆر تیایدا کۆنترۆڵ بکرێت، بۆئەمەش پێویستە پەرە بە خزمەتگوزاریەکانی ئەم ناوچەیە لەڕووی ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و خوێندنەوە بدرێت.

٣. پەرەپێدانی سیستمەکانی فێرکردنو خوێندن، بەشێوەیەك بەشدار بێت لە بنیاتنانی چەمکە دروستەکانی ئاین و ژیان.

٤. گرنگیدان بەلایەنە روناکبیریەکان و بنیادنانی بەهای کەلتوریی، کە لێبوردەیی بهێنێتە ئاراوە و تیرۆر بخاتە لاوە، کە جەخت لەسەر پرەنسیپی باڵای ئیسلامی بکاتەوە کە دەڵێت: "بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە کە حەز دەکەیت مامەڵەت لەگەڵدا بکەن"، گرنگی دانی ئەم لایەنە لەڕێگەی هۆکارەکانی بینراو

و بیستراو و خوێندراوەکانەوە دەبێت، هەروەها لەمیانی کاروانەکانی هۆشیاریکردنەوە دەبێت، کە پێویستە کتێبخانەو وانەو سیمینارەکان بگاتە ناوچە دوورە دەستەکان.

٥. پەرەپێدانی شێوازەکانی روبەڕوبونەوەی ئاینی لەڕێگەی زانایانی ئاینیەوە، کە خاوەنی ئامادەبونێکی جەماوەریی بن، توانای روبەڕوبونەوەی ئایدیا هەڵەکانی تیرۆریان هەبێت.

٦. چڕکردنەوەی بەرنامەکانی لاوان لەڕێگەی کەناڵە شەرعیەکانەوە، ئەو کەناڵانەی نەچپێنن بە گوێی لاواکاندا و زۆریان لێناکەن، ئامانج لەمەش بۆ ئەوەیە تەقینەوەی خود یان سیاسی لێنەکەوێتەوە.

٧. جەختکردن لەسەر پابەندبونی دەوڵەتانی عەرەبی بەشەرعیەتی ئیسلامیو یاساییەکانیەوە، کە خۆی لە رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و لێپێچینەوە بۆ ڕێگری کردن لەئەنجامدانی تاوان دەبینێتەوە، هەروەها پێویستە ڕێکارەکانی پێشوو (کە باسمان کردن )بگیرێنە بەر، کە کۆنترۆڵی تاوان و دادگاییکردنی تیرۆریستان لەبەردەم دادوەرێکی (القضاء)ی ئاساییدا لەگەڵ تەرخانکردنی بازنەی قەزایی (دوائر قضائیة) بۆ خێرایی روانین بەکەیسەکاندا دەگرێتەوە.

٨. هاندانی هاوڵاتیان بۆ ئەوەی لەگەڵ دەزگاکانی بنبڕکردنی تیرۆردا هاوکاری بکەن، پێویستە هاندانەکە پاداشتی ماددیو مەعنەویش بگرێتەوە.

٩. هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵیو بەرتیل و قۆزتنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ مەبەستی کەسی، بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، هەروەها پێویستە ئەو شێوانەی تری لادان کە جەماوەر دەهەژێنێت، تیرۆریستانیش دەیقۆزنەوە لەوروژاندنی هاوڵاتیاندا بنبڕ بکرێت.

١٠. پێکهێنانی لیژنەیەکی نیشتمانی بۆ لەناوبردنی تیرۆر، کە پێکهاتبێت لەنوێنەرانی دەزگا تایبەتمەندەکان، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و ئاراستەکردنو هەماهەنگیی نێوان ئەو دەزگا جۆربەجۆرانە بگرێتە ئەستۆ.

١١. پێکهێنانی یەکەیەکی تایبەتمەند و پسپۆڕ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەکارە تیرۆریستیەکاندا، شیکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنیان لەگەڵ دەزگا ئەمنیە پەیوەنیدارەکانی دیکەدا.

١٢. دروستکردنی یەکەیەکی تایبەت بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، کە خاوەن لێهاتویەکی باڵا بێت، هەروەها ئامادەکارییەکی گونجاو بکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کارە تیرۆریستیەکاندا.

# کۆتایی و دەرئەنجام

تیرۆر چەمکێکە بۆ هەر کارێکی توندوتیژی بەکاردێت، کە لەلایەن ڕێکخراوێك یان کەسێك یان گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت، کە ئامانجی تێکدانی ئەمنی وڵاتێك یان گەیشتن بە ئامانجە سیاسیی و تایبەتیەکانە، یان بە مەبەستی گۆڕینی حوکمی وڵاتێك پەنا بۆ ئەو کارە دەبرێت.

مرۆڤایەتی بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان، بە شێوەیەك لەشێوەکانی تیرۆری بەخۆوە بنییوە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە وەك چەمك، مێژوونوسان پێیان وایە تیرۆر لەگەڵ شۆرشی فەرەنسی سەری هەڵداوە، ئەو کاتەی ئەوروپا بە گشتی و فەرەنسا بەتایبەتی بە بارێکی قورسی سیاسیدا تێدەپەڕی و حکومەتەکانیش دژی هاوڵاتیان ترس و تۆقاندنیان بەکاردەهێنا، ئەو کات چەمکەکە بە( ترساندنی حکومەت – government by intimidation) ناوزەند دەکرا، بەڵام بە کردار مێژوویەکی درێژی هەیە و ناتوانرێت کاتێکی بۆ دیاری بکرێت، بەهۆی ئەو مێژووە درێژاییەوە ئێستا تیرۆر پانتایەکی فراوانی لە سەرانسەری جیهاندا داگیرکردووە، هەموو جۆرەکانی بەپێی مەبەست و بەرژەوەندی بەکاردەهێنرێت.

هۆکار گەلێکی زۆر هەن بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تیرۆر، کە لەوەیە بەهۆی فاکتەری سیاسی یان ئایدۆلۆژی بێتە ئاراوە، گومانیشی تێدا نیە، کە فاکتەرە سایکۆلۆژیو تەکنۆلۆژیو ئەمنیەکانیش رۆڵی ئاشکرایان لەبڵاوبونەوەی تاوانی تیرۆردا هەیە.

تیرۆر خاوەنی چەندین چەمکی جیاوازە، بە پێی سەردەم و بۆچوونەکان دەگۆڕدرێت، لەسەردەمی ئیسلامدا وشەی تیرۆر لەخودی خۆیدا وشەیەك بوو، کە مشتومڕێکی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە ئەم وشەیە لەڕووی ئینتیمای کەلتوریو ئاینی کەسەکەوە خاوەنی چەندین واتای جیاواز بوو، بەڵام لە قورئانی پیرۆزدا بە واتای ترساندنی دوژمنانی خودا دێت، وەك لەم ئایەتدا دەفەرمووێت: (واعدوا لهم ماستطعت من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدد الله وعدوكم) (الانفال ٦٠).

بەڵام چەمکی ئێستای وشەکە، ئەوەی کە ئاژانسەکانی هەواڵی خۆرئاوا بەکاریدەهێنن بریتیە لەهەر کارێك کە توندوتیژیو هێز دژی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکاربهێنێت، ئامانجیشی لاوازکردنی گیانی مەعنەویی دوژمن بێت لەڕێگەی تۆقاندنی مەدەنیەکانەوە.

تیرۆر کێشەیەکە کە ئاوێتەی رەهەندی سیاسیو ئابوریو ئاینیو کەلتورییە، سەرەڕای ئەو کێشە زۆرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی

تیرۆر، وەك داگیرکاری و جیاکاریی رەگەزییو کێشەی کەمینەکان، روبەڕوبونەوەی تیرۆر پێویستی بە گرتنەبەری ستراتیژێکی گشتگیر هەیە، کە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەم رەهەندانە بەیەکەوە لەخۆبگرێت، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان داببرێت، هەروەها پێویستە سەرجەم دەوڵەتان هاوکار بن بۆ لابردنی مەترسی تیرۆر و سزای ئەو دەوڵەتانەش بدەن کە پشتگیری لێدەکەن.

هەروەها پێویستە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکاندا، گرنگی بەبەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی بدرێت بۆ بنبڕکردنی تیرۆر، بەئامانجی بەستنی رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی کە پێناسەیەکی تێرو تەسەل بۆ تیرۆری نێودەوڵەتی بگرێتە خۆی، بەشێوەیەك رێگریی بکات لەپارەدارکردن یان یاریدەدانی تیرۆریستان یاخود دالدەدانیان.

هێشتا ئومێدێك هەیە بۆ لەناوبردنی دیاردەی تیرۆر، کە ئەمەش بە هاوکاریی ئەمنیی لۆکاڵیو هەرێمیو نێودەوڵەتی دێتە کایەوە، نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە دیاردەکە زۆرێك لەدەوڵەتە عەرەبیەکانی ترساندووە.

لەکۆتاییشدا سنوردانان بۆ دیاردەی تیرۆر، خوازیاری بەخشنیی بڕی زیاتری ئازادیو دیموکراسی و رەخساندنی هەلی زیاترە بۆ هێزە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها هۆکارەکانی راگەیاندنیش لە کاتی

باسکردنی ڕووداوە توندوتیژییەکاندا، پێویستە وردەکاریی ڕەچاو بکەن و پەلە نەکەن لەئاراستەکردنی تۆمەتبارکردنی بێ تاوانەکان.

هەروەها دەوڵەت دەرفەت بڕەخسێنێت کە خەڵکی بە ئاسانی و بێ ترس داواکانیان بخەنەڕوو، لەوەش زیاتر ئاسانکاری بکات بۆ هێنانەدی ئاوات و داواکانیان، پەلە بکات لەپێدانی ماف بەهەموو خاوەن مافێك و پابەند بێت بەیاساوە.

پێویستە لەسەرمان ئەوە لەیاد نەکەین، کە ئیسلام دژی توندوتیژییە، بانگەواز بۆ گفتوگۆ دەکات، نەك بە تەنها لەنێوان مسوڵمانانیدا، بەڵکو لەنێوان مسوڵمانانو خاوەنانی ئاینەکانی دیکەیشدا، بۆ ئەمەش دەتوانین بەم ئایاتە ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە دەفەرموێت: (قل يا اهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم الا نعبد الا الله ولانشرك به شيئا ولايتخذ بعضنا بهضا اربابا من دون الله) (ال عمران، ٦٤).

هەروەها ئیسلام زمانی گفتوگۆی نێوان مسوڵمانانو ئەو کۆمەڵانەی دیاری کردووە، کە بەرگی ئاینیان پۆشیوە (بەناوی ئاینەوە کردەوەکانیان ئەنجام دەدەن)، لێرەدا داوا لەدەستەی گەورە زانایانی ئیسلام دەکات، کە بەوردیو رونیو یەکلاکەرەوە هەوڵی دیاریکردنی چەمکەکانی وەك (جهاد) و چەمکی (بدعه) و

(کفر) و (تغیر المنکر) بدەن، چونکە تێنەگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەم زاراوانە بە گرنگترین پاڵنەری تیرۆر هەژمار دەکرێت.

ئیسلام ئاینی لێبوردەییە، بەڵام بانگەواز بۆئەوە نەکات کە تەسلیمی ستەم ببین، بەڵکو بۆ لابردنی ستەم و توندوتیژی داوای پەنابردن بۆ رێگا شەرعیەکان دەکات.

ماوەتەوە بڵێین تیرۆر نیشتمان و ئاینی نیە، لەهەمو شوێنێکی جیهاندا کە هەلی بۆ ڕێك بکەوێت تاوانی خۆی ئەنجامدەدات، جا ئەو شوێنە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا، یان باکور یان باشور بێت، ئەم تیرۆرستانە لەنێوان موسڵمانان و مەسیحی و ئاینەکانی دیکەی وەك بوزییەکانیشدا بوونیان هەیە.

رێکخراوی تیرۆریستی کۆمەڵگەیەکی تاوانکاری داخراوی هەیە، کە هەزاران تیرۆریست لەخۆ دەگرێت، کە سەرکردەکانیان ئەقلّ و هۆشیان شۆردونەتەوە، وەهایان تێگەیاندوون کە رێکخراوەکەیان (کە لە بنەڕەتدا ڕێکخراوێکی تیرۆرستیە)لەسەر حەقە ئەوەی لەدەرەوەی ئەوانە هەڵەو تاوانبارە، هەروەها ئەوان بۆ شۆردنەوەی مێشکی ئەندامەکانیان دەڵێن حکومەت شەرعیەتی خۆی لەدەستداوە، لەبەرئەوەی بەفەرمانی خوا حوکم ناکات.

رێکخراوە تیرۆریستیەکان رێکخراوێکی دیکتاتۆریین، فەرمانی سەرکردەکانیان بێ چەندو چون جێبەجێ دەکرێت و ئەندامەکانیشی بەرەهایی ملکەچن بۆی، سەرەڕای هەمووئەمانەش، گروپە تیرۆرستیەکان گرنگی بەئامادەکردنی کادرەکانی دەدەن، بۆ ئەو شوێنانەی بەتاڵن بە ئەندامەکانیان پڕیان دەکەنەوە، بۆ ئەمەش پەنا بۆ کوشتن و ڕفاندن و دەستگیرکردن دەبەن، ئەم دیاردەیە زیاتر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەهۆی خراپی فەرمانڕەوایەتی و جەنگەوە بەدی دەکرێت.

# سەرچاوەکان:

– القرآن الكريم.

– د.احمد حسين سويدات: الإرهاب الدولي في ظل المتغيرات الدولية، منشورات الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٥.

١. د.احمد محمد عبدالوهاب: الجريمة السياسية من نطاق التجديد القانوني الى مجال التطبيق العملي، مركز الحضارة العربية، القاهرة، ٢٠٠٣.

٢. د.احمد فلاح العموش: أسباب انتشار ظاهرة الإرهاب، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ١٩٩٩.

٣. احمد جلال عزالدين: الإرهاب والعنف السياسي، دار الحرية، القاهرة، ١٩٨٦.

٤. احمد البدر: الاتصال بالجماهير والدعاية الدولية، دار القلم، ١٣٩٤، الكويت.

٥. اسامة احمد شتات: قانون العقوبات المصري، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٤.

٦. احمد فتحي سرور: المشكلات الامنية المعاصرة للسياسة الجنائية، مطبعة جامعة القاهرة، ١٩٨٣، القاهرة.

٧. احمد شلبي: الفئة الطائفية والتطرف في المثقفون والإرهاب، الهيئة العربية للكتاب، ١٩٩٣، القاهرة.

٨. اسماعيل الصبري قعلد: العلاقات الدولية، اصولها، مكتبة عين الشمس، القاهرة، بلا تأريخ النشر.

٩. د.ادونيس العكرة: الإرهاب السياسي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٣، الطبعة الثالثة.

١٠. د.امجد جلال: الإرهاب والعنف السياسي، دار الحرية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٨٦.
١١. د.الياس فرح: تطور الايدولوجية العربية المعاصرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط٢، ١٩٨٦، ص٩.
١٢. د.امام حسانين عطا الله: الإرهاب البنيان القانوني للجريمة، دار المطبوعات الجامعية، مصر، ٢٠٠٤.
١٣. د.بارعة القدسي: المحكمة الجنائية الدولية، طبيعتها واختصاصاتها، مجلة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد٢، العدد الثاني.
١٤. ثامر ابراهيم الجمهاني: مفهوم الإرهاب في القانون الدولي، دار حوران للطباعة والنشر، دمشق، بلا تاريخ النشر.
١٥. جون ادي: المعلم في مواجهة المخدرات، مكتب التربية الغزلي لدول الخليج العربية، ١٩٩١، الرياض.
١٦. حليم بركات: المجتمع العربي المعاصر، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩١.
١٧. حسين عبدالحميد رشوان: التطرف والإرهاب من منظور علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الرياض، ١٩٩٧.
١٨. حسين علي الرفاعي: التنشئة ودور الاسرة في الوقاية من الانحراف، مجلة الفكر الشرطي، المجلد الثالث، العدد الرابع، ١٩٩٥، الشارقة.
١٩. حمد عبدالكريم نافع: الامن القومي، دار الشعب للنشر والطباعة، ١٩٧٥، القاهرة.

٢٠.ذياب البداينة: الثقافة الاجتماعية والتحصين الاجتماعي ضد الجريمة، مجلة الفكر الشرطي، المجلد السابع، العدد الثاني، الشارقة.
٢١.د.رجب عبدالمنعم متولي: الإرهاب الدولي واختطاف الطائرات في ضوء القانون الدولي المعاصر، دار النهضة المصرية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٢، ط٢.
٢٢. الرازي: مختار الصحاح، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨١.
٢٣. زكريا أبو دامس: اثر التطور التكنولوجي على الإرهاب، عالم الكتب الحديث، الاردن، ٢٠٠٥.
٢٤. سمير الجسر: الارهاب والمقاومة بين الشريعة والقانون، مجلة الدرسات القانونية الصادرة عن جامعة بيروت العربية، العدد الاول، سنة ٢٠٠٣.
٢٥. د.سامي جاد عبدالرحمن واصل: ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، الناشر منشأة المعارف، مصر، ٢٠٠٣.
٢٦. شاكر عبدالحميد: المخدرات وآثارها السيئة من الناحية العلمية، مكتب التربية العربية لدول الخليج، ١٩٩٣، الرياض.
٢٧. صحيح المسلم ١٢/ ٤٨٣ كتاب الامارة.
٢٨. صحيح البخاري: الجزء الثاني.
٢٩. د.عزيز شكري: الإرهاب الدولي، دار العلم للملايين، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩١.
٣٠.د.عصام عبدالفتاح عبدالسميع: الجريمة الإرهابية، دار الجامعة الجديدة للنشر، مصر، ٢٠٠٥.
٣١. د.علي بن فايز الجحني: الارهاب، الفهم المفروض للارهاب المرفوض، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ٢٠٠١م.

٣٢. د.عبدالوهاب القيسي، تأريخ العالم الحديث، الطبعة الاولى، جامعة الموصل، ١٩٨٣.

٣٣. د.عبدالنواب معوض الشوريجي: تعريف الجريمة الارهابية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٣.

٣٤. د.علاءالدين الراشد: الامم المتحدة والإرهاب، قبل وبعد ١١ سبتمبر، دار النهضة العربية، ٢٠٠٥.

٣٥. عزت سيد اسماعيل: سيكولوجية الإرهاب وجرائم العنف، منشورات ذات السلاسل، ١٩٩٨، الكويت.

٣٦. د.عبد الاله محمد النواسية: الجرائم الواقعة على أمن الدولة في التشريع الاردني، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٥.

٣٧. عبدالناصر حريز: الإرهاب السياسي، دراسة تحليلية، مكتبة مدبولي، ١٩٩٦.

٣٨. علي عبدالحليم محمود: الغزو الفكري، دار البحوث العلمية، ١٣٩٩ هـ، الكويت.

٣٩. علي فايز الجحني: اضواء على الاتفاقية العربية لمكافحة الإرهاب، مركز الدراسات والبحوث، ١٩٩٩، الرياض.

٤٠. عزت غيث: قانون العقوبات الاردني، دار قنديل للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥.

٤١. فرهاد دفتري: خرافات الحشاشين واساطير الاسماعيلين، ترجمة سيف الدين القصير، دار المدى للثقافة والنشر، بيروت، ١٩٩٦.

٤٢. د.فرغلي علي تيسن: تأريخ اوروبا الحديث المعاصر، جامعة العلاقات الدولية، بلا تأريخ النشر.

٤٣. د.محمد مؤنس محب الدين: الإرهاب، مكتبة الانجلو المصرية، بلا تاريخ النشر.

٤٤. محمد وجدي بكر الدباغ: الايدولوجية الصهيونية واسرائيل، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٨٩.

٤٥. د.محمد عوض الترتوري: علم الارهاب، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٤٦. محمد سماك: الإرهاب والعنف السياسي، دار النفائس للطباعة والنشر، ط٢، بيروت، ١٩٩٢.

٤٧. د.محمد فتحي عبد: الاساليب والوسائل التقنية التي يستخدمها الإرهابيون وطرق التعدي لها ومكافحتها، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ٢٠٠٥.

٤٨. د.محمد فتحي عبد: واقع الإرهاب في الوطن العربي، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ١٩٩٩، ص ٤٧.

٤٩. المنجد في اللغة والاعلام، دار المشرق، بيروت، ط٢٧، ١٩٨٦.

٥٠.د.محمد فتحي عبد: الاجرام المعاصر، مطبع أكاديمية نايف العربية للعلوم الامنية، ١٤١٩هـ، الرياض.

٥١.د.محمد عبدالمنعم عبدالخالق: المنظور الديني والقانوني لجرائم الارهاب، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٩.

٥٢. د.محمد فتحي عبد: جريمة تعاطي المخدرات في القانون المقارن، اكاديمية نايف للعلوم الامنية، ١٩٩٨، الرياض.

٥٣. محمد عمر مدني: العلاقات الدبلوماسية، معهد الدراسات الدبلوماسية ١٤١٠هـ، الرياض.

٥٤. نعمة علي حسين: مشكلة الارهاب الدولي، دار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.
٥٥. نزيه نعيم شلال: الارهاب الدولي والعدل الجنائية، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان، ٢٠٠٣.
٥٦. تقرير لمنظمة العفو الدولية خاص بالحادث على الانترنيت، (www.amnisty.orga arabic).
٥٧. أنظر اعلان مؤتمر الامم المتحدة السادس لمنع الجريمة ومعاملة المجرمين، كاركاس، فنزويلا، ١٩٨٨، وثائق المؤتمر.
٥٨. انظر نص قانون مكافحة الارهاب الكردستاني، رقم ٣ لسنة ٢٠٠٦، والمنشور في نشرة الاتصالات المركزية، عدد يوم ٢٠٠٦/٧/٤.
٥٩. الوقائع العراقية، العدد ٤٠٠٩، السنة السابعة والاربعون، والصادرة في ٩ تشرين الثاني ٢٠٠٥.
٦٠. الموسوعة العربية العالمية، ج١.
٦١. Oxford advanced Lerner, dictionary, 1997, P 123.
٦٢. الموقع الامم المتحدة على الانترنيت: www.un.arabic.org قرار ٦٠/٤٨ الصادر في ١٩٩٥/٢/٢٧ خلال الدورة التاسعة والاربعون (A/٤٩/٧٤٣).
٦٣. ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین http://www.diplomaticmagazine.net/politics/1658
٦٤. ئاوارە حسێن، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم ٢٠١٧.

٦٥. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان لە مێژوودا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی٢٠١٨.
٦٦. هەژاری عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم ٢٠٠٦.
٦٧. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، ژنانی ئێزیدی وەك کەنیزەك، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٦.
٦٨. د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە نێودەوڵەتی کردنی (کورد بە نموونە) سلێمانی ٢٠١٣.
٦٩. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، شەنگال لەبەردەم فەتوای ئایینییەکان و شالاوەکانی داگیرکاریدا (١٢٥٤–٢٠١٤)، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٨.

## نوسەر لە چەند دێرێکدا:



- صالح عثمان خضر.
- ڕۆژی لە دایك بوون: ١٩٧١/٧/١ (ڕانیە/ چوار قوڕنە).
- بڕوانامەی بکالۆریۆس ئاداب/ زمانی کوردی (زانکۆی صلاح الدین ١٩٩٤).
- خولی ئەفسەرانی باڵا ١٩٩٧
- بەکالۆریۆس یاسا (زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٣)
- بڕوانامەی ماستەر لە بواری تیرۆری نێودەوڵەتی (بەغداد ٢٠٠٦)
- سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (ساڵی ١٩٩٥).
- ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (ساڵی ٢٠١٠ تا٢٠١٩).
- ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
- لێپرسراوی بەشی پاسپۆرت و مانەوە (١٩٩٩-٢٠٠١)
- جێگری بەڕێوەبەری پاسپۆرت و مانەوە (٢٠٠١-٢٠٠٧)
- بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی (٢٠٠٧-٢٠١٥)
- بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای سلێمانی (٢٠١٥ تاکو ئێستا)
- شارەزایی لە زمانەکانی (عەرەبی و فارسی) هەیە.
- خاوەنی کتێبی دیپلۆماسی (بنەما - گەشە- هەنگاوەکان)ـە
- بۆ پەیوەندی: ئیمێڵ salihbabany@gmail.com